# بوخچە کراوەکانی ئاو

**سەردار جاف**

٢٠٢٢

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **بوخچە کراوەکانی ئاو** (دەقی ئەدەبی)

- سەردار جاف
- نەخشەسازی ناوەوە: فەهد شوانی
- بەرگ: ژیوا
- نرخ: (٤٠٠٠) دینار
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: ئازادی (هەولێر)
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٦٨٤)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێ دراوە.

**زنجیرەی کتێب (١٠٨٣)**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

پێشکەشە بە:

## سێوەکانی کەنار زرێبار

# بوخچەی باران

# شیعر زادەی ونبوون

شیعر مینا ئەندێشە لە پانتایی هزردا لە جوڵەی بەردەوامە لای شاعیر، ئەو خەیاڵە بۆی ناکرێ لە ناخی کپ بووندا درێژە بکێشێ و بۆ ئەبەد خۆی ون بکا، بە هەر جۆرێ بێ دێتەوە بەر دید، کەواتە ناتوانێ خۆ قەتیس و مەڵاس بدا، ڕووتبوونەوەی خود لە نێو دەریای پانتایی وشەدا، گەمەیەکە هەموو تاکێك ناتوانێ پەی پێ ببا یان لە هونەری شیعریدا بیخاتە ڕوو.

شەرمکردن لە ئاست ڕابردوو و گەڕان بە دووی خودی یەقین، ئەو یەقینەی بەردەوام لای هەر تاکێکمان غیابی هەیە، ئاخۆ کەنگێ و چۆن دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ بوون، جێی شك و گومان نییە کە ئەو ونبوونە دەبێتە مایەی گێل بوون و خۆ بە کەم بینین لە نێو کۆمەڵ، لە منی تەنیا ، تەنها شیعر بووە ئالودەبوونی جووتگەراییم، ئەم دەقە شیعریانەی ئەگەر بیخوێننەوە خۆی لە خۆیدا کەولکردنی ژانرە هەستیارییەکانمە، ئەو ژانرەی دنیای تەنیایی و ونبوونمی تێدا سیخناخ کراوە، بە جۆرێ سەرباری

چەپۆکی سەردەم، نەبوونی کتێب و غیابی خولیا بوونیش بۆ سۆراغی، سەراپا گریانێکن بۆ ڕابردوو،گریانێك شەرم لە بانگ و سەڵای غەریب بوونی ئەبستمۆلۆژی دەدا. ئێمەیش وەك هەر تاکێ کوڕی ڕۆژگار و سەردەمی خۆمانین، لە خەرەندی مەرگ گیرسانەوە و هەستانەوەمان بەدی کرد و کۆڵمان نەدا، لە نەبوونەوە گەڕاینەوە بۆ بوون، کە مەرگ تەنگ بە مرۆڤ هەڵدەچنێ، ڕاڕایی و ئازاری دڵ جاڕدانی سڕینەوەی مرۆڤە، وەك لە فەلسەفەی هایدگەردا دەڵێ ((ڕاڕایی مرۆڤ لە کۆتاییدا بە مەرگ مەحکومی دەکا)) لەو مەحکومییەتەوە گەڕاومەتەوە، جا نەمازە کە مرۆڤ لە سارایەکی تەنهایی گیر بخوات و هەستانەوەی دارەدارەی زەحمەت بێ، ئەو دەمانە توانا و هێزیشی تێکدەشکێ و دادەڕووخێ، دەکرێ بگوترێ لەو دیو مەحاڵەوە مرۆ پەی بە گەڕانەوەی ژیان دەبا، ڕێك لە دێوجامەی ئەو وتەیەدا دەخولامەوە کە دەڵێ : ((ڕاڕایی چییە جگە لە ترسێکی ڕەها نەبێ لە هەمبەر ڕووتبوونەوەی ڕەهادا)) ، داماڵین لە خود زەمەنێکی زۆری کێشا، هێشتانیش بەردەوامە وەلێ بە نیوەچڵی بە واتا ڕاڕاییەکان هاتونەتە نیوەی پڕ، ئەم نیوەی پڕە بە مەبەستە ئەوەی کە مەرگی یەقین جارێ دوور کەوتۆتەوە، وەلێ تەنهایی هێشتان

دەمخواتەوە، لە نێوان ئەو گێژاوەی (( مەرگ و مانەوە)) یەدا – مەرگ لە سەر باڵی ڕەشەبا – و – ئەوینێك لە غوربەت– دوو بەرهەم بوون ئەگەرچی ناکامڵیش بن ، ئەوە بوو بە گوێی ڕەقیبی چرپاند نوسین بەرۆکم بەر نادات و هەر دێمەوە، وەلێ خوێندنەوە لە ئاسۆی ئاوابووندا بوو، هەروەك گوتم نەبوونی کتێب داخستنی دەرگاکە بوو، لێرەدا دوای ئەم ئەزمونە سەختە گەیشتمە ئەو یەقینە کە خودان بیری قەڵەم و ئولفەتگری ڕەسەن و ڕاستەقینە نامرێ و دەگەڕێتەوە بە مەرجێ بۆ خۆی خاوەن بیر و ئەندێشە و ڕێچکەی تایبەت بە نوسینی خۆی بێت و دروستکراو نەبێت، بە فراوانی بیر و هزرتان و گەورەیی خۆتان بڕواننە ئەم شیعرانە ، کە زادەی ئەو زەمەنە تاڵەی ژینمن.

**سەردار جاف**

٢٠٢٢/١/١٢

# دوێنێ

لەو دیو دەرگای با ی جوانیا
باوەشێ پڕ، خەجاڵەتی ڕووتم بینی
قەف قەف مژی لە دووکەڵ دا
بە فتیلە ڕۆشنەکە
نغرۆی گومانێ نوێم دەکەی
ئەی ساباتی دوێنێی ئەبەد
هەموو بارینێکی بەفر ماچەکانمان سپی ڕەنگ بوون
لە تاڤگە ڕوونی کاڵباکن
لێوەکانت لە پرچی وەریوی تەڕا بێ خەم مردن
بە نهێنی و لە پشت باوە
شەقاو شەقاو دڕکی مردووت ئاو دەداوە
بەرەو مەرگی پەنجە توتەی تێکئالاوی کەیف دەبەی
هەناسەم لە مانگ تۆراوە
ڕۆحم میوانی تابووتە

ئەم دیو و ئەو دیوی رۆژیش شیوەنێکە

ئەو دەمانە

تۆوی ژیلەمۆ دەچێنی و

ئاوا دەچزێ بە بن پێما

تەنیایی یەخەی گرتووم

هەرگیز لە من وەڕس نابێ

رۆح مۆمێکی تواوەیە و

مۆمدان لە خۆیدا ڕایناگرێ

ژوانەکان .....

هەر هەموویان ..........

ساختە و درۆ و دوو روویی بوون

تیر و شیر و بۆسەیەك بوون

دەتهاویشتن

مینا بۆمبێ بە سەر ڕێما

٢٠٢١/٨/٣٠

Bad Camberg

# وەهم

با هەر وابێ ڕستەی ئەوین
وشە ڕاستگۆکان بکوژێ
بازاڕی میکاب و ڕەعنا
لە ئەندێشە بە با بکرێ
ئەو دەمانە
من و ژوان .....
درۆ و وەهم
هەموو لە ڕاستە ڕێی یەکین
بە سەر چوار پەنجەی مەمکەوە
لەو دیو سنووریش خێوەکان
بە ئازاری دوو گیانەوەن
بۆ ناشتنی تەرمی یەقین

********

من لە خەراباتی حاڵم

مەیگێڕی مەیخانەم و
تەواڤی مەستی گرتوومی
شورەییە پاکیزەیی
بە کوڕێژگە بسپێردرێ
کەچی دەمامکی جەژن
خەون و حەزی ڕەنگەکانمە
فریوت دام
لە درزی نیگای کاوتدا
لە پیاسەی گوڵاوپرژێن
کەیف و بەزمم بە نێو ڕاڕاییت تەی دەکا
خۆت دەزانی
وڕ و گێژم بە نێو پەیمانە دەریادا
نها لوتفێ ، بزە و خەندە و ئاوڕێکت
هەتوانی ئافاتی گیانمە
********
ئەی خودایە
پەرێشانی وێرانە ڕێم
خەیاڵ لەو دیو وێنای پرچی خاو ونبووە
دڵڕەقانە

له قوڵپی سۆز و ژانەوە
له خەرەندا هەڵدێراوم
هەناوی تاڤگەی گروورود
ئێسك و پروسك تێك دەشكێنێ
پەیمانە ڕۆژ
له ڕۆخی قەڵای شارەوە
ڕووە و شێخەڵا و سیروان و باتە هەنگاوی خۆی دەنێ
دەنکە تەسبیحی بێوەری پەخش دەکا
چاو و ئەوکی هەنسکباوی
دەبارێنێ لێزمەی بە خوڕ سێڵاو ئەشکێ

★★★★★★★★★★

هەموو رۆژێ
خۆر له زرێبار هەڵدەکشێ
هەر بە دەستنوێژی ئیشقەوە
ماڵئاوایی له ئاو دەکا
دەبێتە تریفەی مانگ و
گوڵە گەنم سێو دەگرێت و
هاوتای ڕۆحی پاکانەییم دەیسازێنێ
ئاونگی دەمە و سپێدە

گەرمی هەناسەی لێ دەتکێ
شەرم دەیخوا
بە نێو جۆباری ئەوینما نێڵە دەکا
لە دوا ساتا
گەردانەی گەردنی ڕەونەق
بسکی سێوی تێکچڕژاو
سۆمای نیگام دەسمێنێ

★★★★★★★★★

وا مەیخانە خانەی دڵمە
ئەی شەرابی هەناری حەزی بەد ڕەفتار
پێنج فەرزەی ئیشق تۆبەت دەکەم
چارەم چییە ئەی کردگار
لەبزی سوبحی تۆیە گوڵم
ئەی دار سێوی تۆز و غوبار
بە سەر لێوم ماچی لێوت هەڵبنیشێ
قەت ئیتر من نابمە دەروێش
بۆ زیکر و حاڵی تۆبەکار

Bad Camberg
٢٠٢١ . ٠٦ . ٢٨

# وڕێنە

لە دوێنێوە
شەش ساڵە خۆم ون کردووە
قەڵەم خانەی خوێنم دەخوا
کە لە شیعر یاخی دەبم
نازانم گێژم یا سەرکێش
یا دیدێکی تەمتوماویم
وڕێنەکانم پێ دەگرن
کۆیلەم مەکە
کەمێ کاتم پێ بدەوە
خەسڵەتێکی خۆرسکیم و
لە نێو شارا لە دایك بووم
نها یاخی و
هەنگاوم ئولفەتی دەشت و ڕێ شاخاویم
.........................

وا شێواوم ... نازانم چۆن
لە گێژەڵوکی دۆراندۆر قورتارم بێ
هێندە دەڕۆم
زۆر شەکەت و ماندووی ڕێگام
کەچی هێشتان لە جێی خۆمم
بشێ زوو لەم پێکوتەیە
ڕزگارم بێ
تیڤییەکەم پێکردووە و سەیری ناکەم
شنەی گۆرانی وتنمە و
ڕێژنەی فرمێسك هەڵدەڕێژم
پێ دەچێ ئافاتی گێژبوون
بێدارم بێ
.............
من دەمەوێ هەموو کار و شتێ بکەم
وام تێ مەگە کە تەمبەڵم
بە مەیلی تۆ بدەم هەوڵم
حەزم بە نێرسیسییەت نییە
بوومە یاخییەکی سەرکێش
دەریایەکی هار و هاج و

من ئامێزی ئاو و سەوڵم
نازانم بۆ .......... !! ؟
دەبەنگێکم لەم دونیایە حاڵی نابم
هەر دوای خاڵ دێمە سەر دێڕ
پاش هەر ڕستەیەکی شێواو
سەرکێشییەکی زۆر دەکەم
هەتا سێ بازەی لۆقمە
بە سەر لاشە و پێست و کەوڵم
..............................
کە سۆراغی دۆزینەوەی خۆیشم دەکەم
زەنگی مۆبایل لێ دەدەم
قسە ناکەم
بیرم دەچێ سەعات چەنە
کە سەیری کاتژمێر دەکەم
هەموو سپێدەیەکی ڕوون
زەنگی هۆشیاری ڕادەگرم و هەڵناسم
لە نێو جێیا گێرە دەکەم
.......................
پیس و پۆخەڵ و لەوتاوم

تەنها لە ئاكارا نەرمم
بمدۆزنەوە
من لە چ خاڵی گۆی زەویم
دەچمە ئاگردانی تەنوور
کە دەردەچم
هەست بە شۆك بوونی خۆم دەكەم
هیچ بەرز نیم
نە لە ترۆپك و نە لە دامێن
زۆر زۆر نەویم
........................
شەوی درێژ
لە خەونێكی ئاڵۆسكاوا لوول و گێژم
لە ڕوداوی ڕاستی دەچن
بە هێزەوە
دەست بە ریمۆنتەكە دەنێم
كەچی هەر لە بەر چاومدا
پاترییەكان
سست و لاواز و ملكەچن
دەتوانم خۆ فریو بدەم

مەست مەست ببم
بە بێ ئەوەی بخۆمەوە
لێم تێ بگە وڕێنەی چی
لە عەودالی دوێنێدایە و
لە مشتومڕی یەقینە
بۆ وێڵبوونی ڕاستی دەچن
لە سۆراغی راستی دەچن

würges – deutschland
٢٠٢١/٥/٦

# چرۆ

بەر لە ئاو ڕژانی ڕۆحم
کاڵباکن قەڵاو سەنگەری ئەوینم بوو
ژوانێکە
لە دوا تەمەنی ئۆخژنی
لە نیگا پێی دەگاتەوە
بەر لە جاویدانی ئیشق
شەکەت و ماندووی هەورازم
بە تاسەی هەناسەیەکی ئۆخەیەوە
حەسرەتکێشی سەفەری دووری ونبوونیش
بە تۆزی ڕێم ناگاتەوە
بەر لە ڕازانەوەی ئاوەز
بیرم لە،خونچە گوڵێکا بە ئۆقرەیە
تا بپشکوێ چرۆی نوێی ساباتی ژینم
شاڵاوی مەرگ یەخەی بەردام

**حەرفەکانی فریودانیان نامگرنەوە**
**درۆکانیان دەمدزن و**
**لە کفتیدا ئۆغر دەکەن،**
**دەخزێنە نێو تەونی جاڵجاڵۆکەی تینم**
**بەر لە گەڕانەوەی گڕی ئاگری زێدم**
**شەقاوەکان بە شەقامی ئۆسلۆ و بەرلین ڕایی بوونە**
**لە مەجمەری پیرە قەڵا ژوان بەستە**
**ئەمێستاکە...**
**پێڵۆەکانم بە سەوزایی شارا هەڵدێ**
**بە چرۆ ڕوون دەبێتەوە**
**ئاوێتەن لە گەڵ ئاوازی**
**میلۆدیی دیلانی و بەستە**
**بەر لە غلۆر بوونەوەی دڵ .**
**لە ڕاستە ڕێی نۆردڵ سلیت**
**برسی بوونی حەرفەکانم**
**لە کانی ئاشقانی شیعر**
**وشەڕەنگی ناو هەنبانە بۆرینەیە**
**گێنگڵ دەخوا**

شۆخ تەمەنێ لە دەرگای دام

ئاورێژگری کەفوکوڵمە

ڕاکێشەنی قوڵفبەندیم دەترازێنێ

ئەویش نغرۆ و سەوداسەرە

بەرەو خۆیم پەلکێش دەکا

لوولم دەدا ، زرێباری بە ڕەشەبا

٢٠٢٠/٧/٢٠
Bad Camberg. Germany

# سوڕانەوە

لە خولگەی خەم قورتار نابم
ڤالانتاین
دەسرازەی سێ پای جەڕاندووم
ڕامدەژەنێ
پەری لێم بووە سوژن و
مژدەی کاڵباکن نابەخشێ
خەم ژانمە و
لە تاریکی تێمدەژەنێ
بە گێلاخەی زرێبارا هەڵواسراوم
بە نێو چەمی سووورباویا
نغرۆی ساتی غەفڵەتم بوو
بە سێ زێ دا
بەرەو مەنفا شۆڕبوومەوە
دڵویستێکی پەرۆشاوی

له ساراوه چاوساغی ڕێی هەڵەتم بوو
له ئازاری دوێنێم دەگەن
دوێنێی سێ خولگه پێش ئێستا
به سەر ڕۆحی مردووێتیما دادەچۆڕا
خەو شەرابی نارنجی بوو
خەون سەرابێکی سەخت و
لێو له بادە شێواره بوو
مەستبوون مەست بوو
ساقی به جامی پڕەوه لێم دەتۆرا
هەنگاوه لەرزەی ڕێگەمه
گیسن ئاسمانی پڕ خۆر و
گێنگڵمه ...... له سۆراغی
سۆراغی بادەی پڕ له مەی
حەرفێ ژێوانی قەڵەمه
بەرەو خەرەند خۆی دەنووسی
نها سەرەتاتکێی ئۆخەی

Bad Camberg

٢٠٢١/٢/١٤

# بەیانی باش

سپێدەیە و
لە نێو تەمی غوربەتی ئەم تەمەنەدا
ئاونگێکی سەر لێ شێواو و بێ نەوام
لە گەمەی گەڵای گوڵەوە
دەچمە سۆراغ و بەستەڵەك
ببمە درەختی پڕ سێبەر
بۆ پشوو هانای بۆ ببام
ئاای لە وڵاتی بەفرستان
کوا یا من نەمدیوە هێشتا
خۆر لە ئامێزی نیگا بێ و
جەستەمانیش بپروکێنێ
گڕ و تینی بۆ بن سێبەرمان پەلکێشکا
وا ساڵێکە سەفەر بارگەی لوولدراوە
لۆفتهانزایش ناوی منی نەنوسیوە

بۆ دیدارت زامێکی قووڵم سارێژکا

پەنجەرەکانم والآیە

سەرەتاتکێی چۆلەکەکان

بووە چرپەی

قاوەڵتی و ماچ گۆڕینەوە

من و نەسیم و چۆلەکە

بووینە کرێوە بەفرێك و

بە بای کزە

خزاینە ئامێزی شەختە و ناتوێینەوە

ئەم سپێدە

لە گوێسەبانەی رۆحەوە

تارای سپی پۆشی زەوی و ئاسمانی تەم

تابلۆیەکی نهێنیە

بە بەر نیگای کێمانا دێ

خەیاڵدانم شپرزەیە

کە وێنای بەر گاردرمۆین و

خرمژنی ئاوەدانیت بە گوێما دێ

نها دڵم داوە بە با

لە گەڵ شنەی بەیانیا بە تۆ بگا

بەیانیت باش
هەی ئەفسونتر لە ڤینۆس و
ئەی جوانتر لە جوڵەی ماری و
هەی لەنجەتر لە کرێوەی کاتی سەبا

Bad Camberg
٢٠٢١/١/١٠

# چ حەشرێکە

چ حەشرێکە ناو جەرگەی شار
لە پایتەختم
لە هەموو شارانی دونیا
سەدا و لوورەی چۆڵەوانی
خورپەیەکن
بە ناخی مرۆ ڕۆ دەچێ
لە کەناری
هەر دەریا و ڕووبار و شارێ
لە سەر شۆستەی
هەر قەڵایەك
بن دیوارێ
تەرمی فرمێسکێ دەبینم
لە خەندە و پێکەنینێکی درۆ دەچێ
بۆنی بزەی لێوەکانتان

چرپەی پیاسەی خیابان
پرسەی حەسرەتی گرینۆك
ژاوەژاوی نێو بازاڕتان
فتیلەیەکی پڕپۆڵە و
بە سوتماکن
ژەمیٚ پشووی ئامێزی ئیبن مستەوفی
نیگای دووری بازاڕی سپی نیشتیمان
دەستەسڕی ئەشکی چاوانمان هەڵدەخا
کەچی هەستمان
مردووی ژەنەڕاڵی ڤاکسینێکی
نێو کۆرڤاکن
لەو دیو گەلا ڕەنگاڵەکانی بن قەلا
تەسبیحی هەناسەی ئێوە
دەهۆنێتەوە چۆلەکە
ژەندرمە جل بۆرەکانیش
سۆزی ئێوەیان دزیوە و
دان ڕۆ دەنێن بۆ کۆتر و بۆ تەڵەکە
نافورەکانی لای مەچکۆ

**لێورێژن لە وشکاییتان**

**بێ قەڵبەزەی سیحر و جوانی**

**سەمای مەرگە و**

**پەنجەمۆری تەڕی ئێوەی**

**لێ نیشتووە**

**لە باتەوە**

**سەرەتاتکێی سیروان و کۆڵانی کۆنی تەعجیل بکە**

**یا بە بەر قەڵای پڕ دەنگا ڕابمێنە**

**مەحشەرێکی پڕ شیوەنە**

**کەسێ نەبێ**

**شان و ملی قەڵا شێلێ**

**ئاای کە بە هەست و پڕ سۆزن**

**چ ئاپۆڕا و جەنجاڵیتان بۆ ئەم شارە**

**جێ هێشتووە**

Bad Camberg

٢٠٢٠/١/١٣

# دەیجوری لەدایك بوون

ئەم گریانە
گەڵا وەریوەکانی پاییز گڕ دەدەن
ئازارەکان
پانتایی شەوی دەیجوریش
کپ و مەحوو دەکەنەوە
ئەم هەوارە ڕژاوەی شیلەی تاموبۆ
ئافاتێکی بەربڵاوە
بە بەر پەرژینی خاپوورا ڕادەماڵن
لە ڕووباری مەیلەکانم
دەپەڕنەوە
کاتێ کە کاڤاری تەمەن
بە بێژنگی گەوجی و گێلی
سیخناغدراو
تەمتومانی سەر ڕەژووە پێست

دەشێ لە قوڵفدرابێ و
بە ژوانی ئەتك و ڕیسوا هۆگر بووبێ
یاخود نیشتیمانێکی قوڕمسواغدراو
لێوەکانت
بێنە با فوو لە مۆمەکانی من بکەن
کات لە هەشتی بەیانیدا
دەمم بە ماچی سەفەرت سپاردووە
بە بارتەقای
ترپەی ساڵانی هەناسە
لە سەر شەختەئاوی زرێ
دەنك دەنك
خەجاڵەتیم ژماردووە
ژووری مینای کاوڵاشی خەم
بن گڵۆپێ کز و تاریك
دەفتەری بیرەوەرییەکان
پەڕپەڕ دەکەم
نازانم لە کام بن میچی حەرفەکانا
گومەتی مزگەوتی باڵات
دەشێوێنم

به سێلاوی ئەشکاویما
تەڕتەڕ دەکەم
کە تۆیش لێم بووی
بە سەرابە سەر شێتەکەی دراوسێمان
قەت پێت ناگەم
پیتەکانت بوونە فیلمی وروژێنەر
دیقەت دەدەم
چوارپەلێکی تێکشکاو و کۆست کەوتووم و
لێت تێ ناگەم
تۆ دەزانی
زۆر دەمێکە من شەوارەی
ئاوازی پڕ گەرووتم و
بە بێ سەماو لەنجەی پرچت
لەم یەڵدایە
پەرشم دەکەی
خۆ لە خاڵی بوونی خۆما
دەخولێمەوە
قەت خۆم بۆ پر نابێتەوە

کە تۆ هاتی

لە نێو فنجانی چاوتدا

بۆ هەواری عەرشم دەبەی

Würges

٢٠٢١/١٢/١٩

بە بۆنەی ساڵڕۆژی لە دایکبوونم نوسرا.

## ئاونگ

سپێدەیە
تك تك دەتكێی بە سەر ڕۆحی
خەرمانەی دڵی شێت بووما
نمەت ئاشنای پەڕەی گوڵ بوو
یا دیلی نێو داوی ڕاوچی
گلای بە سەر
هەناسەی پەرتبووی تێكچووما
.............................
لە تاریكی شەوڕا هاتووی
دڵم خۆری تیا ڕواوە
بە ئومێدەوە بڕوانە
ژیان پێكەوە تەواوە
...................
پەنجەكانی تۆ ئاونگن

بە سەر ڕایەڵەی نێوانمان
لەنجەیانە
سپێدان بەر لە گوڵ کەوتن
بۆنی سەبای ڕۆژگاریانە
......................
گوڵ و شەونم
دار و گەڵا
هەور و باران
نسرمی شەوی تریفە
پێکڕا لە ژوانی بەیان
چاو و نیگا
دەست و گوشین
هەست و قوڵپ
دڵ وترپە
جاڕدانێکن بۆ گوڵ و سەمای ژیان
......................
پەنجەکانم
دەبا یەك یەك هەڵبوەرێن
ئەگەر ئازاری نیاز بێ

چاوەکانم

لە ئاستتدا نابینا بن

گەر بە هەڵە لە دیقەتدان

بێ بۆن و سۆزی پڕ ناز بێ

Bad Camberg

٢٠٢١/١٢/٥

# تێکشکان

شەو لە چراخانی غوربەت
گۆرانی تەنهایی دەچڕم
لە نێو خۆما تۆ دەبینم،
فوو لە چرای ئیشقم دەکەی
تۆ دێیت و من
نغرۆی ونبوونێکی پڕم
لە ساتە ئاگرینەکانم هەنسکی گریانی تۆ
ختوکەی دام
هەڵپەڕکێی پرسە و کۆتەڵێ
بە ئاوی زنەیە تەزیوو
دنەی سۆزی ئیشقەکەی دام
ئەمشەو دەڕوا و مانگ تریفەی خۆی ون دەکا
بە دۆراندۆری خەرمانەی
دەخولێمەوە

بە خوورە باران و لێزمە تەڕم دەکا
هێدی هێدی
بە دەم میلۆدی نەینەوا
گریانی خۆ دەڵێمەوە
ئەمشەو چەخماخەی هەور
بۆتە فریشتەی ژوورەکەم و
رۆشنایی لێ هاوێر دەبێ
ئەنگوستە چاوی بێ تۆیی
پڕ لە قاقای فرمێسکن و
ئەسرینی سوێر دادەچۆڕێ
بە دەم هەنسك و بزەوە
مەینەتی تەنیایی خۆم و
تێکشکانی ئەوینێکم لە غوربەتا
وا بە سانایی ناگۆڕێ
ئەتۆ ئەمشەو
لە خەڵوەتی عیبادەتی زویربوونا خۆت مەڵاسدا
بە دەم گریانی چەخماخە
هۆرەی جافیم بۆت دەچڕی

گرەوەکەم
بۆ پەڕینەوەی فەنابوون
لە سەر مێزی قومار دۆڕان
هەست و سۆزم بۆ هەتاهەتایی تەمەن
لە تۆ بڕی
ئاااای خودایە
بەزەیی تۆ بۆ نوقمی دەریای من نابێ
ئەو دەریایەی
لە ئافاتی ئیشق بوونا هیشك بووە و
تۆف و زریانی دابڕان لووشی داوم
بە کام پەڕەی کۆلارەوە
خۆم هەلۆاسم
قورتاربوونم مەحاڵێکە
لە ژیانا هەر دۆڕاوم
ئەوا ئەمشەو
شەوارەی دەم زریێبارم
جەنگەڵستان جێ دێڵم و
ئیدی بزە و لێوی تینومی نادەمێ

**بشێ لە نێو دێری قورئان**

**ئازاد کرێم ، ژێوانیش بم**

**رووخسارم بە ئاوی تەڕکەم**

**کە دەزانم هەر نایگەمێ**

٢٠٢١/١١/٨
Bad Camberg

## ژوانی من
## سروشکم نەقشی چاوی تۆ دەکێشێ

جێگەم سەردارەکەی ( مەنسوورە ) ئەمشەو
نالی
مینا تەمێ
بە نێو تەونی تاریکی پەنجەرەیەکا
ڕێ دەبڕم و یاساغ دەبم
لە بەر دالآنی کۆشکێکا
کیژێ لە ناڵە و قیژەی دا
دایکێ لە نائاگایی داخورپا
کۆرپەیەکی دەڵەمە لە خەو زڕا
یەکێ ون و ئەویتر دەستوپێ زنجیر
سەف سەف زیندە چاڵکردن بوو
گوندێك ڕووخا ، بووە کاولۆك
شارێ خاپوور

نوقمی تەم و سپی پۆشی

نیشتیمانێ ئەنفالکرا

کچە کوردێ ڕاپسکاو لە ئامێز و لەزەتخۆشی

یاخی لە خود وێڵی سارا

ئەو دەمانە

ساتەکانیش پەژموردەیە و یاساغی شەو

تاریکی و دەنگ

بە سەر باڵی بایەقوش دێ

مناڵێکی ترساو تۆقیو

بە دەم شەو لەبان دەخزێ

گورگی شەوێ

بە سەر دەسرازەی ساوایا

لوورە لوورێ

پریاسکەیە.....

چەشنی هەورێکی گرمۆڵە

ئافات هێنە و شین دەگێڕێ

پەلەقاژەی مەلەوانێکی نێو دەریا

کەناری ئاو هەر وا بووە

لە ڕۆخی هەر لەنگەرێکا

پەرێشانی غەدری ڕۆژین
لە بەر پانتایی حەوزێکی قەوزاوی داین
کەچی گەورەی بچوك خۆرین
هەرایە حەشرە حەشامات
ئا ه و حەسرەت بۆ جاسەنە و دێرسیم دەبەین
کچەکانمان ناو نا مەهاباد و کوڕەکانیش ئاراس
ترپە ترپی هەنگاوەکان
لە تەك ئێمەی یاخی بووی خود
مەتەرێز کپ دەکەینەوە
ئەو ئاتەشە لە مەجمەری فردریکیان
نەخشەی نە بوو
لە پیلانی دڕندانیان
ئاسۆی ڕوونمان لێخنی بوو
لێزانی سەردەستەی بزاڤ
خولیا نەبوو
تەکیە و خانەقای پیاوچاکان
( أنا الحق ) ی یاساغکرا
ئیشقی خاك و چرۆی گوڵێ
میهر و دلۆڤانییەك بوو

نه کەس بەو بوو نه بوو بە کەس
رۆحه و بە سەر سەوڵی بەلەم گوژم دەدا
گڤەی با دێ لرفەی زریان و دەریایه
پەلکەزێڕینەی بەهارێ بە سیمامانا ناباریێ
ڕووی چەمەنی عەدەمێکه
ئاونگ لە زنەوه هەڵدێ
پەپوولەیەکی ڕۆح سووکه و
هەناسەی ئۆخەی بە دەم ڕەشەبا دەدا
زەنگی ئەهریمەن دێ و
مینا خێوێ خۆی دەنوێنێ
گوڵ هەناری ژینی زەردمان
بە تۆبزی مایل بە عەرعەرێ کرا
ڕووگەی تاوان
بووه بانگ و
بێ ئابروویی و شلێوی یاسا دەردەخا
لەچکه سووری کچه گەرمێن
بۆ ئۆخژنی و ڕاکەڕاکی بای هەوەسباز
گیربووی دڕکی باغی خاڵەبازیانییه
پرچی زەمبوور شانه دەکا

تارای سپی ، جاجم ئاسا
به سەر ئیشقی ئازادی شار دادەبارێ
ڕایەڵەی دووبەری زەمەن بە سەر باڵی پەڕەسێلکە
ئاسمانی پاك دەشینێنێ
هاوار ..... هاوار .....
نازانین نا
هانا بۆ کام کتێب و دەریچە بەرین
کە قورئان ئەتك و سوتاو بێ
مزگەوت کاولاشێك و من بن چەپۆك
چەشنی سەگێ پەتی ملم بە مەیلیان هەڵدەسووڕێ
ڕاپسکان و خۆتەیار بوونم قەت پەی پێ نەبردووە
هێندە ترس وەك مەنجەنیق
لە هەناوما شاتاوڵی بۆ هێناوم
بۆ ساتێ دەرنەپەڕیوە
سەبری ئەیوب ناگا بە من
ئەو لە منەوە فێر بووە
لیستە و بە تاوانی گومڕا
لە تەوێڵمی دەنێن و نایبڕنەوە
گەلە کۆیەکی تۆمەتە و

**ملم وەبەر پەتی خوێن پژان دەکا و نایبڕنەوە**

**دوێنێ لە گۆڕی کفن سوور**

**لە سەر چەمێکی پڕ لە گوڵ**

**میوە لە گەڵای دارانا پڕترین بوون**

**خووڕەی ئاوان لە دەریاکانی ئێرە تێر لرفە بوون**

**ساتەوەختی گوللەباران**

**مەرگی لێرە**

**بە گەڵای گوڵی خوێناوی**

**لە بەر لێزمەی ئاونگباران**

**جۆڕاوگەی خوێنمان لێ دەتکێ**

**بن نساری دار سێوێکە**

**پیرەمێردێ بە ساڵاچوو**

**مژی لە جگەرەی دەدا**

**لە بەر خۆ و بن لێوەوە**

**مەملەکەتی خوێن و بەفر**

**چرۆی هەڵوەرینی ڕۆحی و سوتماکی خاك بە با دەدا**

٢٠٠٢/٧/٢٩
Hewler

# با و مۆژدە

(من و با) وڕێنە بۆ یەك هەڵدەڕێژین
دەڵەمەی خەیاڵدانی ئەو ئاڵۆسکاوە
سەرگوزشتەی داستانی بوون و نەبوونی
لە بیرچووە ، یا خزاوەتە دەریاوە
منیش لە نێو دەبەنگی غوربەتی خۆما
باوەش بە ڕەگی ئاو دەکەم
گێژەڵوکەیش نەی لەراندووم
خەیاڵێکە و بۆ تەنیایی خۆی گریاوە
با لە باوکێکی ئەرستۆ و
دایکێکی گەرم هاوێرە
وڕێنەکانیشی جارجار
بە چرپەیەك دەیدرکێنێ
باوکم دەریا و دایکم خۆڵە
منی گێلکرد

بخولێمەوە لە سوسەی خۆم
نازانم من لە ئاتەشم
یا لە هەناوی بەفردام
یا حەرامزادەی سروشتم
کە خەیاڵدانم بنکۆڵە
با پەردەی سەر ئیشقی لا دا
خولاوی نێو پانتایی ئەوینی ئەو بووم
شەیدا و مەست و
ئەو غایەڵەی پەیوەستیم بوو
باهۆڕی کرۆنای هێنا و لێی ئاڵانم
پەنام بۆ ئاوێکی ڕوون برد
کانی و ڕوبار و دەریاکان
لێم یاخی بوون
سەرنگونی نێو زریان و تۆفانیان بووم
ئارامیم لە بەر بڕا بوو
دەفەی سینەی یار دوا مەنزڵ
کەچی لەوێش لە بێ موژدەیی ناڵانم

٢٠٢١/٩/١٦
Deutschland – Bad Camberg

# دوو ڕۆژ

لە بەردەمی دالانی نیشتیمانەوەم
لە بۆن و بەرامەی شارم
هەر بە سورەتی دابڕان
سوێندی تەنیایی دراوم
گێژەڵوکە هەڵیکرد و حاڵی نەبووم
نە لە خۆم و نە لەو دیوم
لەم زەمەنی مەجمەرەدا ئاوا نابێ و
زۆر شێواوم
لە کام گێژەنی ئیشقەوە
پەڕە پەڕی دڵ دڕاوم
لە بەر دەرگای
شارە فڕیوەکەی ئاگر
چاوەنوارم
پیاڵەی شەرابی هەنگوینیم بگاتە دەست

ئەو شاد خودە
حەسرەتی ژاری کوشندەی
بە باڵای دووریما بڕی
لە ژوانی پڕ تاسەدا
هەڵدێراوی نهومی حەوتەمی وشەم
دوور لە باڵای
تووڕ دراوی نێو دووکەڵ و کوێرە ڕێگام
مەرگی بە قامەتی حەز و ویستم سڕی
لە پەنجەرەی
باڵەخانەی پڕ شنەوە
دەڕوانمە
بانیێژەی ڕووتەن و گەرما
لە ئاست ساباتی بێ گەڵا
منی کزۆڵ ..... چاو بە ئەسرین
لە مەرقەدی زەندخانەی دا
بە ئاودامانی خاك دەكرێم
لە میحرابی گلەییدا
نوێژێ بۆ پاڕانەوە و

تکا کردن دادەبەستم

تا پێڵوی چاوی هەڵێنێ

ئیتر بەس بێ

بەرەو پەتی قەنارەی دابڕان نەبرێم

Bad Camberg

٢٠٢٠/١٠/٤

# کاڤاری بەخت

له قامەتی کام غەدرەوە هەڵهاتیت و

له کام ڕستەی شەڕانگێزی

هەڵقوڵاوی

چەپۆکت بە سەر دڵی سپیما کێشا

له کام هەواری گێژەڵوکه

فیراقی خۆت نوسییەوە و تێم ئالاوی

دەمژاکێنی

له کام فیردەوسی وەهمەوە

ئاوابوون ئۆغر پێ دەکەی

نیگاکانم تەڵخ دەکەی

لەم ژوانی بەرکۆژەیە

تۆیش هەروەك من دڵت ئێشا

دەوەرەوە و

لەم ناوەختە ببە فنجانە قاوەکەی نێو دەستم و

پەنجەکانم بلەرزێنم

با مەرامت بخوێنمەوە

لە غەفڵەتیم مەئاڵێنە

مەی وڕ و کاسی نەکردووم

ئەوە ترپەی وشە ناوازەکانتە

ختوکەی بێهۆشیم دەدا

بەرەو مەستبوون ملی ڕێگای ئاشق بوونم

پێ دەگرێ

ئەمە چ ئیشقێکی نوێیە

بە گەردنمەوە دەئاڵێ

ئاونگ ئاسا

لە بەر نیگام ڕۆیشتوویت و لێم یاخی بووی

لە جاڵجاڵۆکەی بیلبیلەم خۆ ون دەکەی

ناتبینمەوە

حەزەکانت بوونە شەپۆل وەکو ئیجە

پێم نەوێران

لە کام تخوبی سیحرەوە

ڕێت بەرەو شاری دڵم گرت

لە جۆلانەی هزریشمدا ، هزر خوێنی ....؟

**له كاڤاری بەختمەوە**

**سەرەتاتكێم لە تەك دەكەی**

**چاوەكانم**

**لە پیاسەی لەشی خاوت خۆ ون دەكا**

**نازانم لە كام هەوارت**

**بارگەی دەخا**

**چیرۆكی قاوە تاڵەكان**

**بە دەم ماچی**

**عەترە شیری هەنگوینیتا**

**بۆ لای مەی و خەیاڵ دەمبا**

٢٠١٩/١٠/٥
Bad Camberg

## دەبێرەوە

دەبێرەوە

جگەر سوتاوی دوێنێم

لە خەم و بێداری ڕابووم، هەناسەم لە شنەی دەریاوە

بە شەونمی سپێدە سپاردووە

وا تیشکەڵانی هەتاویش کرانەوە و

ئەو دەمەی بەستەڵەکیش دەتوێتەوە

ژانی گوڵێ

لە قەد باخچەی ئەوین ڕا

بۆن و بەرامەی خۆی بە بەژن و باڵای منا کردووە

دەبێرەوە.......

با ئیدی ئازارەکانم

بە مەرقەدی یاخی بوونتا هەڵنەزنێ

شەرابی مەستبوونی ئیشقم

پێ بنۆشە

له حزووری حەرزەتی تۆدا ئەی یارم

هەی نمە شەونمی خەونم

ڕاچەنینی هاتنەوەکەت

بە لێوی وشك هەڵاتووما

دابپۆشە

دەبێرەوە ........

با درێژەی نامەی ئیشقم ،

تەزووی تەزینم سڕ بکا

لەو ڕێگاوە ئولفەت بگرێ

ئیدی لەرزۆکی هەڵ بێت و

ئاشنای بوخچەی چاوانت بێ

ئەزیزەکەم

لە نیگا غەمزەی چاوتەوە

موژدەیی خۆتم پێ بدە

با مەستی ئەو ڕێگا دوورەی پێ بشکێنم

ژوانم بە باڵات بگرم

ئۆخەی بوونم لە بەر دەرگای

باوانت بێ

دەبێرەوە ........

ئاونگبارانی چیمەنی بیلبیلەکەی چاوی من بە

سۆمام دەبێتە  ژێر ڕاخەری پڕ باران و

هەنگاوێکی شەونمی بە سەرا بنێ

ژینی نوێم پڕ بۆن بکەوە

پەنجەکانم

تینووی تاڵ تاڵی پرچتن، کە بێ من بژ و ژاکاون

چاوەکانم بۆ دیدەنی قامەتی تۆ

دوا سەفەری ڕێی کردووە

لە گەڕانەوەی ئەمجارەت

ئیشق و دڵی تازە مەیلت

بە زەمەنی کۆن بدەوە

٢٠١٩/١٠/٣

Bad Camberg

# ئاسمانی پاییزی

پاییز کەشکۆڵی ئافاتیم لێ دەبەستێ
خەم لە ئاقارەوە دێت و
رووەو ترۆپك و قوڵایی سەختەنی ئەوینم دەبا
تنۆك تنۆك ڕێم پێ دەگرێ و بە جەستەما
ڕۆنیشتووە
پاییز لە ئاسمانی خۆیا
لە ئاستما کڕنوش دەبا و
لە نێو شینا دڵم هەر شین دەکاتەوە
نوقمی زەردەگەڵای خەم و شەونمێکی دەم سپێدەم
کە نەیتوانی خەندەکانی جەستەی برینم ماچ بکا
منی لە سەیوانی ئەرخەوانیدا
لە زەمەنی غوربەتییا جێهێشتووە
ئەی خودایە ....
ئاوی هەناری دەم حەوا

بڕژێنە بە سەر ژیلوانی تەمەنمدا
پەرتەوازەی چاوە نافورەکانمی کە
دەبا شەوچرەی ئەو چراتۆڕەی ماهم بە ئەوینم
ئولفەت بگرێ
لە میتۆدی
کولبەیەکی قاوە تاڵەکانی تەمەن ، نەی دەژەنم
خۆ تۆ چەشەی ژەهرم دەکەی ، ئولفەتگری چرکەکانی
کاتژمێرمی
سەرخەوێکی کەساسی خۆم دەشکێنم و
دەتۆیش ڕێ بەو دڵەت بدە
لە نێو هەناسەی هەستما
هێور هێور تێمدا بمرێ

کات دووی بەرە بەیانی ٢٠١٩/٩/٣٠
Bad Camberg

# کە جێم دێڵی

کە جێم دێڵی
تاریکی دەبێتە پرچەقەترانییەکانت و
بە دەم شنەی شانەی پەنجەکانمەوە
دەئاڵۆسکێ
وێنە ڕەنگینەکانت نمایش دەکا
تریفەی مانگ ڕەنگی کوڵم و
ئەستێرەیش بە چاوەکانت
هەر لە گزنگی تارمایی
باڵات دەکاتە وەنەوشەو
گەردنی لامل کریستاڵ
خەون دەنگت دەهەژێنێ و
ڕابوونی تەم لەنجەکانت
کە جێم دێڵی
بۆ خۆیشم نازانم لە چ مەملەکەتێ دەخولێمەوە

بای باوەشێنی هەناسەت
منالێکی ئەوك پڕی گریانمە
ونبوونێکی بێ سۆراغمە
دەرگای ماڵی نامۆبوونم
شێوە ڕووخسار لە خەیاڵم
ساتی چێژ بەخشی ژانمە
دەبنە کەنار ...
قوڵایی ناخی پڕ حەسرەت
ڕاموسانەکەی گاردرمۆین
هێشتا شێتێکی سەراسیما ونبوونمە
تەپڵی شەڕی ئیشقم دەکوتێ
جارێ زووە ئەو برین و ژانە
کێمی نەکردووە و قەتماغێکە و
لە قەراغمە
کە جێم دێڵی
جامی شەرابی ژیانم هەرگیز وەك ئێستا نەشکاوە
بە بارتەقای ونبوونی تۆ
شێت بوون بە باڵام ئاڵاوە
تۆ دەزانی

شەرم پێشتر وەك ئەمێستا دای نەگرتم
خەمیش نەبووە خانەخوێی ماڵی شێواوم
چرکەی تەمەن نەبووە تاڵاوی ژەهر نۆشینم
نەنرا بە شەوی بەراتم
کە جێم دێڵی
چرکەی وێنەی دیمەنەکان
جێ پەنجەی تۆیان گرتووە
نیگاکانم لە خەیاڵدانێ هەڵدەفڕن
لە نیگای چاوم بۆ سینەت
کەشتی حەزم مت مت بووە و
ڕایگرتووە
کە جێم دێڵی
یادەکانت دەبنە سەرەتاتکێی خەمم
دەبنە مۆرانەی نێو جەستە و
بیری جەنجاڵی نێو سەرم
ئای کە ژانێکی پڕ لە سوێی
دوا فەرهەنگی ئیشقمی و
دوا ترپەی تەمەنی ڕێمی
جگە لە تۆ

هۆگری شەوی هیچ ژنێکی تر نابم
دەپێم بڵێ
بەرەو کام لا بۆ دەروازەی پڕ لە هەتوان
پەنا بەرم
کە جێم دێڵی
وا نەزانی
دەم شرێکی سەر شەقام و نێو کۆڵانم
پەنهانییەکانی نێوانمان
دەبنە سەربوردەی من و گڵ
ئەزیزەکەم
ئیتر مەحاڵە لە دوای تۆ
ڕێگای ئیشقێکی تر بگرێ
چاو و هەناسە و بیر و دڵ

٢٠١٩/٦/٢٧
frikhofen

# خەونی ژیٚ

ڕۆژیٚ ڕچین ،
ڕێی پێگرتین ، دەروازەکانی کلۆمدا
خۆری لە کونجێدا توند کرد
پەنجەیسەرکێشبوونی تەزاند
کلۆکلۆ کرێوەی دەم
خەونەکانمانی گلۆری مێژوو کرد و
تاریکستانی تەمەنی لە هەناومانا داباراند
لە کەناڵی کێلەوە دێم
دەم و قەپۆزی هیتلەرم داکوتاوە
چەنەم لە دەریای بێسیمی روحم دەڕوا و
لە دوورگەی باڵامۆری دا
وا ئۆخژنی هێور بوونی روح جێدێڵیٚ
ئەوە ڕۆژی نیشتیمانی ئەوینان بوو
ماین هەر خۆی لێم هەڵدەسوو

تەڕ تەڕ ڕادەستی ئیشق بووم
بە سەر ژەمە ئاسنی ئاڵتونی و شینا هەڵدەفڕم
تك تك ئاوی ماین دەتکێ
لە گاردرمۆین
لێوەکانم لە پێ دەشتی دەستەکانتا
فێری حەزی ڕاکشان بوو
فرۆگنەرێ
بووە بۆنی یەکەم ژوان
کێڵگەی بەراوی ویستێکمان
شانێلی چاوەکانی من
بە سەر گەڵای پەنجەکانتا
چێژی ئەوینی کردووە
گۆستاڤ نوێم
ڕۆژی ئاوا گوڵ و بۆنێ
لە نێو باڵەخانەی نۆروەی دا دەچێنم
تەمەنی دی
دەکەمە ئاکیرشۆسێك و
ئەم نیگایە ،
ئەم ژووان و بەڵای ئەوێ و جوانی ئێرە

هەموو گوناهی ڕابردووی وەراندووە
لە ترۆپکی بیری ئەوا
مرۆڤ ڕێگای ڕەوتی ئەم ژینەی بڕیوە
لە نێو فیگلاند
بە رووتبوونەوەی ئادەمی
سەراسیمای زۆرانبازین
لە پەڕاوە شڕەکەی بەر باخەڵمدا
هەرەمی ژینی مرۆڤان
هەنگاو هەنگاو ترپەی ڕێی دێ و
لە ناخی من ژن و دڵم
بۆ بەردەوامی تەمەن
سەوداسەری جریتبازین
یادی ڕۆژی نیشتیمانی ئاشقبوونمان
هەموو شەوانێکی پایتەخت
بە ستوونی کارل یۆ هانسی لای تۆوە
فڕینی لێو
ماچی جوان و بیرەوەری
دەبنە ئالای ڕەنگاو ڕەنگ و
هەڵدەواسرێن

من هاكۆنی سەردەمێکم
قەڵای ئەوین بەسەرشانی
ڕۆڵەر کۆستەر دەنێرم و
دێنە هەبوون
ئەو نوێژانەی دامان بەستن
هەرگیز نامرێن

٢٠١٩/٦/٢٣
Frikhofen

## کەژاوەی ژوان

له شەختەبەندانی دڵم
چی لەو ئیشقە گڕە بکەم
سەما لە سەر نەکەرۆزکا
لە ئافاتخانەی دووریمان
چ لە ڕایەڵەی بێسیم کەم
نەتوانێ مەودا کورت بکا و
خانەی مۆزەخانەی قامەت
بە یەکەوە گرێ بدا
..........................
لە پەرژینی نیشتیمانێ
هەڵاتووم و
تاریکستان بینە قاقای لێ تەنیوم
ئەتۆیش دڵم
لە خەیاڵدانی ماڵێکا ، دەستەمۆ بووم

ڕێژنه فرمێسك
له سێلاوی خۆیم دەنێ
کەچی له بەردەرگای پێتا،
کڕنووش بەر و مشتێ گڵم
..................
پەروانەکەم...
خۆت مەڵاسدە
له نێو سپی بەفری وڵات
له نێو کۆڵانە تاریکەکانی زستان
له نێو میترۆ سەوزەکانی چراخانا
له نێو پەرداخەشەرابی مەست نەبوونمان
خۆت مەڵاسدە ....
له نێوانی ڕەنگی
پرچە قەترانییەکانی درەختت
له زەماوەند ، جەنگی ئەشقت
له خەرابات ، نسرمی پڕ خۆشەویستت
له نێو دەنگی جریوەی چۆلەکەیەکا
خەونەکانمان
دەنێو دەست و پەنجەتا نێ

چرۆ بکا بۆ هەبوونمان

.......................

دێم و لە قریوەی تۆیا

ئاهەنگی بوونم دەگێڕم

تاڵە ڕەشی زوڵفت بکە

بە قەنارەی گەردنی من

بە قەد و قامەتی جوانتا هەڵمواسە

لە دالآنی بەر سینەتا

جێ پەنجەی ڕچیوم کەوە

هێشتا بە لەشی تەزیو و کرێوەی تۆ

ڕانەهاتوون

گەرم گەرم ڕایانموسە

.................................

پێکەنینم ....

بە قەد دیواری گاردرمۆین هەڵواسیوە

ئەشکم لە توێشووی سەفەری

ئەمجارەی بەفر کردەوە

هەر لە ئەزەلەوە دەڵێی

لە تەك ئاوازی ئەوینی تۆ ڕایی بووم

له سەر نەخشەی نیشتیمانی دڵی منا

پێکەنینت بوونە پایتەخت

له دەرگا و پەنجەرەکانی کەمفۆرتەوە

شۆڕبوونەوە

له هەنگاوی وڕکگرتووم

دیارە شێتێکی خۆرسکیم ،

وا بە باڵای تۆیا هەڵچووم

.............................

سەمای سەرما و شنەی باوەشتم بۆ راخە

به جاجمی حەیرانەکانت دامپۆشە

باسەر خەوێ

له تەك باوڵە ڕەوڕەوەکەوە بشکێنم

تۆ ئەمێستا

له کەناری گریانی هەنسکی منا ، پشووتداوە

یان هێشتا بەدەم خەمەکوتکێی سەماوە

کۆتەڵ بۆ ژوانی دادێ دادەبەستی

منیش هەر ڕێبوارێ بم و

هەرمێکانی بەر باخەڵت ، بتەکێنم

...................................

به باڵای گۆڕی دایكما بمشكێنه
هەر كات كه شەو له خەو هەستا
با بەسەرما ڕاببووریٚ
تا بەرەو خوار بۆ لای باوكم هەنگاو دەنیٚ
هەر عەودالٚی سۆراغم بیٚ كه لێی ون بووم
له بەر پێیەكانی خۆتا
وەك چیمەنی باخچەی بەر ماڵان رامبخه
تا پێت به چقڵی ساراكان زامار نەبیٚ
هەر دوێنیٚ بوو
به میوانی بۆ بیابانی لماوی و
ئەبەدیەت و نەمانم چووم
..................................
كوڵمەكانت بوونه هەوره گرینۆكەی
تێكئاڵاوی ڕەش و سپی
بوون به نۆڤێلت بوون به ڕۆمان ،
به چیرۆكی ئەفسانەیی
له تەنیشت لێوەكانتەوه خەیاڵدانی ماچم دەفریٚ
له قایەغی نغرۆ بوونم كپبوویتەوه
له میحرابی برۆكانت ، له گومەتی مەمكەكانت

شەوی تاریك حەشارمدە
با شیعرەكانم پیێ نەگرن ، یاخی نەبن ،
چڕنووك بە گەردنتا نەكەن
باسی خەونی گێلاسیت كرد ، تەواو نەبووی
هەر زۆر زوو بوو ، بۆ لای زارۆكان چوویتەوە
................................
نمە نمی سپێدانیێ
تارمایی ئاونگیێ دێنیێ
دەنگی هەنگاو دەكرتێنیێ
كاوڵاشیێ بە ناخا دەكا
چرپەی ماچێكیش جاڕ دەدا
دۆزەخی باڵا واڵا كا
دە فێرم كە ئەمجارەیان چۆن بێمەوە
چۆن باڵبگرم بەرەو مەزار هەڵفڕمەوە
كە هاتمەوە چۆن سەما فێری باڵات كەم
كەی زڕبوونی خەو خەفە كەم
ئەمە شیوەنی تەمەنمە
لە گەڵم بە ، با باهۆزمان لە دیدار بیێ

**نازانم نا ، ئیتر چۆن مەی بەرم دەدا**

..........................

**کەوتمە خەرەندی ژیان و**

**بە دووکەڵی قانگەکانی جگەرەتا**

**خەمی سووریم بۆ دەنێری**

**کە تۆ ئاگر لە جەستەی سڕکم بەر دەدەی**

**دەسوێمە نێو مەجمەرێك و**

**دەبمە ژیلەمۆی ژیانێ**

**هاواری ژان نەبڕایەوە**

**بە ئاوەزی سپیم ئاشنا**

**خەم دەبێتەوە سەر چۆپی و**

**ئاوازی کۆتەڵ دەگێڕێ**

**جگە لە من و بەفر و ئاگر ......**

**هیچ شك نابەی بۆ هێورێ**

**تەنها ساتێ گوێ قولاغ بە**

**سەدای نییە جگە لە شین و گریانێ**

Frikhofen _ Deutschland

۲۰۱۹/۱/۱۱

# ڕایەڵە گوڵ

## من و تۆ

خۆر ئاسۆی ئاوابوونی خۆی ماچ دەکا
من ژان و نیگای دووری تۆ
گوڵی سووری دەم ئێوارە
بە سەر پەڕەی سپی دەکشێ
من ئاسمان و باران و بای
سنووری تۆ
★★★

## نیگا

دوا نیگای خۆر
لە ناو پەڕەی گوڵی سێوا
ئاوا دەبێ
چرپەی دڵی پڕ لە هیوا

خەونێ گەورە و ژیلەمۆیە

لە ئۆغرتا

ساوا دەبێ

★★★

## سێوە

بای سپێدەی غوربەتمی

لە گەڵ بۆنی گوڵ هەڵدەکەی

خەم و ناسۆری تەنیاییم

بە ئاگری گڕ و کڵپەت

مەحووی تەم و دووکەڵمەکەی

★★★

## ژوان

لە سەر شەپۆلی زرێبار

ڕوو بەرەو گوڵ

نوێژی ژوان دادەبەستم

کە من کابەم لە جەمسەر بێ

باغ و تاڤگەی گشت حۆری بێ

شیعر تەنیا بۆئەوینم
هەڵدەبەستم
★★★

## مەیل

گوڵی تەنیا
بۆ شەکەتی ڕێگای دووریم
باخچەیەکە
ناخم هێندە بێ تاقەتە
چاوەنواڕی خونچەیەکە
★★★

## هەنارچنین

ئێوارەیەك لە ڕەنگە تاڵەکەی قاوە
ئاوی گوڵی هەنار دەچنم
لە دامێنی پاڕانەوە
بۆ گۆشەگیری خەڵوەت بوون
خۆم داوەتە بەر گێژەڵۆك
بۆ کەمەرت زنار دەچنم
★★★

## ڕێحانە

له تاقەتی شەوی زستان
مەپروکێ
خۆر لە دەریای شینەوە دێ
لە نێو ئافات مەلە مەکە
تاریکی هەر دەبڕێتەوە
دڵنیابە ڕوونی ڕۆژگار
لە چرووکی مینەوە دێ
★★★

## جیابوونەوە

شکۆفەی گوڵ
ئەگەر وەکو خەمی مرۆڤ
هەڵبوەرێ
ئیتر بۆچی
تانە و تەشەر لە سەگ بدرێ
کە بە تیشکی مانگ دەوەڕێ
★★★

## بەرات

ماچەگوڵی دەم بەیانی
نمە ئاونگی سەر لێو و
شەرابی مەستی ژیان
تقوسی ژێر ساباتمە
ئەم جلەوکێشی سەحەرە
هێشتان هەنگوینێکی تاڵ و
تریفەیەکی تۆراو و
هەڵپەڕکێی شەوی تەنیایی بەراتمە
★★★

## مەزندە

لە گوڵ وایە
بێ خەزان و سەمای گەڵا
ساتی زەردبوونی نامۆیی
ناخم هەڵپەڕکێی بەهاری دابەستووە
بێ ئاگایە
ژانی تا ئەبەدی ژینم

ئافاتێکە ڕووی لێم ناوە

بۆ فەنا بوون

نوێژی مەرگ و ژوانێکی وەهمداری

دوور لە یاری دابەستووە

★★★

## ئاوێزان

کە ژوانی

من و گوڵ و ئەوینێ دێ

سەرما لوول و ئاوێزانی

یەکمان دەکا

کە خەزانیش

ڕووتبوونەوەی نمایشی عەرش دەبێ

لە سورەتی بەیانیانا

پەکمان دەخا

★★★

## ستەم

لە سۆراغی

گوڵێ وێڵ و سەرگەردانم

ئەتۆیش هێندە

بێ دەربەستی

چرای ڕۆشنی ماڵیشت

لێ ڕفاندم

زۆر دەمێك بوو مەیلت هەبوو

لە سەر سمی ئەوینمدا

بزەی لێوت بنەخشێنی

بە چرکەیەك

هەموو هیوا و کەیفسازیت

لێ فراندم

★★★

## ژنکوژی

کە پەنجەی لاساری حەزمان

مەیلی وەرینی شکۆفە و

قرتاندنی

گوڵی هەیە

دڕندەیی خەسڵەتێکی جاویدانە

گریان و ئەسرینی درۆیش

پاساوێکە

ژیانی بە کوڵی هەیە

★★★

## جوانی

ئەفسوناوییە

سپی پۆشبوونی ڤینۆسی دڵ و گوڵی نێو گۆلی

تێراوەی قاوەو ڕەشباوی زەمەن

ترۆپك بەخشە

بۆن و بەرامە و ڕەنگاڵەی جوانی

نە کەنیزەیە نە باڵاپۆشە

گوڵاوی سەمەن

★★★

## تاوانبار

گوڵێکی بولێڵ

شەکەت و ماندووی

پەیمانی  درۆی

دەستی ژوانی ئاشقدارانە

تەنها بێ تاوان

شنەبا و شەونم

هەورە تریشقە و لێزمەی بارانە

★★★

## شەرم

تۆ کەم لە شەرما سوچم لێبگرە

بە خەندەت کچێ ... فرمێسکم بسڕە

ڕووخساری جوانت مەکە ناو کارتۆن

ڕۆح و سامان و دڵیشم هی تۆن

# قاوەڵتی

سپێدەیەکی تەزیوە
تۆ لە سەمای گەڵا و لەنجەتەوە هەنگاو دەنێی
ڕێگای دوور دوورت بڕیوە
سپێدەیەکی کزە سارد
کچێ .. ژنێ .. لە تەپ و تۆزی شەیدایی
ماندوو ماندوو
دەنك دەنك تەسبیحە کۆنەکەی باوکمی ژمارد
نم نم باری
بوو بە کەپکی بەفر و وەری
لە دوو فروشتوکی بەیان
هاتە کنم و ڕۆحی بە دامێنی لەتە نانێ سپارد
لە تەك چۆلەکەی قەد دیوار بوونە هاودەمی یەکتر و
نیگایان بۆ یەکتر دەنارد
سپێدەیەك سەرد و تەژی لە شنەبا

خەرمانی تەمەنێ هەروا

لە کتێبی دڵێکا دەنوێ

جۆلانەیی بە سەر دەبا

ژوانی رۆح

لە خەڵوەتێکی سۆمایا پڕ دییە با

ئەو دەمانەی گریان بە خوڕ

دەبوونە گەڕەلاوژەیەك

بە حەسرەتی ئیشقێ دەنووین

کە هەر نەبا

سپێدەیەکی تەڕ تەڕە

لە ئاونگ و شەونم دەچێ

مژدە گوڵێ ڕەوینەوەی غوربەتێکە

جوانتر لە خۆی ، خۆی دەنوێنێ

بۆنی هەولێری هێناوە و

ژوان بە بای ئەم سپێدە دەشوبهێنێ

بۆنی ڕێحانی گرتووە

مێخەکم بۆ لە ئاو دەنێ

frankfurt

٢٠١٩/١١/١٢

# کۆڤانستان

لێرەوە چوون
سپیپۆشە فریشتەکان
لە ڕێی گەڕانەوە ونبوون
ئیدی سەفەر هەر ئاوایە
لەم کاڤارە
بۆیە نیڕۆژ ڕەشپۆشێکە
زەنگەکاتی کپ و خامۆش
سێلاوی تەم ماڵ بە ماڵی شاری مەستی داگرتووە
خۆر و نەستەلە هاوەڵن
تامی خوێن و ڕەنگی سووری
جانتای منالی تەنیووە
زنجیر ڕێڕەوی پیاسە و
پەنجەی هەنگاوی شێتانەم
بوونە حەزێ

که بۆنی دارئەرخەوانی
دووکەڵی جەژنانە دەگرێ
کفن بە باڵای درەختا هەڵئنازنێ
ونبوون شەکراوی بردووە
پۆستەری مەرگی جەژن بوو
بە بەر پارکا هەنگاو دەبڕێ
زڕە و خرینگەی بازن دێ
ئەم ڕۆژگارە
ڕاجێتەیە میدیکاڵی پڕ کردووە
ئەمێستاکەیش ئافاتێکە
ڕك و کینەی جوانییەکانی
بە تارێکی سپاردووە
دوێنێ قەڵا
خۆری وەبن هەنگڵی نا
پەنجە زبر و نینۆك خرخاشەی سەربڕین
لە ئامێزی مستەوفیدا
هێلانەی پاساری تێکدا
شەوێن سپێدەی گرتووە
فیراقبوونی تەمتومانێ

لە پێ دەشتێ

هەنگاو دەنێ و بۆ تخوبی ئەم سەردەمە

دووکەڵی ڕەش و نەگریسی باراندووە

لە کام کۆتەڵ .... خەنەبەندان

ساباتی پڕ چۆڵەوانی

بەهار سەمای پاییزانەی دابەستووە

ئەوکی گڕ و فرمێسکاوی

برینیش خەڵتانی وەنەوز

دەنگی شیعرێ سەرشێتانە

لە خەو دەچوو ، خەونیش نەبوو

ئێوارانی پێش جەژن بوو ، جەژنیش نەبوو

ئاوابوون و زەردەی خۆر بوو، لە شەوەزەنگیش نەدەچوو

گریانێ بوو پڕ بە وشە

لێوڕێژ بە حەرفی تەریقەت

بۆنی مەستی و غافلگیری لێوە دەهات

دادەباری بە پڕوشە

جمەی کوچە و سەر شەقامی چراتۆڕی

شمشێری نێو کالانێکی قێزەونن

نیشتیمان و زمانی گۆ

پێکرا پێکران له یه‌ك ونن

ئه‌ستێره‌ی به‌خت ڕه‌وه مه‌لێ

بوو به خه‌م و

به سه‌ر بوودا په‌خش ده‌بوو

ئه‌مجاره‌یان

به مناره‌ی مزگه‌وته‌که‌ی مێژووی شارا

خۆی ڕاناگرێ

له سه‌ر قه‌لا ، بوو به به‌رماڵ بۆ بناری

کۆڤانێکه

شه‌کره کلو به خوێن شیرین

بوو به تابلۆی سووری چاو و

نووسینی سه‌ر گشت دیوارێ

Hawler

٢٠٠٤/٢/١٢

## ونبوون

**که جگەرەکەم پیَ دەکەم**

**ئاویَ تەزیوو**

**تەژی له ڕۆحی سپیم و له تەنهایی فریشتەییم**

**که جگەرەم له نیَو پەنجەکانم دەنیَم**

**بادەی ڕۆژانی گەنجی دنەم دەدا**

**بەو ڕۆژەوەی گریَ دەدەم**

**جاریَکی دی**

**به هزر دیَ رۆژانی زووی هەڵەشەییم**

**....    ....    ....    ....    ....**

**کراسەکەت بۆنی گەڵا و بەڕووی لیَ دیَ**

**دڵۆپ دڵۆپ**

**ئاونگ باروونی سپیَدان**

**له داميَنی ئەو کراسە**

**قوڵپی هەناسەم مردووە و**

خەڵكی لە جێی باوان بێزار
وشكەساڵی كۆتەرەدار
ڕەنگی كراس دارەدارە و
گڕوگاڵی زمانیشم جریوەی باڵندەی سەر دار
لە تەنگەبەری دەربەنەتا
بوومە لرفە و گڤەی شەوبا
هەستم شەپۆلی ڕووبارە
رۆحیشم سەرمەست و شێتی دەم ڕەشەبا
كە كراس بە ئاودامانی دارەوەیە
سروشت تەژی لە بەستەڵەك
هێور هێور ... بە ئاسپایی
ڕەشبەڵەكی ڕووتبوونەوە
جێژوانی نەبوونیمان بە دەم ڕێوە دەشێوێنێ
پەنجەكانم ختوكەی گریانی خەو با
هەڵمی ونبووی وەهم دەبووم
ڕایەڵەی فریودانم
مینا خێوێ
باریكتر لە پردی سیرات
پەڕینەوە

له نێو دوو دژ
بەستەڵەك و ڕێ دژواری
تاوسانێك و ڕێ نشیوی
باڵابوون له نێو سروشتا
کێشمەکێشمی ژین و مەرگ
نغرۆبوونی خۆری واری
تەزووی سڕبوون
باخچەی غوربەت
بۆنی شانێل
ئاسنەڕێی فره جەمسەر
ڕووخساری ونبووی هەواری
که مانگه شەو پەیامێکی خوداییه
له سەفەری بادەی ونبوون بگەڕێوه
ئاوڕێکی تر بدەرەوه
شەرابی ڕێ
نیوەی تەمەن به میراتی بۆ خۆی دەبا
به قایەغی لاساریا هەڵمەزنی
دیوێکم سەرما و ڕچینه
ئاوی دیکه گەرم و سووتان

یادەکانمان
لە سەر بستە خاکی ڕووتەن
بوونە لەرەی میلۆدییەك
ڕوو لە ونبوون نایەنەوە
وێناکانی نیشتیمانیش
بوونە دوێنێ و لە پشتەوەن
بە هەزار نزای دایکان و
دەریای ئەشکی باوانمان
مەحوو دەکرێن ناژێنەوە
دەنگی شیعر
پڕ لە بێ دەنگی کۆڕەوە
کەشکۆڵی ئازارەکانی لە کۆڵناوە
تەپوتۆزی گەرمەسێری لێ نیشتووە
لێوانرێژی زەنوێرانن
سەرچۆپی تاوان بەر نادا
گەرووی گڕ و پڕ نەعرەتەی
ژیلەمۆیەکی لێڵاوە

Bad Camberg
٢٠٢١/١٢/٢٧

# شەوی دابڕان

دڵۆپ دڵۆپ
پروشە ئاوی زرێبار بە سپێتی هاوێر دەبێ
بە کڕێوەی بەفر دەچێ و
خۆی بە بەر خۆرا دادەدا
زرێبارێ باڵا کورتە
بە دەم تاریکی شەوەوە
پێکی شەرابی هەڵدەدا
ئەمشەو هەرگیز لە یاد ناچێ
نیشتیمانێ کە دەڕوخێ
چراتۆڕی بەر کڕێوەی بەفری سروشتی زۆر سپی
ڕێگایەکی نەزۆك و نوێ
ساماڵە شەوی زمستان
سروشت لە نێو لەپی منا
چلورەی شۆڕبووەوەی نێو پەنجەکانمە

گەرم گەرم

خۆم جێهێشت و

لە گۆمێکی مەنگا نغرۆی ئافات و ژانی ئەمشەوم

خەیاڵەکان بوونە بلّق و

جەنجاڵی نێو شەوەکانمە

مانگ هەر مانگە

شەبەیخونی سەرگەردانیم

بە نێو گێژەڵۆکم دەکاو لوول لوول دەبم

وا تریفە دەتوێتەوە و

مانگە شەویش پارچە پارچە

ئیدی لە کوێ

سێو سێبەری پەیدا دەبێ

منیش قۆزاخەی شەوان بم

دڵەکە بە سپێتی وەك بەفر دەرکەوت

سپی سپی بێگەرد و ڕوون

زەمەن قەنارەی بۆ دابەست

جارێ نەبوو

دەیان جار بوو

دەرگام داخست و کردمەوە

چاوشارکێ بوو

تەنها جارێ رۆژگار دەستی تۆی کردەوە

دەروازەت تا  بنمیچ هەڵبەست

نیگای چاوە سەرابییەکان

نەرم نەرم

لە هێلانەی سپی پۆشدا نوقم دەبوو

بەهەشتی پانی خەیاڵی  دۆزەخکردو

ژەهر نۆشین و شیوەنە

کوا لە شیلەی لوقم دەچوو

ئەڵمانیا

٢٠٢٢/١/٢١

# شێنەیی

خەمی تاڵ
گوێ بۆ ئاوازی تەڕی باران ڕابگرە
لە تەك نمەی ئاونگ
ئیدی سەمای گوڵ مەژاکێنە
ئەی فرمێسکی نیشتیمانم
ئاوابوون لە درزی بەرد کە
بە نیگای گوڵان ئاشنا بە
بۆنی ڕۆژگار بڕەنگێنە
شەپۆلە سەرشێتی دەریا
تریفەی شەوێکی کپە
کە ژوانی ئارامی لە ئامێز دەنێ
تەپوتۆزی گێژەڵۆکە
نوقمی شنەبای بەیانە و
سەراپا غوباری ڕۆژ لە کارێز دەنێ

**هەر باران بۆ خۆی چەترێکە**

**تەڕتەر جەستەی وشکەساڵیمان سپی پۆش**

**کرێوەیش چلەی بە هەورە**

**تارمایی غوربەت بە ئاهەنگ ڕادەژەنێ**

**شەو سەرقاپی تەمی رۆژە و**

**مۆزیکزانی تارماییە**

**بە تاڵی ژێی کەمانجەکەی**

**سەمفۆنیای پاکی دەژەنێ**

**گوڵ پێی وایە دیاری دەستی ئەوینکارە**

**بە تەنها ئەو ئامێزی گەڵای وەریو و**

**شکۆفەی ناسۆرییەکانە**

**ئۆخەی کپی بن سابات و سێبەری شەو**

**ژاوەژاوی رۆشنایی شەو**

**مەحوو ناکا ناڵەی ڕۆژ و**

**فڕین بە سەر باڵی ونبوون**

**ڕەنگاڵەیی ژین ئاوایە**

**جوانی لە گەڵ ژانەکانە**

Deutschland

٢٠٢٢/٢/١

# غوبار

غوبارەکانی مەریوان
لە دڵی سەوزی سروشتا هەڵدەکەن و
ئافاتی جەستەی گڕگرتوون
بۆسەی کڵپەن گڕی دەدەن
هەناسەی گوڵ دەگوزەرێ
مزگێنی جەنگ جاڕ دەدات و
نمەی گەزۆ
بە حەوشەی خەم
شەکراوی دابڕانێکە گڕی دەدەن
گریان لە غوبارەوە هاوێر دەبێ و
بە گەروو و تەنگەی نەسیمی ژین
گڕ دەگرێ
ئەستێرە و تریفەی شەوێ
بە خەیاڵی زرێبارا شەپۆل دەدا

کە ئەندێشە لە کەناری سپێدەوە ،

بە ئاگا دێ

ژوانی سەرە ڕێی نەورۆز

شیوەنێکە و دەگێڕدرێ

بە دەم قاوەیەکی تاڵ

ژوانی تاڵ

ژوانێك کە ڕووی نەدابێ

بە کەمەری کراسی شینی غوربەتی دەشواتەوە

پیاسەی دەم

دڵۆپە ڕۆخی ترپە سێو

بە سەر ژێی زرێبارا

بوخچە واڵاکانی ئاو

گرێ دەدا

نەبا بۆ ڕۆحی کڵۆمدان

بیباتەوە

ئەڵمانیا

٢٠٢٢/٣/١٧

# بوخچەی بەفر

## پەیڤێك بۆ نامەكان

ئەدەب بەشێوەیەكی گشتی چەندین لق و پۆپی هەیە و لەوانەیش نەخاسمە هونەری دارشتن كە بە بنەمای زمان و ئەدەب لە قەڵەم دەدرێ لە رووی رەوانبێژی و دەربرین و زمانپاراوی دا. نوسەر خۆی بە باڵای ئەم دونده هەڵزناوە و چەندین نامەی بە وشەی جوان و ناسك رازاندۆتەوە، هەر لە گەڵ خوێندنەوەی ئەو نامانە سەرسام دەبی و كە چۆن بە نەفەسێكی قوڵ هاتۆتە ئەم مەیدانە و خوێنەر لە ئاستیاندا دۆش دادەمێنێ.

نامەكان پرن لە پەیڤی جوان و ناسك سیخناخ لە هەستی شەیدای ئیشق و ئەویندا، كو باخچەیەكە پراوپر لە چیمەن و گوڵی رەنگاو رەنگهەر بە چاو خشاندنێكدا نغرۆت دەكا و دەتباتە نێو ناخی ئیشقێكی بێگەرد و بە تەوحەوە دەروانیتەجوانی رازاوەی سروشتی ئەم مێرگە، كە لە عەقڵیەتی مرۆڤێكی دوور لە نیشتبمان و دوور لە ئامێزی گەرمی ئازیزانچلۆن چلۆنیش بە تاڤگە و قەڵبەزەی سیخواری سەرنجراكێش دەوری ئەم سروشتەی داوە. بۆیە ، هەر بە خوێندنەوەی چەند نامەیەك بۆت دەردەكەوێ كە برای نوسەر بە فەلسەفەیەكی جوان و لۆژیكەوە هەڵساوە بە دانان و تەنسیقكردنی وێنای ئەم نامانە و

وەكو ستایلێكی مۆدێرنە و بە ئارایشتێكی ڕێكوپێك وەكو ماهی درەوشاوەی ئاسمان خۆیان نیشان دەدەن.

لە دامێنی هەر نامەیەكدا ، جوانی گوڵ و سەوزی درەختی گەڵا، هاژە هاژەی دەریا و نەغمەی بولبول و خۆشخوانی باڵندەكان لە هەناسەی نامۆیی نوسەردا ئولفەتیان پێوە گرتووە، هەوارێكی بۆ ژوان داناوە، هەرچی ماسی نێو دەریا و باڵندەی ئاسمان هەن بە بلوێری ئیشق سەما دەكەن و سەرچۆپی دەگرن و دەڕەقسێن و رووبارەكانیش بە سەمفۆنیای بتهۆڤن ئاواز دەژەننبۆ ژوانێك لێوانلێو لە بۆنی عەتر و عەناب و بەیبوون و حاجیلە تا ببنە هێما و سونبلی سەركەوتن بۆ ئیشقێكی پاك و بێگەرد، پاكتر لە ئاوی كانیاوی كۆسرەت و شەهدی نەباتی ئەو دیوی خەرەندی ناخی ڕۆح.

نازانم، نوسەر چۆن ئەم مێرگەی بە هەناسەی گوڵە هێرۆ و بەیبوونەكانەوە ڕاپی كردووە، چۆن چۆنیش دەڤەرێكی ئاشقی شنەبای سپێدە و زمانی خۆری ڕازاندۆتەوە و لە یەخەی ئیشقی دەدات.

جارجاریش لە بێ تاقەتی و دووری غوربەتی خۆیەوە دەسماڵەكەی تەڕ دەكا و، دەیئاخنێتە ڕووخساری شەكەتی خۆی.

من لێرەدا، بە باشی دەزانم كتێبێكی دیوانی شیعری نوسەر بە نێوی ( ئەوینێك لە غوربەت ) كە بەم دواییە بە چاپی گەیاندووە لە دووماهی بەرگەكەیدا دەڵێ :

**تۆ خەرەندی كام شكۆفەی**

**لە چ دەروازەی باخچەیەك**

**حەیرانەکەی سەر زارانی**

**ڕۆحی پەریت**

**بە تەوراتی مەسیحایی پڕ بۆن بووە**

**لە کام شەنگە گوڵی باخان**

**لە ترۆپکی و**

**ئەو سەرکز و بێ دەرەتان**

**جوانی بە سیمات بەخشیووە**

بۆیە دەڵێم ، نوسەر زۆر لێهاتووانە توانیویەتی....

- **پەیڤی ناسك**.
- **زمانی پاراو** .
- **وێنای داڕشتن**.
- **هەستی ناخ**.
- **ئیشقی پاك**.
- **فراوانی هزر**.

لە حەوتا و هەشت نامەدا کۆیان بکاتەوە و بە ئاشقان و خوێنەرانی بناسێنێ.

هەر بۆیەیش دەڵێم : شایانی خوێندنەوەن .....

**ئەبوبەکر شوان**

( ١ )

ئەم بەیانییە ڕۆحی چیمەنی کیژ و کوڕان بۆنی ئەوینی گرتووە، ئاوەزم سەراپا شیلاوی ئیشقی تۆی لێوانلێوە، لە سەر گوێسەبانەی ڤالانتاینەوە جریوەی ئەوینم نێرگزەجاڕێکی یەقین و ئەبەدییە، پەنجە تەزیوەکانت بنێ نێو لەپمەوە، با وەك جەستەت لە ئامێزم گەرمیان دابێنم، لێوەکانت بە قەد و قامەتی ماچا هەڵژنێنە، شنەی سپێدە دڵسۆزترین کەسی منە بەوی بسپێرە بۆم دێنێ، نەکەی ئەو ماچە پڕ شیلانەی هەنگوینی بە بادا ڕەوانە بکەی نەبا ببێتە گێژەڵوکە و ئەو چاوە ڕەشانەی چاوەنواڕیم کاڵ بکاتەوە، هێندە ئاشقتم نەك بە خەیاڵ گەرەکمە بە کردەنیش هەمیشە دەست لەملانێم بکەی، غوربەتیم بە نیگای سۆماکانت دەتارێ، چاوەڕوانیم بە بزەیەکت دەبێتە خانەخوێی جەژن و هەڵپەڕکێ دادەبەستێ، بە گەورەیی و جوانی ئەم سپێدە کاتێ پێڵوی چاوەکانت هەڵدەبڕی و باڵەکانت ڕادەوەشێنی بیری ماچەکانی لێوە بە ترسەکانم بکەوە، یەکەمین جێ ژوانی ماچ گەواهیمان بۆ دەدا، ئەو دەمەی داچەمیمەوە دەستەکانتم ماچ

کرد ، سەراپا هەموو لەزەت و شیلەی ئیشقی خۆم بە سەر لەپی دەستەکانتان باراند و شۆڕ بوونەوە بە سەر پەنجەکانت، ئەم بەیانییە بیری یەکەم ئاوێزان بوونمان لە باڵەفڕخانەکە بکەوە، چ هەستێك بوو شاگەشکەی کردین، ئەم بەیانییە بیری ئەوکە پڕ لە گریانەکەم بکەوە کە نەم دەویست لە من بچی، بیری ئەو نامەی ڕۆژی دوایی بکەوە سەراپا ژینمانی گۆڕی ، ئەو دەمە پەنجەکانت بە تاسوقەوە وەك ناخت دوان، گوتیان : (( کە هاتم توند توند لە باوەشتم بگرە )) بەیانیت بە یادی یەکەم ئاوێتەبوونی یەکتریمان جوانتر بکە ، بەیانیت گوڵ گوڵەکەم ، لە گوڵ گوڵتر .

١٤ / ٢ / ٢٠١٩



( ٢ )

هەموو بەیانییەك ئینجانەیەك خەونی پەمەیی بە دیاری لە گەڵ دەستی خۆما دێنم، شەن و کەوی خەونم بە، چەپك چەپك هیواکانمان باڵا پێ بکە، بەری ڕەنج و ماندوێتی ئیشق بدوورینەوە، هەموو بەیانییەك دەبمە شوانێکی بێ دەرەتانی گوندێکی نیشتیمان تا پەنجەکانی شەنگەبێریم بۆ مەڕ دۆشینێ سەرە ڕێی نیوەڕوانی ئیشقم لێ بگری، لێوەکانم تەتەڵە بکەن ببنە پریاسکەی شەونم و بە سەر کولمە توندەکانتا داچۆڕێن، چەشنی گەڵا و پەڕی گوڵەکانی سپێدان تەڕ تەڕ و بۆندار بن.

هەموو بەیانییەك ژنێك لە خەوی غەفڵەتیما وەئاگام دێنێتەوە، هێندەیش لێم دوورە ماچەکانی بە غیابیش ناگەنە ڕۆخی دەریای هیشکەوە بووی لێوەکانم، لەتەك بوخچەیەك خۆرا سەما بۆ تیشکی چاوەکانی دەکەم، ئەو دەمانە گوڵیش هەڵپەڕکێ دادەبەستێ درەختیش چەپڵە دەژەنێ، ئەزیش گوێ گری ئاواز و دەنگە بەسۆزەکەی سبەینان و شەوان و گشت ساتێکی دەبم .

بەیانیت خەرمانێ جوانی گوڵەکەم ، لە گوڵ گوڵتر .

١٧ / ٢ / ٢٠١٩

( ٣ )

لە سەر ژێی میلۆدی دڵما ئەم بەیانیە ژنێك لە باڵی فریشتە ، شۆخێ جوانتر لە گوڵ بە سەر پەلی نیگاکانمەوە ڕۆنیشتووە و دەنگی بە سۆزیم بۆ دەکاتە گۆرانی بۆ دوو سبەی تا بە هەستەکانمی بفرۆشێتەوە، دەریای جوان و ڕەنگ شینی بۆ هەستەکانم هەڵخستووە، گوڵەباغ ملی بۆ کەچ دەکا و ئاونگ بریسکەی بۆ ڕادەگرێ، بەیانیەکە تەنها دەنگی ئەو ژنە شۆخە جوانی کردووە، دەرگاکەت بکەوە با تێر تێر بۆنی هەناسەی ماڵەکەت بکەم، رۆحم لە ئۆغری شارە پڕ بەفرینەکەت بێ و لە سەر بالکۆنی داڵەنەکەتا ڕۆ بنیشێ و گۆرانی دەردی ئیشقت بۆ بچڕێ و بە چرپەیەك بڵێ ......

شەو خەوم نایە لە بەر خێڵی خەیاڵی خاوی تۆ

تا سەحەر مەستم بە یادی جووتێ لیمۆی کاڵی تۆ

بە یانیت جوان گوڵەکەم ، لە گوڵ گوڵتر .....

١٨ / ٢ / ٢٠١٩

( ٤ )

بەیانییە و لە ژوورێکی سیغناخی نامۆیی نوێدا ژێی میلۆدی نیشتیمانم زەنگی بیرکردنەوەی ساتە شیرینەکانی تۆم بۆ لێ دەدا، ئەو ساتەی هەنگوینی وەلا دەنا و بۆ خۆی شیرینترین شێوە دەردەکەوتن، خۆر لەم وڵاتە یەخسیری تاریکە سەڵایە هەنگوین ساتیمان رۆمانسی تر دەنوێنێ، تۆ خۆر و ڕۆشناییە هەمیشە بە شەوقەکەی پایتەختی چلوورەی شەختەی ، پایتەخت بە لەنجەکانی تۆوە خۆی با دەدا و جوانی دەنوێنێ، بە خەندە و قریوەکانتەوە ڕشبەڵەك دادەبەستێ و کۆنسێرتەکانی بە جۆش و خرۆشتر دەکا، بە سەماکانتەوە گۆرانی دەچڕێ، بێ بوونی تۆ ، پایتەختی بەفر کاوڵاشێکە لە رۆمانەکەی عەبدوڵلا سەڕاج دەچێ، دڵم بۆتە وڵاتێك و تەنها جێی باڵا و نیگاکانتی تێ دەبێتەوە، چۆن ئینجانە بێ گوڵ کەرەستەیەکی ڕق و تەقی بێ مانایە، ناخی من و پایتەختەکەی تۆ هەمان پانتایی ئەرزشی هەیە گوڵەکەم، نەك چرا تۆ گزنگی هەموو ڕۆژێکی منی، لەگول گوڵتر هەر تۆی خانمەکەم .

٢١ / ٢ / ٢٠١٩

( ٥ )

ئەم بەيانييە هێشتا خۆر دەستی لە ملی ماچی ڕۆشنايی نەكردووە، هەنگاوەكانم خۆيان خێران و من پێموايە سست و خاون و ناجوڵێن، ڤينۆسەكەم تۆ دەزانی من شەڵتانی ئيشقت بوويم و شيلەی ترۆپكم لێ دەچۆڕێ ، هۆكارگەلێ لە تەك هەنگاوەكانم خاون خاو، نازانم من پەلەمە يا ئەوان نارۆن، ، ديقەتی سروشت دەدەم خۆی لە تەدارەك داوەو ڕازاوەتەوە ئيدی لام سەيرە نازانم من جوانی دەبينم يا بۆ من و تۆ خۆی لە بالآيی دوندی جوانی ناوە، ئەم سپێدە ڕۆژێكە لەو ڕۆژانەی بە ئاوی زێڕ دەينووسينەوە، ڕۆژێكە خەرمانی گوڵ هەڵدراوە و تۆ لە تێكرای جوانتری، ڕۆژێكە هەردووكمان نازانين چۆن ناخی پڕ ئاه و کرووزانەوەمان بۆ يەكدی دەربڕين، ڕۆژێكە خەو تارە لێمان، بولێڵی سبەينان بە شەبەقی نەورۆزی دەبينين، مەيلمان لێيە گۆرانی سوتان بۆ يەك بڵێين، حەز دەكەين تێرتێر يەك لە باوەش بگرين، بشێ كەی ئەو ئامێزەمان بە سينگی يەكتر تينوێتی يەك بشكێنن و گەرم بنەوە، دەزانم دڵم بێ تۆ ناسرەوێ دەزانی بۆ ....؟ چونكە ناخ و رووخسارت پاك و جوانن، لە گوڵ گوڵترن.

٢٣ / ٢ / ٢٠١٩

( ٦ )

بەیانییەك گوڵەكان یەكدی دەدوێنن، باغەوان لە سۆراغی گولەباغێكی بۆنداردا، حەزی منیش عەودالّی گوڵە شلێریٚ لە شلێری پێنجوین جوانترو سروشتترو فێنكتر و ناسكتر و ڕەونەقتر، وەلیٚ هەموو ئەو جوانیانە ناگەنە بستێك لە بالاّی شۆڕە بێیەكەی گویٚ چەمی ئەوینم، ئەو شۆڕە ژنەی مێخەكی ناگاتیٚ، بەیانییەك تەمی كزەی جەرگم بڕوێنێتەوە خۆری جوانی سەرەتاتكێی ڕێی كانی و نێو ڕەزان بۆ یەك بلّێینەوە، پەخش بین بە سەر جیهانا كیژان و كوڕانی كورد بەر لەوانی دی لە بەرۆكی ڕێی ئەوینی خۆیانمان بدەن، لە بەیانییەكدا سەدای نەی بیٚ، قالەمەڕە بە شمشالّی بلورینی ئاوازی ژیانێكی دەسلەملانێمان بە پەنجەكانی بۆ بكاتە گۆرانی، لە نێو سروشت و چەم و دۆلّی ڕاوگان و گۆخلاّنا سەدا بداتەوە، دلاّن بە كامی خۆیان ئاسوودە بن، ژیان بە نوێبوونەوە ختوكە بدریٚ ، چاوەكان بە ڕوونی ڕوو لە ئاسۆ بن، ئیشقی ئێمەیش جوانتر لە جاران لە قەلّبەزەی تاڤگەی خۆیدا بیٚ گوڵەكەم لە گولٚ گوڵتر .

٢٥ / ٢ / ٢٠١٩

( ٧ )

نازانم ئەم بەیانییە لە میلۆدیم یا دۆدمانی بابان، لێوانلێو پڕم لە قاوە ، تاڵی قۆرخی کردووم، لێوە هەنگوینییەکانی سێبووریت نەباتیم دەداتێ و تاڵی مەحوو دەکاتەوە، ئەو ئیشقە لە دوندی ژیلوانەوە بۆ چاڵەوا و دۆڵی جافایەتی شۆڕ دەبێتەوە رووەو باکوور ملی هەنجیرە دەگرێ تا لە دەم زێی دوکان دڵی بە کوڵ و سوتاومان فێنك دابێنێ، دڵێك بۆ خەمی یەك نەبێ ژیانی لێتەحریمە وەك مارە بڕینی خوشك و برا، راستە بەیانییەکی غوباراوی دوای تۆ هەڵدەگیرسێ و ئافاتێك دەنێتەوە و منی سەرەڕۆ خۆمی دەدەمە بەر و تا توونی بابام بەرێ، هەر کات ئومێدی هاتنەوەت نەبوو، ئەوە بەخت و چارەمە، دەنا تۆ هەر لای من باڵا دەکەی باڵا ، گوڵەکەم ، لە گوڵ گوڵتر .

٢٠١٩ / ٢ / ٢٧



( ٨ )

کازیوەیەك بێ بیرکردنەوەی ژوانی نوسین مانا و چەمکەکانی خۆی دەسوتێنێ، گزنگێ بە بێ ئەندێشەکردنی ڕۆژانی ڕابردوو..... تەمەن ڕووە و کزبوونەوە دەبا، بەیانیانێ بێ تێفکرینە، هەستە جوانەکانت مۆتەکەیەك بینەقاقای هەناسەم دەتەنێ، چۆن ساتەکانم بە ئازاری دووری تۆوە دەبەمە سەر هەر ئاوایش مەحاڵە و ناکرێ پەنجەکانم یادەکانی پێکەوەییمان نەنوسێتەوە، ئەگەر بێت و ڕۆحم بە سەر شاباڵی پایتەختدا نەفڕێ و لە گوێسەبانەی کولیتەکەت لە شەققەی باڵ نەدا، ئەوا هەموو بەیانییەك روحم دەگری ژیر نابێتەوە، وەڵامی تۆ ئەسرینەکانی دەسڕێتەوە، هەموو سپێدەیەك بینایی دیدەم لێڵە تا ئەو دەمەی حەرفەکانت دەردەکەون، گشت سپێدەیەك دونیام بە سەردا دادەتەپێ جیکەی زەنگی نامەکەت دەبنە شەبەقی تروسکایی و لە تەمەنی نوێما هەڵدێ ، باغچەکەم بە تۆ پڕ گوڵ دەبێتەوە، گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر .

٢٨ / ٢ / ٢٠١٩

( ٩ )

بەیانییە و مەیلی دیتنی چاوەکانت ناخی هەژاندووم، پەنای پێ بردوومەتە بەر ئاوازی بەستەی مەستبوونی ئەوین، وشکە سۆفی نیم تا گلەو گازندەم بێتە سەر، ئەشق خۆرێکی بێ ئەندازەی ئەوینی تۆم، سینگم قاژقاژی شەقار بوونی گرتووە، مەحاڵە هەتوانێ هەبێ سارێژی بکا جگە لە بزە و خەندەیەکی لێوە ناسك و پڕ تریفەکەی تۆ نەبێ، دەروێشی ناختم لە تەکیەی سەر سینەت زیکر و تەهلیلەی سۆزمە بۆ باڵات، لە بەر دەرگای بسکتا هەموو سپێدەیەك تەسبیحاتی مەیل بوونم دەکەم، دەپێم بڵێ حەیرانت بم ، خالقی کردگار چەند ڕۆژ و مانگ و ساڵ بە دیار هاوێربوونی نەخشی جوانیتەوە مفت و دەستەمۆ ببوو تا بێ ئارایشت ببیتە جوانێك لە گوڵ گوڵتر بی .

١ / ٣ / ٢٠١٩

( ١٠ )

لە تەك خۆر پێكەوە ئەم بەیانییە باڵای جوانترین ژن ماچ دەكەین، ژنێك لە ترۆپكی چیا بڵندتر، لە ئێڤرێست سەختتر لە بەفرەكەی سپیی تر، لە شەونمی دەم كازیوەیەكی گزنگ تەڕتەڕ تر، بەر لەشەبەقی رۆژ روونتر و پاكتر ، ژنێك سەدای بە سۆزی دەنگی میلۆدی لە بولبول خۆشخوانتر، قسەكانی خۆشمەشرەب و دییەكانی پڕ غەمزەی سیحراوی ئیشق، ژنێك جوانتر لە مانگ و ئەستێرە و گوڵ، پرچی خاوتر لە ئاوریشمین، باڵای زەنگی وریابوون و دووراو بە باڵام، ژنێك لەش و لارێكی نەرمتر لە لۆكە، ژنێك پڕ هەیبەتی ژنێتی، ژنێك پڕ لە زیكر و تەهلیلەی تەكیە و خانەقای شێخان و لێوانلێو لە وەسفی حەیرانی هەولێریان و هۆرەی جاف و ئاوازی كوردی، ژنێك بە ناوی كرۆكی ژنانەوە ئیلهام بەخشی نووسین، ژنێك ئاڵ و والاتر لە گوڵ و هەر خۆی لە گوڵ گوڵتر.

٤ / ٣ / ٢٠١٩

( ١١ )

بەيانييە و پەنجەكانی بە نێو چيمەنی سينگما پياسەی لە گەڕانی رۆمانسيەتا نغرۆ بووە و بۆنی سينگی توكنيم دەكا، بەيانييە و باڵا لاولاوی خۆی لە قەد قامەتما رۆنيشاندووە و باڵای شیر ڕەنگی لە لەشی گەنم ڕەنگيم دەسوێ و لێوەكانی پرتەقاڵی دەكەنەوە، ئەم بەيانييە بە حەسرەتەوە لەو سەری جەمسەری هەناسەمەوە دەگەڕێتەوە، بەدەم ئەو خەياڵدانەی سپێدەمەوە، بەيانيت بە سڵاوی سپێدانم جوان دەكەم وەك ئەو ئاشقانەی سەرە ڕێ لە ڕەيحانە دەگرن و چەپكەنەی دەكەن بۆ سينگی يار، بەيانيت لە تەك ئيشقما هەر لە سەماكردن بێ ، ئەو سەمايەت كە فێری كردم لە مەرگ نەترسم چونكێ لە جوانی سەمات حاڵی بووم بە ئەشق و تەواوی تەوحەوە لە تەك ريتمی مۆزيكێكدا بۆم دەلەنجێنی، روحی دابڕان پەی پێ نابەی گوڵەكەم لە گوڵ گوڵتر .

٢٠١٩ / ٣ / ٧

( ١٢ )

بەیانییە و ڕۆژی ڕێزی ژنە، ئاخر بۆ وا بێ هەر ئەمڕۆ ڕێزی تۆی ژن بێ، تۆ لە قەراغی تەمەنمەوە بووی بەتەواوی ژیانم و لەو ڕۆژەوەی ئاسۆی خۆرت لە دڵما هەڵات ڕێز و نۆکەریم بە باڵای روح و گیانتا دووریوە، تۆ تەنها نیت لە تەك ملیۆنان کیلۆمەتری دەمارەکان خۆپیشاندانتان لە سەر شانەکانی هەنگوینیم ساز دا، کەرنەڤاڵ و ئاهەنگێڕانی ڕۆژانە و ساتەکانت خەرمانی پیرۆز بوونی ڕۆژی ژنە نەك هەر هەشتی مارس تۆ لای من ژن بی، تۆ چرکە بە چرکە ئەو ژنە تەلیسمەی هۆگری هەگبەی هەڵڕشتنی بەمەیلکردنی خۆتیت لە دونیای تەمەنی عەوداڵیم بۆ ئازادیت بۆ جوانی بیر و خەرمانی ڕەفتاری مەعریفیت، تۆ گوڵە وەنەوشەی دونیای سۆراغی منی، نەك سەد و یانزە ساڵ بەر لە ئەمڕۆ تەواوی مێژووی رابردوو تۆیەکی تری نەخولقاندووە و نای خولقێنێ، ئەوە ئیحاکەی تۆیە وام پێ دەڵێ کە تریفەیەکی لە هەشتی مارسا لە هەرە جوانەکانیانی گوڵەکەم لە گوڵ کوڵتر.

٨ / ٣ / ٢٠١٩



( ١٣ )

لە گەڵ کازیوەی سپێدەدا قەڵەم لە وەسفی ژیری و جوانیتا لە خەرەندە نایەتەگۆ و نقیساندن، مەملەکەتی وشە و ڕستە و نووسین لە ئاست ئەو خەسڵەتانەتا هەگبە بەتاڵ و شەرمندەیە، هەروەك چۆن بیرکردنەوەکان ناگەنە قولەپێی تێفکرین وگوڵ بە جوانیت ناگا و دەژاکێ و سیس دەبێتەوە، هیلالی بەدری یەکشەوەیش نە تیژی باڵەکانی بە تیژی بیرت دەگا نە لە هەڵهاتنەوە تا ئاوابوون بە سەمای تیشك و تریفەیەوە بە جوانی برۆکانت دەگاو لە شەرم و خەجاڵەتیدا خۆ لە چاوی مرۆڤان و ون دەکا و ئاوا دەبێ، بەیانییەك بۆنی ژنێتی سەردەمت گرتووە، بۆنێك بە دالآن و ژوورا پرژێن بۆنت کردووە، ڕەنگالێی پەلکەزێڕینەی پاش بارانی خۆریشت ناگاتێ، ڕەنگالەیی حەوت تەبەق خۆ ئاوێتە دەبن و هەر پێت ناگەن، ئەم بەیانییە ئیشقت گەرمتر لە ڕۆژان دنەم دەدا ناخ پاك دەکاتەوە روح بە فریشتەیی ، ئەم بەیانییە ژەمێك لە جوانی و میهرەبانیت بۆتە نەخشی ڕۆژبوونەوەی نوێ ، لە گوڵ گوڵتر دەرکەوتووی.

٥ / ٣ / ٢٠١٩

( ١٤ )

ئەم بەیانیەت لە وەنەوشە جوانتر و لە گوڵەباغ بۆندارترلە باران تەڕ تر و لە شنەی سپێدان فێنکتر، جەژن و ڕۆژت پیرۆز، پیرۆزیی نەخشێك بێ تەنها بە باڵای ژیری تۆیا بدووریێت، ڕۆژێك لە ڕۆژانی دی ناچێ، پەلکەزێڕینە لە تەك هەور و نمەبارانا هەڵپەڕکێی ڕۆژی بۆ ژن دابەستووە، مانگ خەرمانەی کردۆتە بازنەبەندی پاراستنی ژن، ئاواز و دەنگی بە سۆز و خرمژن و ئۆغژنی دڵشادیت پیرۆز، هاوژین و ئەزیزی سەفەری تەمەنم یاقووتەکەی سەر دڵ دڵنیام کێوە سەختەکان دەبڕی و گاشە بەردەکانی سەر ڕێی ژیان دەهاڕی ، هەوراز و نشێوەکان تەخت دەکەی، خەرەندی تەمەن دەبەزێنی، ژنێکی بڕوا بە خۆ بوونت لە هەموو ژنێ لا پیرۆز و بەهێزترە، ژنێك لە بیر و زانست کامڵ ، ژنێك سەرچاوەی ئیلهامی پێشخستنی کۆمەڵ، تۆ ئەو چراتۆڕەی دەروازەی نەهامەتی و دواکەوتوویی و نەزانین ڕۆشن دەکەیتەوە، تۆ ئاوەزێکی هاوچەرخی بۆ کۆمەڵی کوردی، ژنێکی مانای چەمینەوە نازانی و هەر بەرەو دوند و ترۆپك هەڵدەزنێی، هەنگاوەکانت لە

دامێنی عەقڵانیەتەوە هەڵدەنێی، ئاااای چەند بە تاسووقی پێشکەوتنی کورد و تووڕدانی کەڵچەری نامۆی لای نەتەوەکەت، بەیانیت هەر باش و جوان بێ, ئەزیزەکەی هەمێشە ڕۆشنە ڕێم شەوێ سەرقاڵی ئەم نووسینە بووم و سەردل گرتن زێتر ئیشقی لە ناخما داچۆڕاند و بە سەر ڕێی تەمەنمانا تکا، هەر دەڵێم تۆ ئەو ژنە بێوێنەی، لە گوڵ گوڵتر .

٦ / ٣ / ٢٠١٩

( ١٥ )

بەیانییە و سڵاوێ لە دڵێکی پڕ خۆشەویستی و ئیشقداری بێگەردەوە بە قامەتی نیگاکانتا هەڵدێ، هەر دە پەنجەکەم بە والآیی و لەرزۆکییەوە لە سەر ستوونی باڵەکانم خۆیان ڕاگرتووە و بە کەفوکولی ناخی مەینەتییەوە رووە و ئەو ئاسمانە شینە جوانەی بە مانەند تەوزیفی کردووە و لێی دەپارێتەوە، لە حەژمەتا کرنووش دەبا تا چاکبوونەوەت بە باڵا بدووریێ ، لە دوور ڕا هەر هێندەم لە دەس دێ تاکە ڕێی بەر پەناداری بێدەسەڵاتیمە ، ئەم بەیانییە لە پڕ ڕەوی تاقەت و هێزداریت مرۆیەکی سست و ڕزیلی بەردرگای ئیشقتم تۆیش لە عەودالٚ و سۆراغی بیمارستان و پزیشکێکی لای دۆراندۆرت بە، نەبا جگە لە پەتا سەرما دەردە ئیشقیش ڕەواجی خۆی باراند بێت، بەیانیت جوان و پڕ ساغلەمی ئازای بەدەنت بێ ئێش و ئازار ، دولبەرەکەم لە گوڵ گوڵتر.

٢٠١٩ / ٣ / ٩

( ١٦ )

ئەم حەزەی من هەر نەبڕایەوە، ئەم دڵەی من هێندەی ناسۆری و دووری تۆی چەشتووە قەتماغەی برینی هیچ هەتوانێ سارێژی ناکا، گۆشەگیربوونم لە تەك ئاوابوونی خۆرا دەس لەملی خەم نایەوە، ئاسۆی روون بە نیگای رووخسارت سینە و ئەوکی ڕەشم ئۆغری تونی بابای کرد، گۆرانیەکەی ئەمەلی سەعید کوردەت هێندەی تر شیرینتر و بە تەشویقتر کرد، شۆڕشت بە گوێی گەنجا چرپاند، ئاوێنەی ئاکارەکانت ڕەنگاڵە و پڕ حەسرەتی دەروێشبوونی خولقداری یەکتر کرد، بە ژێی کەمانجەکەت تالییەکانت بە بەستەی بەزمی چەپڵەکرد، تۆ ئەو ژنەی غوباری رۆژگار و بولێڵی سبەینان پەییت پێ نابات، دەبییە شەونم و گوڵ پاك دەکەیەوە، دەروونی جوانت بۆنێکی شانێلن و بە بەیانا پەخش دەبن ، گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر

١١ / ٣ / ٢٠١٩

( ١٧ )

کەی وەرزی بەیانیان لە شەرما ئاسۆی خۆی لە ئاست تۆیا ڕوونکردووە خۆری لە بانێژەی زەوی سەرەتاتکێی کردووە، کەی خونچە جورئەتی کردووە لە هەمبەر تیشکی ڕووتا چرۆ بکا، کەی گەڵا جەسارەتی نواندووە و لە خەزانا سەما بکا کە سەمای تۆ عەرشیّ بلەرزێنیّ، کەنگیّ چنار وەك تۆ بە دەم شنەباوە جوانی لەنجەی تۆی نمایشکردووە، تۆ نەك ژنێکی لە مرۆ تۆ دنیایەك سروشتی دلرفێنی، بۆیە بەیانیانم بە تۆوە جوان دەکەم، شیلانەکەم گەر سڵاوی دەم سپێدەم بە شەماڵا ڕەوان بکەم، ئەوا گومانێك لە ئەوین و ئیشقی پەیدا دەکا، گەرەکمە هەموو بەیانییەك روحی مرۆڤبوونمان بگۆڕینەوە لە ئامێزا قەڵاچۆی رك و کینە بکەین، لە دەنگمانا بەستەیەك بۆ خۆشەویستنی یەك بچڕین، نامەویّ دەنگێکی سڕك بین ، گەرەکمە هەست و نەستێك بین لە شەققەی باڵی پاسارییەك ڕاچڵەکێین و هەناسە ببەخشینە یەك، ژنە جوانەکەم بەیانیت هەنگوینتر و لە گوڵ گوڵتر .

١٣ / ٣ / ٢٠١٩

( ١٨ )

بیرت دەکەم ..... پەنجە خەپەکانت لە نێو ئەڵقەبەندی پەنجەکانم بلاولاوێنە، تۆ ژنێکی لە فریشتەی پاکی و جوانی و ئەوین و ئیشق و سروشتێکی ڕەنگین، تەمەنێك شەیدایی و هۆگری خۆی بۆت دەنوسێتەوە، لێوڕێژم لە ئیشقی پاکیت، بە خەمزەی چاوەکانت دەستنوێژی پاکبوونەوە دەگرم، زنەی خەندەی لێوەکانت کابەی ئەوینمە بە بەرماڵی قریوەتا هەڵدەزنێم و بۆنی چاو و گەردن و شەدەلاریت بەدەم شنەی مەیلەوە دەدەم، ئەم تریسکەی لەبی شیرینتە سەدای لە شیو و دۆڵ و چیای ناخما دەزرنگێتەوە، دەنگە بەمیلۆدییەکەت چرکەی میلژمێرەکە ڕادەگریٚ تا هیشکە لێوی بیستم بە ماچی ئاوازەکانت تەڕ دەبنەوە، ئەوینم ئەم سپێدە وەك قومرییە سەر باڵ شینەکەی حەسەن زیرەك بە سەر تەنافی نیگاکانتا شۆڕ بۆتەوە، خەون بە دیدارتەوە دەبینم، شەکەر باری سۆمات نەبات دەبارێنیٚ و تۆ دەپشکوێت و خەرەندیٚ جوان دەکەی، سلاو...... بەیانیت بە کرنووشی منەوە قەشەنگ و بە دەنگی حەسرەتمەوە ڕۆشن، بەیانیت ڕەیحانە و بۆنی من، گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر.

١٤ / ٣ / ٢٠١٩



( ١٩ )

ئەم سپێدە .... لە نێو هەنگوینی وشەکانما ڕاکشاوی، بووی بە دێر بە دێری نوسینەکانم و دێی  بە سەختەن و کووڕەنی ئالوودەبوونما هەڵزنای، پەیوەستبوونی هەموو بەیانییەکم هەڵواسینمە بە پەتی سێدارەی تۆزی پێتا، چرپەکانت تووڕم دەدەنە هێلانەی باڵدارە ئەویندارەکان، خورپەی دڵم ژانەکانی سیەینێم هەڵدەوەرێنێ، چرۆ و خونچەی نوێ دەگری دەبیتە باغێك پڕپڕ لە بۆن، ژوانێك دادێنی بۆ خۆیشمان بێ ئاگا لە سات و شوێنەکەی، هێندە نەبێ هەر سەرەتاتکێی ڕۆیشتن و ماڵئاوایی تەمەن دەکەین، کاتە کورتەکانی دابڕان دەبێتە ساڵ و هەر نابڕێتەوە، لێ تۆیش لە نێو لانکەی دوو کەڵی جگەرەتا ڕامژێنە با نەکەومە سەر خاك و گێژەڵوکەی ناهومێدی لوشم نەدا و لە کۆیلە بوونی تۆیا بخولێمەوە، تا هەناسەم هەبێ پیرە ڕێبوارەکەی سەرە ڕێی ژینتم، خەونەکانم لە دوو توێی پرچەکانتا حەشار بدە، با بە سەر سینەتا شۆڕ بێتەوەنەبا شنەی بەیان بە کزەی خۆی بیڕچێنێ، ئەمجارەیان بێ توێشەبەرەی پەنجەکانم دێ، ئەم بەیانییەت پڕ لە هەناسەم، گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر ...

١٥ / ٣ / ٢٠١٩

( ٢٠ )

ئەم بەیانییە هەولێر بۆنی تۆی گرتووە، روحت بە ئیسکانەوە لکاوە و چاوە خومارییەکانت بە نێو ئەپارتمانەکانی زەکەریایا پیاسە دەکەن، سۆزێکی فرزندەیی پڕ دڵت لێ دەچۆڕێ کەچی ئەو دڵەت لە خیابانی ئیگەنۆڵفی فریکهۆڤنا جێماوە، ئازارە سەختەکانم کپ دەکاتەوە و ئەو هەتوانەیە حەکیم وەك دەوای چارەسەر بۆی نوسیومە تەنها دڵت شیفای دڵم دەدا، ئەم سپێدە بە هەموو لرفەکانی تاڤگەییتەوە بە تەواوی پڕ خەیاڵتەوە، وەك جوانترین شۆخێ دەردەکەوی کە وێنە و شێوەیەکی وەك تۆ نییە ، ئەو سیما و ڕووخسارەت زەنگیانە یاقوتییەکانی پڕ بریسکە کردووە، لە جریوەی ئەستێرەی شەوی دەیجور بە زریوەتر و بریسکەترن، بشێ پەلکە زێڕینە ئیرەییت پێ نەبا، گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر....

١٧ / ٣ / ٢٠١٩

( ٢١ )

سپێدەیەکی سارد سارد، کزەی با ڕاموسانی ڕچینمان لە ئامێزی خۆی دەنێ باوەشێنی جووتبوونمان دەکا، دێیت و تەمە سپییە تەزیوەکانی ئەو دیو بەستەڵەکی پەنجەرەکەم دەتارێنی، وەك درەختەکانی پاییز گەرەکتە هەموو گەڵاکانی جەستەت هەڵوەرێنی و بە دەم تاریکستانی خۆرەوە مەحووی بکەیتەوە، دڵم گەرمتر شانە بکەی تا ئالوودەتر و سوتاوت بێ، غوبارت لە خۆ تەکاندووە و بە جوانی و ڕەونەقی ئاونگەوە دەرکەوتووی، لە تەك شەرابی غوربەتیمان کوانووی گێلاسێکم بۆ دادەخەی، سەما بەدەم کلاوڕۆژنەی نەیەوە دەکەی، ژوان دەخولقێنی، ئیشق گەورە دەکەی و بست بست بۆ زنەی ئەوین لە دارە دارە دەکەوێ و پێ دەگرێ، چریکەی حەیرانت باهۆزێ کپ دەکاتەوە، چاوەکانت دەبنە خۆری دەمکەلی گزنگی بولێڵی، ئاسمانی تەمەنم بە تیشکی تریفەتەوە شەوق دەدا و پەلکە پەشمەکینەییت بە نێو هەرد و دۆڵ و نشێو و خەرەندی دڵسوتاویم پەخش دەکەی، جوانیت دەبێتە سەمفۆنیا و نەشمیل نەشمیل دەبییەوە ئەو ئاوازەی ئەو شازادەی لە ئەندێشەکانما نەخشەی تابلۆ بوونتم تیای دا کێشا بوو، با ئەم بەیانییەدەربکەوی کە لە گوڵ گوڵتری.

١٦ / ٣ / ٢٠١٩

( ٢٢ )

ئەم سپێدە خەیاڵدانم خەم و ئازارەکانی شەوی بووری شەن و کەوی دەکا، ئەسرینم بە بارمتەی وشە گریاناوییەکانی تارمایی ئەو بولێڵە دەسپێرێ، بوغز و کینە دەتەکێنێ، نمەی ئەم سپێدە کۆڵێ خەمن بە سەر زێی زامی دووری و بێکەسیمانا دەبارێ، هەورییەکەت بکە چارۆگە و فرمێسکەکانمان بۆ یادەوەری کەنەفتیمان بپێچینەوە، ئاااای ئەم دووری و نامۆبوونە چ ئازارێکی سەختە، زیکر و تەهلیلە و دەروێشان و خەڵوەتی پیاوچاکانی ئاشقانیش فریاد ڕەسمان نابن، جوانییەکانی ڕابردوو دەبنە شەپۆلە بە چنگ و سەرشێتەکانی ڕۆخی دەریای دابڕان گریانە بە کوڵەکانی پشتی تەمەنداریمان بە گوڕتر دەکا، دەژین بۆ ڕۆژانی پەنهانی و جاویدانی وەهم چاوەنوارمانە، ئەو دەمانە شینی من گەرمتر دەبێ ئافاتێ ڕووم لێ دەنێ هیچ ئاشقێ پەی پێ نەبردووە، گۆرانییە تەماوییەکانم گوزارەی بەدبەختیمن، پێکەنینەکانم بە باری خەم و ئازارن خۆمیان فریوداوە، بەیانیت لە تەك حەسرەت و کەسەربارییەکانم بە سەر مەبە، با ئازارەکانم هەر خۆم بخۆن و تۆ رانەچڵکێنن، لێمگەڕێ هەر خۆم خۆم بخۆم، تۆ هەر ئەو گوڵەی کە لە گوڵ گوڵتری.......

١٨ / ٣ / ٢٠١٩

( ٢٣ )

دەمەدەمی گزنگیٚ ... ئەوینی ژنێك لە منا حەشاردراوە ، دەسكەنە و درویٚنەی هەر بە بای وشە سیحراوییەكانی غوربەتیما هەڵواسیوە، تا چەخماخەی ڕستەكانم لە تۆوبوونی خۆی لە منا بدینێتەوە، ئاویش ڕێچكەی خۆیم تیا بگریٚ و تەڕ و پاراوی روحتم بكا، ئەو ژنە شۆخە ئەو رۆژە جیهانییە جلوەكێشێكی گێلاسییە و لە هەناسەم خەراباتی شەو دەدوورێتەوە، تو ئەی ژنی بەژن ژن حەقیقەتی ژنبوونی خۆت لە خۆم نا لە منا چنگ بخە، ئەو بەفرە لە سەر یاخیبوونی تۆوبوونتا ڕامالەو با پێكەوە بەیانییەكی جوانی ئەو دیو پەنجەرە تەڵخەكەم ببینین، هەناسەسواریم بەرەو پایتەختی ڕچینی تۆ ڕەوانبوونی شەبەنگی شەوان دەژمێریٚ، تۆ دوندێك لە میهرەبانی و ژنێك لە تریفەیی و چرۆیەك لە گوڵ دڵەكەم ، لە گوڵ گوڵتر .

١٧ / ٣ / ٢٠١٩

( ٢٤ )

لە بەرەبەری سپێدەوە ئەندیشەکانم بۆ بەر لە خۆرئاوابوونی نیشتیمان دەفڕێ، لێرە و لەوێی ترۆپك و لاقەدپاڵ و تەلانی چیاکانەوە ڕۆشنایی و گڕی ئاگری خۆشی و هەڵهاتنی ڕۆژێکی نوێ و دڵی نەتەوەکەمی بۆ شایی و ڕشبەڵەك جۆش داوە، دەشت و دەر تارای ئاڵ و والآی ڕەنگاڵەیی ولآتی پۆشیوە، ئەو بەزم و هەرایە لە دوورەوە دڵی تەنیوم و لە کەیفسازییەوە پەنجەکانم دانە دانەی پیتەکانی وشە و ڕستەکانم دەچنێ و لەم نامە هەست بزوێنەوە دنەت دەدا تۆیش خۆت بسازێنە ژیکەلە نەشمیلانەکەم لە سەیرانی سبەی بە دەم وەنەوزی خەیاڵدانمانەوە، بچینەوە پیرە هەولێرێ و پێکڤە دەستی گۆڤەند و دیلانێ بگرین، وەك مناڵە لاسارەکان لە دەوری ئاگرێکی نەورۆزی ڕچینی دەست و پەنجەکانی ئێرەمان گەرم بکەینەوە، تەنها زێد و ئاوێزان بوونی گەرمبوونەوەمان پێ دەبەخشێ لە کەشتی خۆشییەکانیا بەرەو ڕۆخی ماڵێکی قشت شەپۆلمان پێ دەدا، ئەودەم گوڵیش دەکەوێتە خەندە، چونکە لە گوڵ گوڵتر گەڕایەوە زێد ..

٢١ / ٣ / ٢٠١٩

( ٢٥ )

له دەفتەری ئەم سپێدە سپییەی ئەندێشەمەوە لە دەوری باڵات دەگەڕێم، هەڵسە بەدەم ئەو تاڤگەی خەیاڵەوە پیاسەیەکی نەورۆزانە بکەین، لە مەلا ئۆمەرەوە پێکەوە چاو دەبڕینە تونێلە داخراوەکەی پیرمام و بە نیگایەکیش لە نەینۆکەکەوە دەڕوانمە ئەو ئاپۆڕا و حەشاماتەی لە پیرە هەولێرەوە هەڵساوە و بۆ توانەوەی بەستەڵەکی زمستانەی ناخیان بەڕێ کەوتوون و کەفو کوڵی بە جۆشیان تاو داوە بۆ شایی لۆغانی ئەم نەورۆزە، سنەوبەرەکانی خانزاد جوانی رۆژئاوای بە نیگای هەردووکمان نیشان دایەوە، هەر کە داگەڕینە خوارەوەیش لە سیدی ترومبێلەکەوە باکووری دەنگە بە سۆزەکەی لێ هەڵبڕی .....

هەڵسە هەڵسە کیژی جوان ... بە هارەو کاتی سەیران

درەنگە خۆت بگۆڕە ........ با بڕۆین بۆ بەستۆرە

گوێم لە دەنگە ناسکەکەتە بە چرپەیەکی بەیانیانەت دەڵێی بشێ بە هەورازەکەی پیرماما هەڵزنێین یا تونێلەکە دەبێتە ڕێمان، ئیدی قەدەری من و تۆی دوورە وڵات وابوو بە پێچاوپێچە کەمکراوەکانی

چیای پیرمام هەڵگژاین، لەو دیویشەوە بۆ کۆڕێ و شێرەسوار ملمان نا، ئیدی تا حاجی باییز گۆرانیە خرۆشەکانی ناو ترومبیلەکە هەر وەك شەوانی ڕابردوو مەست مەستی نێو نەورۆزی کردین، بەیانیت ڕەنگین وەك ئەو دەشت و دەرەی کوردستان گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر ....

٢٥ / ٣ / ٢٠١٩


GAFTAR 2019

( ٢٦ )

بەیانیت جوان، بەیانیت روحی من ، بەیانیت خەیاڵدانی رۆژ و شەوانم، جوانیت ئیلهامی شیعرم، هەناسەت نوکی قەلەمم، روحت دەفتەری نوسینەکانم، سینکت کتێبخانەی کتێبم، جوانەکەم، دوو رۆژە ئافاتی مەرگ تێم ئالاوە نازانم ئەو زویر بوونە لە کام یاخی بوون و هەڵەوە ئیلهامی وەرگرت، لە کام ژیلەمۆی منەوە پێیەکانتی ئەزیەت دا و لە دڵەوە داخورپای و ئەو ئازارە بە دڵی میهرەبانت گەیشت، پەنجەکانم هەڵوەرێن کە بیٚ رێزیان نواند و خەمیان کردە دیاری ، لە بری نوقلانەی خێر ئاتەشگای لە دڵی من بەردا، شیرینەکەم گەر نیازت وایە لە دەرگای دڵتەوە سنووورداشی ئەودیوی ئەوینم بکەی ئەوا من لە پەنجەرەی چاوەکانتەوە ئاوێتەی ئیشقت دەبمەوە و لە خەڵوەتی ئەبەدییەتت هۆگر دەبم، تۆ ئەو جوانەی گوڵت پیٚ ناگا، دەڵێم داڕزیٚ ئەو پەنجانەم نمەك حەرامی دەرهەق بە بوونت بکەن....

( ٢٧ )

بەیانیەك بە جوڵەی شنە تەنگبوونی دڵم هەڵوەرێنە، خەندە و بزەیەك بە دیاری ڕەوان بکە با کەنەفتی دوو ڕۆژی بووریم لە هەگبەی سەفەری بێ گەڕانەوە بنێم ، جارێکی دی ئەو مۆتەکە سپڵە و وەیشوومە نەك دەرگای ناخمان گوزەری هاموشۆی ئەویندارێشمان پەی پێ نەبا، ئەمڕۆ بە باوەشێك بۆخچەی پڕ موژدەوە بگەڕێوە، خانمە ئەویندارەکەی سەر بەڕەی ئیشقی کەمانجەژەنینم ئەم دوو ڕۆژە قەڵەمی سڕم تەزیوی زویر بوون نییە وا نامەکانی ئیشقی بۆ بەر کۆڵانی بەر نیگاکانت نەنوسیوە، ئەزیزەکەم وەك هەر پشوویەك هەفتانە دوو فرسخە ڕێ دێڕەکانم دەبنە ڕچینی بەر مەرقەدەکانی حەوانەوەی خۆشەویستیمان خۆی لە هەگبە دەخزێنێ و زەنگی مۆبیلەکەم بە نامەی تۆ وەئاگام دێنێ ، هێشتان شڕەوشاتاڵی پێخەفمان نەپێچاوەتەوە لە ئامێزین و دەنگەکانمان ئاڵوگۆڕ دەکەین، هەستەکانی یەك لە نامەی بەیانیانمان جوانتر دەکەین، نەورۆز بە جوانتر دەبینین، دۆراندۆرمان دەکەین بە گوڵ گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر....

٢٥ / ٣ / ٢٠١٩

( ٢٨ )

به نێو کارێزی سپێدەما هەنگاو بنێ جەستەم زیغ و چەوی ڕەنگاوڕەنگی بن ئاوە و پێی لێبنێ با ئەو تابلۆ جوانە بێ کە هێشتان فڵچەی هیچ هونەرمەندێ سکێچی نەکێشاوە، وەرە و پێم لێبنێ با ئەوین فێری گەنجان بکەین، تەلیسمی کەڵچەڕی نیشتیمان تێك بشکێنین، ئێرەیی لە بەردەرگای ئەویندارانی ئەوێ بچنینەوە، نەستەلەی شیرینی ڕاستگۆیی ئیشق ببارێنین، هەتا بە چێژ و چەشەی ئیشقەوە وەئاگا بێینەوە، تۆ ئەو ژنەی وانەی ژیانت بۆ وتمەوە، با کیژانی وڵاتم لە تۆوە فێر بن پەیامی جوانی ناخ توێشەبەرەی سەفەری ژینیان بێ بەر لە جوانی ستایل، شکۆمەندی بالأبوونی ژن پەخش بکا بەر لە پرچ و بسك ڕووسووری هاوتایی دابێنێ بەر لە سوورکردنی کوڵم و لێو، جوانی مەعریفە بێ پاشان فۆرمەلەکردنی جەستە وەك ژن ، تۆ ژنێکی لە گوڵ گوڵتر ...

٢٩ / ٣ / ٢٠١٩

( ٢٩ )

ئەم بەیانییە هەستی بیستنت بجولێنە گوێ بۆ دەنگی دەف و تەهلیلەی ئەوینم هەڵخە ، لە ئای ئای و قەتار ئەڵلا وەیسی ئیشقم ڕامێنە، تۆ ئەو ژنە تەژیەی لە من، منیش کتێبێکی موحیبەت کە تا ئێستا بۆ هیچ ژنێك نەنوسراوە و نەگوتراوە، تۆ ئەو دەریا شین و قووڵە جوانەی تا ئێستێ هیچ پیاوێ نەیتوانیوە لە ڕۆختا سەوڵی کەشتی تاو بدا، ئەو شەپۆلە بە لرفەی کەناری لماوی ڕادەماڵی و بۆ ئامێزی ئیشقتی پەلکێش دەکەی، زریان و تۆفانی تووڕیی ژنبوونت مرۆڤگەلی وڵات شەرمندە و خەجاڵەت دەکا، تۆ ژنێکی کەس لە ئۆقیانوسی ئیشقت ناگا، ئەو کتێبە جەنجاڵ و ئاڵۆسکاوییەی هێشتان جگە لە من هیچ پیاوێ حەرفێکتی نەخوێندۆتەوە، تۆ وشە و ڕستە و نوسینە جوانەکانی منی، هەر منیش دەزانم چیت ........ ؟ تۆ لە لە گوڵ گوڵتری..

٢٨ / ٣ / ٢٠١٩

( ٣٠ )

ئەم بەیانییە ژنێك لە باران دەچیٚ و منیش لە هەور، لە کۆژانی فیرقەتمەوە هاوێر بووە و پەرتبوونم دەشواتەوە، ژوانمان روونتر لە زنە تەقیوێکی تەلیسماوی کەنار زەنوێرستانی نیشتیمان دەچیٚ، روحمان لە هەڵم بوونیشا ئۆقرەی نەگرت تا نەڕژاینە سەر عاردی، ئەوینمان بە باڵی کۆترە پەڕە نەخشین و سەرمەستەکانی دونیای ناگایی جووتبوونا سپارد و پێکەوە خەونێکین هێشتان زەمەنمان ڕۆنەچۆتە جۆگە و دۆڵ و ڕووبار و دەریا و زەریاکان، ئەو خەونانەی بەر لە زمستان بە پاساریمانەوە دەدیت، لە گڵە شینە و باران ڕەشماڵی غوربەتی ئیشقمان ڕەواندەوە و ئەوینمان بە باڵەکانی ساسەوە لکان، ئیدی هەر لە خۆوە گومانەکان ڕەوینەوە، نیگاکانمان بە سەر گەڵا و گوڵا پرژان دۆراندۆرمان پڕپڕ بوو لە ئاپۆڕای دەسلەملانێی ئاشقان، وانەی رۆمانسیەتمان دەگوتەوە، هێدی هێدی تەمەن ئێمەی بچوك کردەوە و ئەوان باڵا، لە سەر ڕەففەشینەکانی ئاسمان دلۆپ دلۆپ داباراینە خواریٚ بووینە باران و بەسەر لێوی ئاشقان نیشتینەوە، بوینە سەربوردەی گویٚ ئاگردانی زمستانان و چیرۆك و نۆڤێلت و ڕۆمان گەنجان دەمانخوێننەوە .... ئەوە نوخشە و نوقڵانەی لە گوڵ گوڵتری تۆیە پەخش دەبیٚ.....

٣١ / ٣ / ٢٠١٩

( ٣١ )

بەیانییەك هێشتا ناگات بە جوانی تۆ ، هەر دەبێ بێژم لە تۆ دەچێ، بەیانییەك لە تۆ بەکەیفتر ، لە تۆ بەجۆشتر بۆ خەڵوەتی زەماوەندێ .... ڕەشبەڵکی گەڕانەوە بەرەو کۆرپەڵەیی، گەڕانەوە بۆ ئازاری دایك و چریکەی گریانی تۆ، بە درێژایی شەو خەیاڵدانم لە خەنەبەندانی هاوێربوونتدا خەملّی بوو مەلەی دەکرد، لە دڵەی سەفین بە نێو دۆڵی شەقلاوە و نزرگای پیاو چاکانی ئاشقانەی کیژان و کوڕانییەوە لە سۆراغی هەگبەی پیرۆزی ساڵێکی دادێی بەخششی موحیبەت و جوانیتا پیاسەیەکی ئەویندارانەم دەکرد، بە نێو توولە ڕێ و ئەو ڕاستە ڕێیانەدا لە تەك شنەی باغی شەقلاوەدا پەنجا و یەك نمەی تەڕتەڕی ئاونگی سپێدان کە زمزمی ژینمە لە سەر پەڕە ڕەیحانەکانی شەونخونیم بۆ ئەمڕۆت دەکەمە سوورخەلاتی تەریقەتی ئیشقم، بە شەوچەرەی پایتەختی بەفری دەبەستمەوە، ژنە بەخشندەکەی دڵم لە دایکبوونت پیرۆز و سپێدەیەکی خۆشدەورانیت نەغمەی گۆرانی کوردی هۆبە و خانوو و ئەپارتمانت لێوانلێو لە تریفەی دڵ ئارامی و شادی و بەختەوەری کا..

١ / ٤ / ٢٠١٩

( ٣٢ )

ئەم بەیانییە نامەوێ نەغمەی بولبولمان لێ ئاوا بێ، خەونە پەمەییەکانت لە ئامێزی بێشکەی ئاوەزم ڕادەژەنم، لێرە لە بەر نمە تەوژمی ئەو شنەی شەماڵەی ئاونگی ئەم بەیانییەوە چاوە شەپۆلە بەلرفەکانت ماچ دەکەم، دروێنەی خرمژنی بەیانیانت تەی دەکەم، سرتە و چرپە بە حەسرەتەکانت بە ئاوی سۆمام دەشۆمەوە، چراخانی تەمەنت دادەگیرسێنم ، فوو لە ڕەشەبای شووم دەکەم ، ئاو بە گێژەڵوکەدا، تەپوتۆزی بەر پێت ڕادەماڵم، فەتوا دەدەم کەڵچەری دوێنێ مەحوو کەنەوە و بشۆنەوە، پرچی ئیشق دەکەمە کەزێ و دەیهۆنمەوە، شۆڕشێ بۆ ئەوین بەرپا دەکەین، جەسارەتبارانی خانمان دەکەین، پرچی پەشمەکینت بە شانەی برژانگەکانم دادێنم، باخچە و درەختی مەیلەکان ئاو دەدەم، شەقامی شۆڕە بی بە هەناسەکانمان سێبەر ڕێژ دەکەین، دەنگیش تێکەڵ بە دۆل و نساران و چەم و قاسپەی کەو و باڵندە خۆشخوانەکان، وڵاتی خەزانمان دەکەینە بەهار و پێکەوە گۆرانی ئاشق ئاشقێنە بۆ هەسارەی گەنج دەڵێینەوە.

٢ / ٤ / ٢٠١٩

( ٣٣ )

بەیانیت بە تریفەی هەستەکانم جوان ، بەیانیت خەمڕەوینەی دڵتەنگیت بێ، بەیانیەك ئیدی ئەم ژنکوشتنەی نیشتیمانی خۆمان نەبینین، ئیدی ئەوە باهۆزە گێژەڵوکەکەی خەرەندی کەڵچەری من و تۆیە، نازدارەکە دەزانم چەند خەم لە خۆ کوشتنی ژن یا لە ژنکوشتن دەخۆی، باڵات بە بارتەقای ئەو لە پاشینەی بیر و ئاوەزی هاوەڵانمان ڕۆنیشی خاك دەبن، دەزانم ئاسودەییەکانتان دەشێوێنێ، ئەدی لەم سپێدەوە بۆ بە کۆڵێ هومێدەوە بەر دەرگات لێ دەگرم، ئەوە لە هەگبە و فەرهەنگی منا نەك کاڵ بۆتەوە بگرە هەر بوونی نەبووە، ئاسوودە و بێ خەم بە لە بری کوشتن ژیانی بەختەوەری و خۆشەویستی و ئیشق و ڕێزگرتنم بە دیارییەك بۆ هەڵگرتووی تا هەتایە لە ئامێزتا بخەملێ، ئەوە وشە گوڵەکانن دەبنە چەپکە دەستی تووڕە بوونم و لە بەرۆکت دەدرێن، ئەوە شایی و ڕەشبەڵەکی پێکەوەییمانە خەم لە دوێنێی ڕۆژهەڵاتیمان دەخوا، بەیانییە و گۆرانی و مۆمی ژیانێکی نوێ بۆ

خۆمان هەڵ دەکەین ، ئەوە بیرە نامۆیانەیش دەبێ ببنە تەرمی ئایندە و بیسڕینەوە لە شادەماری ئەو ئاوەزە پوچەڵانە، چونکە گوڵی تۆ بۆنبارانی نەك باخچە و دیوانسەرا دەکا، نیشتیمانیك پڕ شانێل دەکا .... لە گوڵ گوڵتر .

٢ / ٤ / ٢٠١٩



( ٣٤ )

بەیانیت ڕەنگی هەناری گرتووە و لێم بووی بە پەروانە و بە دەوری شەم دەخولێیتەوە، ، چ دەبیٚ تا ئێرە و ئیدی تەواو بیٚ شەم بە دەوری پەروانە بخولێتەوە، هەتا خەم بوخچەی نەهامەتی خۆی بپێچێتەوە و چیدی بەر دەرگات نەگریٚ، باڵەکانت ڕەنگین بکا، تا ڕەونەقتر و بە گوڕترین هێزی فڕینی هەبیٚ، با بە بەخشندەییەوە لە ڕوخساری گزنگ بچیٚ، هەر لە ژوانی گەلاٚمان بنیٚ و بتەکێین بە سەر چرای ڕۆژگارا، دونیا تەژی بیٚ لە ئەوین لە ئیشق و لە سۆز و کەفوکوڵی پاکی و جوانی و بەرائەت، لە قولاٚیی ئیشقمانەوە پێناسەی ژیان بۆ ئەوانی دی بکەین، مەم وزین لە نیشتیمان نەبڕین، ئاوا مەیلی ڕەگ و بناغەی ئەو هەستەمان هەبیٚ، بەستە بۆ کیژی سەرچۆپی و کوڕی شوان بلێینەوە، بەیانیت جوانتر لە گوڵ گوڵتر......

٤ / ٤ / ٢٠١٩

( ٣٥ )

ئەم سپێدە ڕۆحم تەنافە و ژێی قژی خاوتی بە سەر خۆیدا داوە، لەو لایشەوە هەردووکمان هێدی هێدی گوێڕادێری دەنگی مامڵێین ئەو شەوانەمان وەبیر دێنێتەوە کەوەك زوڵفت سیاپۆشن و تەنها مۆمی ڕووخسارت ژووری پێکەوەییمان ڕۆشن دەکاتەوە، ئەم بەیانییە لە شەرمی سووری کوڵمەکانت دەڕوانمە شقڵی سەر سینەت تا تەواو بۆنی ژنێتیت بە هەناسەمەوە بلکێ، ئەم بەیانییە نیگایەکت بە دەم خەیاڵەوەئاشنای پەڕینەوەی دەریایەکم دەکا ڕووە و جەمسەری باکوور هەڵمدەبڕێ، هێند وڕ و کاسم حەوسەڵەم نەماوە ، سەرم وەك جاران بە خۆمەوە نییە، نە لەسەری مرۆڤ دەچێ نە لە بەردی باراش، سەرێك لە شەمبازیام وەرگرتووە، وەك مزراح دەخولێتەوە و واق وڕماوی نیگای پڕ تریفەیی و جوانی و ڕەونەقی ئەو ڕووخسار و قەد و قامەتەم، دەڵێی لە بەردەم فرۆشگای تەمەن ڕاماوم، زەنگی مۆبیلەکە ڕایچەنیم هەستەکانی تۆی پێ ناسانمەوە، ئیدی خەیاڵدانم قووڵ قووڵ بوویەوە بە تاڵ تاڵی پرچتا خۆی شۆڕ کردۆتەوە خەندەی لێو و ڕتووشی گەردنتی تێکئالان ئیتر چاك حاڵی بووم کە لە گوڵ گوڵتری ئازیزکەم ......

٧ / ٤ / ٢٠١٩

( ٣٦ )

بەیانیت جوان و خومار و مەستی تێکئالآنی شەوێکی دوور و درێژی پاییزان، مەیلەکانم ئەم بەیانە سەر بە تونێلێك دەکەن تەمتومانی سپێدە دەسڕنەوە، تەمی هەور سەر لە نویٚ سەرەتاتکێی نیگاکانت دەکا تا تاریکی بنێژیٚ، بە سەر باڵی پێکە شەرابەوە سەما مەستمان دەکا و لەنجەکانت دەمفڕێنیٚ، بەیانییە و گەلاوێژ چاوی خۆر دەبەستێتەوە و هەناسەت چاوشارکێم لە تەك دەکا، هەموو گرێکوێرەکانی لوغزی ئیشقمان بۆ دەکەنەوە، تۆ ژنە میهرەبانەکەی قەڵا و منارەی هەولێر و بن چیای سەفینی ، کەچی نها لاپەڕەی یادەوەرییەکان بۆ یەك دەنوسینەوە لە پەنجەرەی دیداری خەندەکانمەوە قاوە تاڵەکانی یەکدی بە ماچە هەنارییەك شیرین دەکەین، ئەو ماچەی لە خەون و خەیاڵەوە بوونە لامیسەی جەستە و بەیانی پیٚ بەیان کردین، ئەو بەیانەیش بە جوانی جوانیت ڕاناگا لە دامێنی ناخی بێگەردت غلۆر دەبێتەوە ، دەبێتە سەرە ڕێی ئاشقان و ئەو گوڵەیش بچنەوە هێشتا بە گوڵی تۆ ناگا لە گوڵ گوڵتر .....

٤ / ٤ / ٢٠١٩

( ٣٧ )

کازیوەیەك نییە پیاسەکانی تەنیاییم لە سۆراغی ئەو هەستە بە ئاگایەنەوە وێڵی شەقام و کوچەکانی نیشتیمانی غوربەت نەبێ، ئەم بەیانییە تەنیاییەکانم بە ئاودامانی هەناسەتەوە هەڵواسیوە، سۆراغی تێفکرینە وەنەوشەییەکانی ماچی ئەبەدییەتی گەڕەلاوژێیانەت دەکا، بە تەلیسمێکی قەتیساوی خۆرەوە لکاوە و هەڵوەدای تروسکایی هەنگاوە ڕەشەکانی دەم زویر بوونی ئاتەشگایە، کە تەنیا ناخی من دەبرژێنێ، لە قوفڵی کلۆمدراوی بەزەیی دەگەڕێ کێلونەکەی بگۆڕێ و بە سانایی دەست بە باخچە ژاوەژاوەکانی گەڵاوە بگرین، من و تۆ وەکو گەڵا نەکەوینە سەر زەوی، لێ خولیاکانی بەیانیانمان تەمەنێکی بە کێرد سەربڕاوی بێهودەن، زیز بوون و ئاشتەوایی دوای ئەوە پەردە شەرمنییەکان ڕادەماڵێ و هاوژینی ژینمان جاڕ دەدەی، ئەم بەیانیەمان لە هەموو گزنگێ روونتر دەکاتەوە، وەلێ ژوورەکەم گوڵێکی تێدا ڕواوە لە گوڵ گوڵترە ..

٩ / ٤ / ٢٠١٩

## ( ٣٨ )

بەیانیت جوان... بەیانیت ئاوێتەی ڕۆحی من... بەیانیت ئەندێشەی شەو و ڕۆژانم .... جوانیت ئیلهامی شیعرم، هەناسەت نوکی قەڵەم و ڕۆحت دەفتەری نوسینەکانم، سینگت کتێبخانەی کتێبم....

جوانکیلەکەم... دوو ڕۆژە ئافاتی مەرگ تێمئالاوە، نازانم ئەو زویر بوونە لە کام یاخیبوون و هەڵەوە ئیلهامی وەرگرتووە، لە کام ژیلەمۆی منەوە پێیەکانتی ئەزیەت داوە و لە دڵەوە داخورپاوی و ئەو ئازارەی بە دڵی میهرەبانت گەیاند..... پەنجەکانم هەڵوەرێن کە بێ ڕێزیان نواند و خەمیان کردە دیاری ، لە بری نوقڵانەی خێر ئاتەشگای لە دڵم کردەوە، شیرینەکەم........ گەر نیازت وایە لە دەرگای دڵتەوە سنوورداشی ئەو دیوی ئەوینم بکەی ...... ئەوا من لە پەنجەرەی چاوەکانتەوە دەخزێم و ئاوێتەی ناخ دەبم و گڕی ئیشق خۆش دەکەمەوە و لە خەڵوەتی ئەوینی ئەبەدییەتتدا هۆگر دەبمەوە.... تۆ ئەو جوانەی گوڵت پێ ناگا، دەڵێم داڕزێ هەڵوەرێ دەست و پەنجەکانم کە نمەك حەرامی بە بوون و بالآت بکەن لە گوڵ گوڵتر ...

١٢ / ٤ / ٢٠١٩

( ٣٩ )

لەتەك ئەم بەیانەدا .... لە چاوە نێرگزیەکانتەوە نمەی تۆخبوونەوەی ئیشقی تۆ دەکەم و بەری ڕەنجی ماندوو بوونی دڵ دەسکەنە بکەین، لێوەکانمان سرِسرِ و بتەزێنین تا لە دوو ڕۆژی دابنی بە یەکدی گەرم گەرم ببنەوە و تینوێتی خۆیان بشکێنن، ئامێزم لە بەر سەرمای بەیانیان برِچێنم باشەختەی نیشتیمان زەفەری پێببا لە ڕاموسانی باڵاتا خاو دەبنەوە، پێکڤە گەمە بە ئاونگەکانی سەر سینەی یەکدی بکەین، لە چیمەنە توکنیەکەی سەر سینەم ئەفسونەکانی خۆتی تیا بنوێنە، با ترپەی دەنگت پەلکێش و نغرۆ بوونی ئاوێزان بوونمان بکا هەناسەمان لە باوەشا کۆتا بەگرِوگاڵی خۆیان بێنن و ئەشك ڕشتن توورِ بدەن، ئەم بەیانە هەردوو بەدەم ئاسۆوە سوور بچینەوە، وەك مەرقەدەکەی سەر دڵم سپی سپی کزە بای سەردی دەم سوبح بهۆنینەوە، لە لەرەی کازێوەوە نێوانی لێوەکانما گەزۆی شیرین هەنگوینی لە شەرمانا بتەکێننە سەر زەوی، برین و زامی ئاشقان بە بۆن و ڕەنگی گوڵێنت سارِێژ بکە ، تۆی لە گوڵ گوڵتر.

١٥ / ٤ / ٢٠١٩

( ٤٠ )

بەیانیەکی کزە سەرمات باش ، روحم فیدای تۆزی بەر پێت ، بازەڵەی ئەوینم بە سەر شاباڵی بیبیلکەدا لە سۆراغی خرمژنی تۆدا بە هەڵەت و کوورەنی زەنوێرستانی غەریبیما هەڵوەدایە و بێتورە لە نێو هەناوی ئیشقما نغرۆی ئافاتێ بووە چەشنی بێ تەرش لە کانگای ژینا هەڵتوورتاوم ، نامزەدەی ئاکارم پێوە دەلکێ.

بەرەو هەوارێ لە ئۆغرام پەترووبرینی ئەو ژوانە دەکولێتەوە و بۆ خۆی دەبێتە هەتوان و هەر بۆ خۆیشی جێ هەوارم تەدارەکرێژ دەکا، پەتپەتێنی دڵم لە قایەغێکی بچووکا بە ناو پانتایی و بەرینی دەریا ، هێدی هێدی پەچنینم پەرش و بڵاودەکاتەوە ، گۆبەندم بە سەر تاڵ تاڵی مژۆڵتا بۆ دەسازێنێ ، ئیدی لە چۆڵەوانییەکی ئاوییدا بە تەنها و تەنها خو دەجووم و خو دەخۆم و بۆم نایەتەوە.



( ٤١ )

گزنگی بەیانیت ڕۆشن و بە تریفە، ئەم بەیانییە ئاوازێکت بۆ دەچڕم هێشتان ڕیتم و ژێیەکانی هیچ ئامێرێ نەیژەنیوە، گۆرانیەکت بۆ یەژم نۆتەکانی لە خەلوەتی کارێزچۆڕەوە سەرچاوەی گرتبێ، تێکستەکەی لە میحراب و کڕنوشی ئەوینەوە هەڵقولا بێ.

بشێ پرسیارگەلێ هزرتان ماندوو و خامۆش و مت و دەستەمۆ بکا، نا نەشمیلەکەم غایەڵەی نامۆیی تووڕ بدە، شەنگەبێریی تۆ لە فەزای باڵابوونی پاکی و جوانی و ژیرمەندییەوە تخوبەکانی سەراپا بەزاندووە، لە پرخەی خەوی مورادیما دەتبینمەوە و شکۆفەی هۆشمەندییەکانت ڕاموسانم دەبێ، ساڵانێکە خەونم بۆتە نۆتە خەو و نها خەونم لە تەك ژنێکە باڵای بە بارتەقای ئەستێرە و هزری کانیاوی ڕوونی ژنبوون و هۆگری ژان و ئازاری ژنانی نیشتیمانمە، ژنێکی لە کەنار دەریاوە بۆ قوڵایی ئەو شەپۆلانە دەڕوانی کە سەوڵە بە هێزەکانیش بە ئاستەم قورتاربوونی ژن دەخەملێنن، لەوێ ڕا خەم شەقاوەکانی هەنگاوم بۆ جوانی ناخت

میلۆدی خۆی دەژەنێ, ئەم ئاواز و نەغمەیە تەنها تۆی ژن لێی تێ دەگەی، گۆزەیەکە سەر ڕێژ لە گەڵا و گوڵی باخچەی ئەوین، ئیدی ئێمەیش شەمولەیەکی دامەنی میهرەبانی و جوانی تۆین......

١٤ / ٤ / ٢٠١٩

( ٤٢ )

بەیانیت شیرین وەك ئەو ڕۆژانەی دەتدواندم، ئەم بەیانییە سینەم لە تەك تەوژمی هەناسەم نامۆن، دوا ترپەی دڵی غوربەتیم بە شەبەیخونی نێو شەنگ و بیر و پەیڤەکانت دەئاڵێنم و دەبنە شەبەنگێك شەبەقی شەوقی دڵم شەق دەکا، دەمێکە هەستەکانم بە دووت ڕا دەکەن وێڵن عەودالْ و سەر لێشێواون و لە سۆراغتن و ناتگرن و ناتبیننەوە، وا نووزەی چراتۆڕم لە کزی دەدا و لێت دەنۆڕم و هێدی هێدی لێك دەنرێن، تۆ هەر نەهاتی و هەر نایەی سوعبەتەکانی دەسلەملانێی پێش زویر بوون نۆژەنکەینەوە، وا ملیۆنان کەرەت لە غەریبی تۆدا دەتلێمەوە و مەیلەکانت نوستوون و نامدوێنن، پێم بڵێ لە کام ئیشق و ئەوینەوە خەڵتانی ئازارەکانی بووین و ڕێی خۆمان ناگرینەوە، تۆ وەرە و بنۆڕە سپێدانم چ ئازارێکی بەستەڵەك قۆرخی کردووم و کۆست و ماتەم و ڕەشپۆشیم لێ دادەگرێ، ئێ تۆ لە ئازاری من تێ ناگەی یا سزادانت بە بالای هەتیویی بێ تۆییم بە بەرا دەدووری.... ژن کە لە گوڵ جوانتر و ناسکتر بوو گەرەکە بەزەییەکانی لە سۆزداری ببینێتەوە ناسکتر ڕێی گەیشتنی یەکبوونمان ڕۆشن بکاتەوە، خۆ من بێ تۆ و بێ بزە و خەندەکانت لە مرۆڤ بوونم کاڵ دەبمەوە.

١٦ / ٤ / ٢٠١٩

( ٤٣ )

بەیانیت بە دیداری نیگاکان جوان دەبێتەوە، بەیانییەك لە ڕەنگی سبەینانی دی نەچێ، بەیانیەك چاوەکانم بۆ دیقەتی قامەتت قومریانە خۆی دەنوێنێ، بەیانییەك بە تێکشانی بەستەڵەکی دووریمان پیرۆز دەکەم، بە سەر باڵە زیرەییەکانی لۆفتهانزاوە شین شین دەچمەوە، تا سپێدەیەکی سپی سپی لە بەفر سپیتر جەستەی تەزیوم دەکاتە دیاری ئەمجارە و بە نیگاکانتی ئاشنا دەکاتەوە، ئەم سپێدە فلوگهاڤن بە روحی منەوە جمەی دێ، مرۆڤەکان لە کاروانسەرای وڵاتان ژێوان نابنەوە منیش بۆ کن تۆ، ئاپۆڕای ئەم سپێدەیەم هێندە لا جوان و شیرین و کەیفشادییە بە بارتەقای هەناسەت چەشەی ڕۆژێکی خۆش خۆش، شەوێ بەختم لە تەك ستاسیۆن و گڤەی شەمەندۆفەر بە کۆتا هات، ئەندیشەکانم بۆ ژووانی ئیشق ئەشکی شادی دەپرژاند، نازانم ئەم بەیانییە من لە نێو تەلیسمی ڕەنگاڵەیی و نەهەنگم یا ماسی لە ناخما خۆی مەڵاس داوە، دەشێ هەردووکی بێ هەم لە نێو سکی نەهەنگا هەمیش ماسییەك لە ناوەوە تێکی شکاندووم و

دەستەمۆی خۆی کردووم، ئاااى کە هەراسانی کردووم و بێ وی ئۆقرە ناگرم، چەند کاژێرێکی دی نیگاکان تێر تێر دەبن لە ڕەنگی چاوەکانت لە بۆنی لێوەکانت لە تامی هەناسەت، بە غەمزەی چاوە مەخمورییەکانت لە کاوڵاشی خەراباتم دەردێنی و دەمکەیە گەڵا و لك تا گوڵبوونت جوانتر و هەیبەتتر و بۆندارتر خۆ بنوێنێ.....

١٨ / ٤ / ٢٠١٩

( ٤٤ )

بەیانیە هەگبەی سروشتی خۆی پێچایەوە دەیەوێ جوانیت ڕامالْی کەچی هەر نەگەیشتە دامەنت، نەشمیلەکەم بەیانییەك بۆنی هەولێرت لێ دێ بەیانیەکی دی بۆنی پایتەختی جەمسەری باکوور و سلاوە گەرمەکانیشم دنەت دەدەن بێیە نێو ئەو تۆڕە جالْجالۆکەییە و ناتبینم، نازانم تۆ لە کام سوچ و قوژبنی دلْتدا منت حەشار داوە و یەکدی نادۆزینەوە، لە سەر ڕەفەی دلْنیایین یا هێشتان دلْەڕاوکێمانە لە چیمەنێك دەژین و پاییز خەزاندارمان بکا، گەلا زەرد زەردەکان دامانپۆشن بۆ حەسرەتێ، بشێ لە نێو بوخچەیەکت نابم و گرێ کوێرەی هەتا هەتایی درابێ، یا نوقلْێکم و هێشتان تامی ڕۆژانی بووری لە بن دانەکاندا پەخش دەبنەوە، تۆ دیقەتێکی ئەو نوکی قەلْەمە بدە کە بۆت دەنوسێ ، ملیۆنان حەیف و جەغار لێم دووری دوور و نامبینی، بزانە هالاوی ئەوینم چۆن لێ هەلْدەستێ و چەند بە تاسوقی ڕۆژگارەوە پیتەکان لە یەك دەدا و وشە دەخولقێنی و روح بە بەری ڕستەیا دەکا و مرواریانە دەیانهۆنێتەوە، ئەوە نەك هەستە کەفوکولْییەکانمن لێ

ئەوە ئەودیو دیواری ئەویندارییمن و قوڵپ دەدەن، بێ دەنگیت فرمێسکەکانم دەکەنە بارانێ گەڵا زەردەکانی پێ سەوز دەکاتەوە، ئێمەش بە نمەی بارنێ تەڕ بینەوە بۆ ئامێزبونێکی بۆندار تر لە گوڵ .....

٢٣ / ٤ / ٢٠١٩



( ٤٥ )

ئەم بەیانیەت بە پرشی هەناسەم تەڕ و جوان، بە بۆنی شانێل ژوورت پڕ بێ لە بۆنی ئەوین، ئەم بەیانییە هەر لە تەك خۆر هەڵاتنەوە نزاكانم گەرم گەرم بوون و دەپاڕێنەوە ئەوین و ئیشق قۆرخت بكا و بە سەرتا زاڵ بێ و لە پەیمان و دڵبەستنی دڵەكان نزیكبینەوە ، چیتر دووری زەفەرمان پێ نەبا و دابڕان بە یەكجاری لە زبڵدانی مێژوو بنێین، نزا دەكەم و سوێندیش بە دەنك بە دەنكی تەسبیحەكەی باوكم دەخۆم كە وەك جاران ناوە پیرۆزەكانی ئەشقی تیا هەڵكۆڵراوە ئەو دەریا پان و بەرینەی دووریمان هیشك هەڵگەڕێ و سەرقاڵ و مەستی چنینەوەی دەنكەكانی ئەو تەسبیحە بین، با وەك نەورەس و دەریا یەكبگرینەوە، بەیانیانمان بە ئاویزانبوونی یەكەوە قەشەنگ بكەین، وەك تاریكی و چرا هاوەڵ بین، سارد و گەرمی ئەلەكتریك بین  ماڵێك ڕۆشن بكەینەوە، دەمێكە هەردووك نامۆی رۆژگارین، ئەزیزەكەم تەنها تۆ لە گوڵ گوڵتری و بە تۆوە ژینم ڕۆشنە...

٢٠١٩ / ٤ / ٢٤

( ٤٦ )

ئاای كه بەیانییەكی جوان چاوەنواڕی دادێی تەمەنمان دەكا هەر بۆیە ئەم سپێدە بە بۆنی نمە بارانێكی فێنكایی پەنجەرەی ئیشقی غوربەتیت لە كۆڵانی دڵما ئاو باران دەكەم، گەڵای درەختی سێبەری ڕەنگین بنوێنیٚ و گوڵیش جوانتری بكا، بەیانییە و باڵەكانم دەكرێنەوە فێرە فڕینی سەر دەریای شین بوون، لە تەك باڵندەكانا وێڵم و عەودالّی سیما و ڕوخسارتین، لە نێو پۆلە ماسییەكدا سۆراغت دەكەم ، كچیٚ خۆتم لیٚ مەشارەوە هەر ئاشقەكەی سەر و نێو دڵمی ، چەپكەنەی دڵۆپ دڵۆپی دەریا دەكەم تا هیشك هەڵگەڕیٚ و بتدۆزمەوە ، بشیٚ نەبووبی بە ماسییە یاقوتییەكە و لێم یاخی نەبوو بی، كە دێمەوە لە ئاودیو بوونی خۆمەوە دالاّن و دەرگای مالٚ و ئیشقت ماچ دەكەم، توولە ڕێگای هەورازی بەر مالّت روحی بولبولینتی تیا دەبینمەوە، ئەو گوزەر و تۆڕە ئەپارتمانە هەر هەموو لە تۆ دەچن، تۆیش لە شنەی با بە ئاستەم ئاونگت گرتووە، باوەشم پڕپڕ دەكەی لە با لە بۆنت لە خۆت ، كەنگیٚ ئەو ڕۆژە دابیٚ و بیبینین، گوڵەكەم لە گەلٚ گولٚتر ..

٢٦ / ٤ / ٢٠١٩

( ٤٧ )

بەیانیەك مێژووی تەمەنمت بۆ دەکەم بە سوتوو تا لە ڕچینی سەرما بە دوور بی، هەر بە دووریت ناڵە و هاوار و ئازاری سات و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵانەم چەکەرە دەکا، مەگەر تەنها تۆ لەو حەسرەت و ناڵەم تێ بگەی، فرمێسکەکان لە گەڵ خۆر لە دایك دەبن و سووراوەکەی تۆ دەیسڕێتەوە، هەموو سپێدەیەك سووتانی بەختم بە دەم ڕەشەباوە تەشەنە دەکات و بە ئازارمەوە چنینەوەی جاڕ دەدەم، خەندەکانت دەبنە فریاد ڕەسم، لە دایکبوونی شیعرێ ژان و ئازاری دەگاتێ و هاوێر نابێ مەگەر سڵاوێکی پڕ نازت بتوانێ سەما بە وشە شیعرییەکان بکا و مەست مەست بێ، ئەو دەمانەی لە غیابی تۆ لە پێشوازی سبەینان دەبم، دەبمە مناڵێکی وڕکگرتووی سەر تەنوور و بۆ لەتە نانێکی گەرم دەکڕووزێمەوە، کە کپ دەبمەوە مانای وا نییە کەفوکوڵی دڵی پڕ جۆشم دادەمرکێ ، نا ئەزیزەکەم ئەو دەمانە حاڵی دەبم خاوەنداری ئیشقم هەیە و لێم ناترازێ دەزانم خانەخوێکەی نێو خولیاکانم ئەشکم دەکاتە ماڵی خۆی و بە جوانی دەمشێلێ تا

ئازارەکانم بپوکێتەوە، بۆ خۆیشت دەزانی برین و کێمی ناخم دووریە دووری، گرێیەکە وا بە سانایی ناکرێتەوە، تۆ بە حەرفەکانی ئەوین خاوی دەکەیتەوە، ساباتێکم بۆ چێ دەکەی تا بەیانیان دەم بە هەناسەی سوبحتەوە بنێم، ئەم بەیانیەیش وەك هەمیشە شەبەقی تۆ ناخم ڕۆشن دەکاتەوە گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر...

٢٨ / ٤ / ٢٠١٩

( ٤٨ )

بەیانیم پڕ نزا بۆ تۆ ، بۆ شاد بوون، لە سەر سینگی دووگوردی ئەوین ڕاکشێ ، با ئەم سپێدەیە حەوت رکات نوێژی ئاشقانەت بۆ دابەستم، جگە لە تۆ ناوی ڕکاتەکانم ناوێکی دیم لێ نەناوە، تۆ بڵێی پەروەردگار لێم بگرێ ڕکم بە سەردا ببارێنێ و تەمەنم بە کۆتا بێنێ، بۆ ..... ؟ خۆ کەنیزەم نەگرتووە و مامەڵەی پێوە بکەم، من تۆ لە خۆما کۆ دەکەمەوە، وەك ئەو شۆڕە بییەی بە شەنگەبێریت ناساند، لێك دەئاڵێین بەرەو ئاسمان هەڵدەزنێین هەڵگژێین لە مناڵییەوە تا ئێستا هەر پێمان دەڵێن خوا بە حەواوەیە دەچینە بەر دەرگای دەپاڕێینەوە، ئیدی ئاشق کوشتن بەس بێ ، ئەرێ چی بوو ئەم هەموو تاوانە بۆ نابڕێتەوە، دەسا تۆیش دەرگای ئیشقتم لێ دامەخە ئەو لێوانەت بە هەناسەمەوە بنێ تێرتێر بۆنیان بکەم، خودا لە چاکەیدا بە دڵی خۆتت لە گەڵ دەکا، تۆ لە تەمەنی منا هەموو چرۆیەکی جوانی تەنها دەبێ لە هزرما بپشکوێی گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر ...

٢٩ / ٤ / ٢٠١٩

( ٤٩ )

بەیانیت جوان بەیانیت خەرمانێك گوڵ ، بەیانیت لێورێژی دەنگی من ، بەیانیت پڕ قریوەی خۆشی ئەی ژنە میهرەبانەکە، ژنێك سەرریێژی پاکی و بەرائەت و راستبێژی، ژنێك بێ چەشنی خان و مانی ژنێك بۆندارتر لە میسك و عەنبەر و شانێل ، ژنێك سادە و خاکەڕا و سەنگین و شیرین، ژنێك خودان شەهامەتی ژنێتی، ژنێك پەیام هەڵگری ژنانی بوێر و چەلەنگ و هەقبێژ، ژنێك هەموو ڕوحداریێ ئیرەیی پێ دەبا، حەیف و دەست لە ئەژنۆ ئاسوودەییت لە قوڵایی دەریا نوستووە، شەتەکی و ماندووبوونی شۆڕە سوارێکی دەوێ لە گەردن و نێو چەوانتی بئاڵێنێ، ژنێکی مۆمئاسا بۆ ڕازاوەکانی ژین دەتوێیتەوە و ناخت تاریك تاریك وەلێ هومێدەکانت باڵا و خۆ لە گەورەبوون دەدەن حەسرەتەکانت بە دەم باڵابوونی جگەر گۆشەکانەوە دەڕۆن، لێرەوە جارڕدانی سوتانی جوانی و تەمەنت بۆ کۆرپەکان بەیان کردووە ئەوە میهرەبانی ڕەوتی ژنێتیە ئەی شەهامەتترین ژن، گوڵێتی تەنها ئەوە نییە باخچە برازێنیتەوە ئەوە گوڵێتییە کە لە چوار لاوە سیفەتەکانی ژنێتیت لێ بتکێ ئەوە لە تۆدا هەیە، لە گوڵ گوڵتر ....

١ / ٥ / ٢٠١٩



( ٥٠ )

بەیانیت جوان و خۆش بەیانیت گەرمە ساباتی من، بەیانییەك ئاتەشگای ئیشقتم بۆ داخراوە و لە غوربەتی تەنهایی دەمسوتێنیٚ، دەبمە چڕە دووکەڵی ئەو مەجمەرە و ئاوایی نیشتیمانیٚ بە دەم هەناسەی گەرممەوە تەنگەتاو دەکەم، لە سوتووی پڕپۆڵەیی جەستەمەوە سەمادیٚ بۆ بن درەختی تەمەنت دەڕژێنم و لە سەروبەندی کۆتا ژینما نەشئەیەکی جوان بە ئاوێتەی تریفەی خەندەی لێوەکانت دەکەم، با توانەوە و نەمانی من جوانی بە سیما و ڕووخساری تۆ بدا، ئەوە بەیانکردنی سەرەتای ئیشقمە و لە بەر دەرگەی سبەینانی ناخت نەك هۆگر ئولفەتی دوا هەناسەمە و بەرد بە خەرەندی توانەوە ئاشنا دەکا، سۆماکانم نیگای بیٚ کۆتاییت لیٚ دەگرن سیرەیەك نیشانەکانی بپێکیٚ، ئیدی ئیشقێکە لە قۆڵبەندی روحتا یەخسیر و دەستەمۆیە لوتفیٚ بە لێوەکانت بدە با ماچێکی دەم سپێدەی قەرزی بە لێوەکانم بداتەوە، لە بازاڕی بیٚ کەسی خۆیدا موحتاجی ئەو لێو تێکەڵبوونەیە، شەوان ئاگرم تێبەرمەدە بە تەنیاییش لە چۆڵەوانی تەریکی دۆزەخی خولانەوەم مەکە ، شەوچەرەی سوتانمت پێشکێش دەکەم گوڵەکەم لە گولٚ گوڵتر ......

٢ / ٧ / ٢٠١٩

( ٥١ )

ئەم بەیانیە جوانیەکەت لە ڕەنگی یاقوتەکانی دەریا دەچێ، زەنگیانەت لە گەوهەری ماسی بۆ دەچنم، بە شەپۆلی دەریاوە گوژم دەخۆم و دەخزێمە گلێنەی چاو و سۆما و لە گەڵ بریسکانەوەی زەنگیانە روحێکی ئاوی پاکتر لە دەریا دەدەینە ڕۆژگارە لێڵەکانی نها، نیگاکانم سەما لە سەر تاڵ تاڵی بسکت دەکا، زولەیخایەك بیت بۆ روحی ئاو، جەللادەکانی ئیشق نیشتیمانی دڵمانی تەنیوە،ماڵەکانی ئەوێ پڕپڕن لە شەمولە قێز لە ئەویندارى دەکەنەوە، هێشتان بە بەرائەتی دڵەکانەوە نامۆن، من و تۆ تازە بە تازە باوەش بەو ڕەنگاڵییە زەنگیانەی هەرزەییانەی ناخمان دەکەین و کەفوکوڵی ئیشقمان بە سەر ئاو دەبارێنین وەك بەلەمێکی بچوك بچوك بە دەریایەکی قوڵ و مەنگدا ڕێ دەبڕین بە دار بەلەمێکەوە لە زەریایەك دەدەین و لە زنەیەکی کوێستانانی وڵات دەنیشینەوە، کزە بایەك بە روومەتی کارمامزیتەوە دەلکێن، وای بە حاڵی ئەوانەی ڕێگری لە سەرشێتی و مەست بوونی ئەو دڵانە دەکەن، دواتر هەر بۆ خۆیان گڕ دەگرن و دەسوتێن، دەزانم لە ناخەوە هەڵپەڕکێت دابەستووە، گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر.

٣ / ٥ / ٢٠١٩

( ٥٢ )

سەبەتەیەك هەنجیر.. بەیانیت شیرین و جوان بكا، قردێلەی تاریكی بقرتێنیٚ و لە ئاسۆوە خۆر سەرەتاتكێی خۆی بكاتەوە، گوێسەبانە بە شەستەبارانی ئیشقەوە تەڕ بكا و ئاپۆڕای دەسلەملانیٚ بخولقێنیٚ، پێڵوی چاوەكان لە دەریای ئیشقەوە هەڵبێن و شەپۆلی بەتاو لە ناخمانا لرفەی بیٚ و بازبازێنی سەرە ڕێی كانیمان بیٚ، مەگەر من و تۆ وەك ماسی و ئاو نەبین ئەوە نییە بیٚ یەك هەڵناكەین، خەرمانمان گڕ دەگریٚ و ژین ڕێی نوێبوونەوەمان ون دەكا بەیانمان دەبێتە دوێنێی یاساغی خۆشەویستی، حەرفەكانی ئۆقرە بوون وێڵ دەبن و لە سۆراغیان شێتێكی سەیر و سەمەرەین، ئەو دەمانە ئێمەیش مرۆڤگەلێكی ونین و بە خۆ نازانین، تەنها مەیلی لێو جووت بوونیٚ سبەینان دەكاتە ڕیٚ نیشاندەری دۆزینەوەی خودی ون و دێنەوە مەنزڵ، خرمژنی گڤەی با ڕامان دەتەكێنیٚ، هەورە بروسكە ئۆخەییمان پیٚ دەدا، ناتوانیٚ نە بمان سوتێنیٚ نە لەقمان بكا، تەنها ئاوبارانی تەڕمان دەكاتەوە بۆ ڕێی ئیشق، ئەوەیش دەكەینە دیاری

بولێڵێکی گزنگی وڵات و خەرەند دەتارێنین، ئەرێ ئەوە گوڵە فێر بووە لە باخچە بپشکوێ و چەکەرە بکا تا ناخی لێڵ بوو پاك بکاتەوە، تۆ لە دڵی منا چرۆ دەکەی و دڵم ئینجانەی لك و پۆپ و ڕەنگەکانتە لە گوڵ گوڵتر..

٦ / ٥ / ٢٠١٩

( ٥٣ )

ئەم بەیانییە وەرە نێو چاوەکانمەوە با پێڵوەکانم بە ئارامی لێك بنێم و ببنە گاردی بۆی خوماربوونی جوانیەکانی سپێدەت، وەرە نێو هەناسەمەوە با تومتومانی گزنگ لە منت ون نەکا، لە نێو هزرمدا بنوو با گێژەڵوکەی بیابان ئەنفالت نەکا، ئەوان فێرە کاری قێزەونن نەبا بەرەو نوگرەسەلمانی نامۆبوون ڕاپێچت بکەن، ئەم بەیانییە لە تەك تەلیسمی سیحراوی بێ هاوتایی جوانیتا لە خەڵوەتی دڵما بێ باکانمە دەفە دەروێشیەکەی تەریقەتو زیکری خەونەکانت لێبدە ، ئەرێ ......! ئەو پیاوەم دڵ و بیرت زۆر دەمێکە ختوکەی تەمەنی بۆ لێ دەدا، لە ژێر دەواری ڕەوەندیما بسەکنێ با هەمیشە گەرمێن و کوێستانان پێکەوە بکەین، لە زنەی هەنگوینی ئیشقا بتوێینەوە، بە گیان بەخشینم قایل بی لە بەر تۆزی پێدا خوێنم لێ دەچۆڕێ لە بن پێیەکانتا دەبمە مەخسەرەی ئیشقت ، تۆ گوڵێکی لە هیچ باخچەیەك وێنام نەبینیوە، تۆ هەر تۆی لە گوڵ گوڵتر ....

٢٠١٩ / ٥ / ٧

( ٥٤ )

نازانم خەونە یا خەیاڵە ئەم بەیانییە لێم بۆتە مۆتەکە و دەسرازەی هۆگربوونم بە سات و یادەوەرییەکانمان شەتەك دەدا، کەچی وا ساباتی ئەندێشەم لە سەفەرێکی خۆڵەمێشی ئاڵاوەو جگە لە تۆی کەسی دیکەی هاوڕێگا نەکردووە، تەونەکانە جاڵجاڵۆکەییەکانی ئەوین لە گەردانەی بەرزی خەیاڵما گرێ داوە و ئیدی خەونم بە خەونەوە گرێ دەدەم و ساباتیش فێنکترین بەیانی خۆی لە سینگ و بەرۆکی ژنێتی تۆ دەنێ، گوڵە قەوزەییەکان بلْقن بە لقی گێلاسەوە ئاڵاون و ئەم سەرچۆپییەم لێ دەگرێت و هەڵپەڕکێی کۆتەڵم بۆ دادەبەستێ، لەم نیشتیمانەی ناخما تەنها گاڵتەجاڕی ڕشبەڵەکی گرتووە و کەیفسازی لە غیابدایە، خەزانێك بە سەر ڕەگی مەیلم داوتراوە، بە دووی سەرفیرازیا عەوداڵە، ئەو ڕۆژە دەبێ کەی بێت بە سەر ئەو دەریای نێوانمانا دەست بگرین و قولە پێیەکانیشمان بە ئاستەم تەڕ بن ، ببینە ئەو ماسییە باڵدارەی سەر دەریا و ئەویندارانِ ئیرەییمان پێ ببەن، ترس و لەرز و خۆ شاردنەوە بڕەوێنەوە، بەیانیان بە مۆزیکێ دڵت بیخوازێ وەئاگات بێنمەوە ، ئەم دوورییە ورد و خاش کەین گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر . ....

٨ / ٥ / ٢٠١٩

( ٥٥ )

ئەم بەیانیە بە هەڵدانەوەی پەڕە بە پەڕەی سەر دڵتەوە سەرقاڵم و تۆیش شیلاوی شەککەرباری هەناری لێوت بە سەر لێوە شەقار شەقار بووەکانما دەڕژێنی، دێم و چاو دەبڕمە سۆما و نیگا شەرمنەکانی بێ جووڵەیی و هەست شۆك بووت کەچی چاوە هەنگوینییەکانت ئاگرن و لە هیشك هەڵاتن و تینوێتیم دەئاڵێن، ئەمە چ شنەبایەکی ئیشقە لە بن پەنجەکانتەوە دەڕێسرێم و دەبمە بەن بۆ بەرماڵی بن پێیەکانت تۆیش نوێژی ئیشقتم لە سەر دادەبەستی ، بە ریتم و ئاوازی باران سرووودی ماچ دەڵێینەوە، مارشێکی نیشتیمانی خۆشەویستیم بە دەم هەناسە و لەرەی دەنگە بە سۆزەکەی مەیلتەوە بۆ دەچڕی، بیر لە بالکۆنی پێکەوەییمان دەکەمەوە لە دوا سەفەری ماندوو بوونما غیابی بوو, چەند جوان بووی بە مناڵییەوە لە هۆڵ و ناندینەکە دەمبینیتەوە، ئااای هەستت پێ نەدەکردم چاوەکانم پڕ پڕ دەبوون لە تۆ و گریان ، ئەرێ ئەوێ رۆژێ و ئەو بەیانە گەنم ڕەنگیم بوونە سوار چاکەکەت و باغی لەش سەر مەستێکی بێ پەردە بوو بە دەورتا

دەتوایەوە، ئەویٚ ڕۆژیٚ شەرابێکی سبەینانمان نۆشکرد و بە نێو یەکا غلۆر بووینەوە توامەوە هەر ئەو سپێدە منیش وەك تۆ لە گوڵ گوڵتر بووم بۆ تۆ ......

١٠ / ٥ / ٢٠١٩



( ٥٦ )

ئەم بەیانییە تۆ پڕ خۆشی و منیش لێوڕێژی بیرکردنت، ئەم بەیانییە بیری ئەو دیمەنە جوان و سەرنج ڕاکێشەی ئەو چرە دووکەڵە دەکەم، بەرەو ڕووخسارت هەڵدەکشیّ و کوڵم و نیگای چاوەکانت لە ژێرەوە تەلیسمێکی سیحراوین خوێنم دەبزوێنن، نوقم بوونت لە نێو قاگی دووکەڵدا بێهۆشبوونی روحم دەخولقێنیّ، بیری ئەو پەنجە ناسکانەت دەکەمەوە نەرم نەرم تەرمی جگەرەی لە ئامێزی خۆی دەنیّ و هێدی هێدی بەرەو بەرەو گەردن و لەبی ناسکت هەڵدەکشیّ، لێوەکانت وەك ئەوەی لێوەکانم بکرووژێنیّ بە حەسرەتەوە لە نێو ڕەنگ هەناری لێوتا دەگیرسێنەوە و مژ لە فلتەری جگەرەکە دەدەی و قەف قەف دووکەڵ دەبێتە رووحی من و بە سەر هەستی پڕ چێژتا دەتوێمەوە، ئیدی لێو و چاو و کوڵم و تەواوی سیمات  لە ژێر فلّچەی ئەو نیگارکێشەی دووکەڵ تابلۆیەك دەڕەنگێنن هێشتان هیچ نیگارکێشیّ وەك خۆی تەوزیفی نەکردووە، لە تۆوە فێری بۆنکردنی دووکەڵ بووم، لەم دونیای دوور مەودابییەماندا بیری هەناسەی پڕ گڕی دووکەڵیت دەکەم، تا مێشکم زاخاو بدرێتەوە بۆن و چێژە ڕەنگاوڕەنگەکانت هەرگیز لێیان تێر نابم ..

١١ / ٥ / ٢٠١٩

( ٥٧ )

بەیانییە و بە پاکی و بەرائەت و دەستنوێژی ئیشقەوە بەردەرگایماڵت لیَ دەگرم، من هەڵاتووی شارێکم نوقمی دۆڕان و تۆران و درۆ و فانتازیا و خۆ هەڵکێشانم، سەر لێشێواوێکی نێو فشقیاتی شار بووم، پێکەنینەکانم درۆ بوون، هەنگاوەکانم پڕ بوون لە ساختە، سڵاو و مەرحەباکانم چوو بووە خولیای ئەوانەوەلە نوگرە قووڵ و دوورەکان دەچوو، چاوەکانم سۆزانی بوون، خەتای خۆم نەبوو بە خەتایانەوە دەلکانم، من ڕۆژ درەختەکانی ژیانم ئاو نەداوە شەویش گۆڕەکانی سەیوان هەڵبدەمەوە، فێر نەبووم وەك دراو دوو ڕوو بم هەمان نرخیشم هەبیَ، درۆ بکەم و سوێندیشم بە درۆ بڵێمەوەو تەنها پەرستگایشم بن، ژینێك لە تەنگیدا گوزەری کرد و لە شارێکا بچوك بۆوە، لە زێی بچوك پلکژبوومەوە و لە هەیبەسوڵتانیَ غلۆر بوومەوە بۆ پایتەختی سەهۆڵبەندان، کچیَ دوو ژەم بە نیگاکانت تێر تێری قاوەڵتی ڕۆشنایی سبەینانم بکە، لیم مەگرە کە زۆرم خۆشدەوێی و هەڵزناوە بۆ باڵا بوون تا بە ئیشق ڕا گەیشت، گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر ......

١٣ / ٥ / ٢٠١٩

( ٥٨ )

ئەم بەیانییە جوان جوانە لە تۆ دەچێن ڕوون ڕوون وەك نیگای چاوەکانت دەتریفێنێ، ئاونگی سەر پەڕە گوڵ لە پرچە تەڕەکەت دەچێ، ئەم سپێدە لاسایی تۆ دەکاتەوە گەرەکێتی وەك تەنوورەکەت کورت کورت بێ و خەڵکی تامەزرۆی مانەوەی بکەن، ئاااى چەندم خۆش دەوێی کە سروشتیش لاساییت دەکاتەوە ، بە شەقامی چۆڵی ئەندێشەما ڕادەگوزەرێم تا لە خۆتم ئاڵێنی، لەم سروشتەی ئەم بەیانییە شاعیرێکی بێ تۆ دڵشکاوم، ئاوازی بەستەی لەنجەکانتم لێ دەچۆڕێ ، کەسێ لێم تێ ناگات و ناپرسێ کەسێ نازانێ حەسرەتەکانی ناوەوەم بۆ بریقەدارن، بۆ خۆم دەزانم زبڵدانێکی دۆڕاوە، تۆیش نها لە شەختەبەندانی هاوینتا گڕم تێ بەر بدە، دڵم چەپەڵترین ئاشقی سینە و بەرۆکتە، لە مزگەوتی دڵتدا ڕکاتەکانم دابەستووەو دڕندەترین بانگدەری ئیشقم، بۆنی باروتی ماچتم لێ دێ، قەوانی نیگاکانمان کۆ دەکەینەوە، کچێ کاتێتی شەپۆلێکی بارانی بەلێزمەم تێبگری تا وەك تۆ بم ....

١٤ / ٥ / ٢٠١٩

( ٥٩ )

لێوم بە لێوە ئاڵەکانتەوە شین بۆتەوە، هەناسەم گوێ لە ئاه و هەسرەتەکانی ماچت دەگرێ ، ئەم سپێدە نوقم و خەڵتانی بیرەوەری گەڕنەوەی سەفەرەکەمم ئەندیشەمی قۆرخکردووە، شەکەت و ماندووی نێو ستاسیۆنی سەنترالی پایتەختم، نازانم ماچەکانت ورد بکەمەوە یا پرچە تەڕەکەت بە نافوری ڕەنگاوڕەنگی شار، لە خەیاڵدانی ئەم سپێدەم یادەوەرییەکانت دەبنە حەرف و وشە و دەیانخوێنمەوە، لە دیمەنی نێو بوزەکانا وێنە سەرنج ڕاکێشەکانت دەبینم، لە ترامەکان بزاوتە سەرکێشییەکانت بزەم دەدەنێ، لە ترافیکەکانا هەڵوێستەکانت سۆراغ دەکەم گورج و گۆڵییەکانت دەبنە چرای ڕێم، لە شەوی ڕابردووی نێو خەیاڵم نیگاکانت دەبنە هاوڕێم و شەقام شەقام و هوتێل هوتێل لە گەڵمدا پیاسەی کۆبنهاگن دەکەن لە نێو لەرەی مۆبیلەکەیشتەوە دەنکت کزەی سەرمای دوای نیوە شەو دەڕەوێنێ و گەرم گەرم دەمدێنێ، لە گلۆپە بریسکەدارەکانیشا ڕەنگ گوڵی تۆم دەبینی گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر.....

١٥ / ٥ / ٢٠١٩

( ٦٠ )

بەیانیت باش، ببوورە دڵم هێندە تەنگە حەوسەلەی گرتنی پێنوسم نییە، قوڵپی گریان ئەوکی تەنیوم ، ئازار ناخم دەخوا بەرگەی ژانی زویر بوون ناگرێ، نوسینەکانیش چێژی خۆیان لە دەستداوە خۆشەویستیت هێند بەسوێیە ژان دەخاتە جەرگەوە گریانیش ئۆخەی پێ نادا، پەنجەکانم ڕێی حەرفە جوانەکانی کەیفسازیان ون کردووە، هەموو وشە خەماوییەکان تێم ئاڵاون بەرۆکم بەرنادەن، حەرف حەرف دەبنە وشە گەلێ قەتماغەی برین هەڵدەدەنەوە، خوێن دەتکێ ، نها لە دووجاری غوربەت سازیدا دەخولێمەوە، هەموو ئەو ئیشق و ئەوینە کەچی وەك غەوارەیەك دەردەکەوین، ژینم لێ بۆتە بارگرانییەك نازانم چۆن لە کۆڵی بکەمەوەو بۆ هەتا هەتاییە ئاسوودەیی بە جەستەم بدەم و گڵ تێم بەر بێ هێدی هێدی بە کاوەخۆ تێکەڵ بە خۆیم بکاتەوە و بمرزێنێ، کە دەڵێن مەرگ مۆتەکەیە نا پێمخۆشە دەست لەملم بکا و ببینە هاوڕێی یەك و پێکەوە سێباز و هۆ شوان بکەین، تەمەن و مانەوە بێ تۆ هیچ بەهایەکی نییە، نزای خێرم بۆ بکە گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر....

١٧ / ٥ / ٢٠١٩

( ٦١ )

لەشکری ویستم ئەم سپێدە وڵاتی تۆ دەکاتە مشتێك و بە نێو دڵما دەیچنێ و جێی ئەبەدیەتی بۆ چێ دەکا، خڕۆکە سوورەکان دەبنە پاسەوان و خەندەی منالێت بۆ دەگەڕێننەوە، ڕستەکانی ئەم ئەوینەمان لە شادەمارەکانەوە هەڵدەقوڵێ و ڕێگەی گرتووە و تەوژم دەدا و. ( هیدرۆلیك ) ی بەربەستیش ڕێی تەوژم و شەپۆلی خوێنمی پێ ناگیرێ ، ئەو لرفەم ئیشقەم هێندە بە خوورِ و سەر شێتە روباری . یانگتس .ی ناگاتێ، بشێ موسایەکی دی زیندوو بێتەوە و بە دار عەساکەی بکەوێتە ڕاگرتن و شەق کردنی ڕوبارێکی تر ، نا ئەزیزم ئەویش دەبێ خەون بە ڕاگرتنی شەپۆلەکانی دڵمەوە ببینێ، کچێ تۆ لە کام ئافاتی مەیل و ئارەزووەوە هەڵقوڵاویتو گۆچانەکەت هورد و خاشکرد، ئیشقێ خوێنی لە بەر بچۆڕێ مەگەر مەیلت هەتوانی بێ، ڕوباری بە شاتاوڵی خوێنین دڵم بۆ گوڵێکە لە گوڵ گوڵترە...

٢٠ / ٥ / ٢٠١٩



( ٦٢ )

بەیانیت پاك وەك من كە هەموو سپێدەیەك بە بەرائەتەوە تەهلیلە و تەسبیحاتی نزاكانم لوول دەدەم و لە ڕۆژی قیامەتی باڵات دەگەڕێنم، با بەس سۆراغی دابڕان بكەین، نیگاكانمان وەڕس بوون لە چاوچاوێنی زەردەپەڕی تەمەن، بە ئەو كەشتییە سەر شێتە بڵێ با لە كەناری ئەدرەسەكەما لەنگەر بگرێ، ماڵەكەم شێتخانە و خومخانە و نەخۆشخانەی ئەویندارانە یاخی و تەنها لێرە دەگیرسێمەوە، سەرێك بە پەرستگای ئەم خەڵوەتی تۆ پەرستیەم بكە، لە بن گومەتی سینەتا هەردوو دەستم ئەستوندگی گێلاسە ترشەكانن، سەرێك بە ئاتەشگای بێ ئارامیما بنێ بزانە چۆن بسك و پرچت لێم ئاڵاون و سورەتی ئیشقم پێ لە بەر دەكەن، نیگایەك بە كولیتەی پڕ گەڵاما بخشێنە چۆن لە میحرابی برۆتا كڕنوشم بردووە و ڕكاتی هەشتەم دەكەم، دەوەرە و خۆت بە فرانكفۆرتا بكە با لە گەڵ ماین ئێمەیش تەڕ بینەوە بە دەسنوێژی ماچەوە سەفەرمان بكەین لە گوڵ گوڵتر.

٢١ / ٥ / ٢٠١٩

ماین : رووبارێكە لە ئەڵمانیا.

( ٦٣ )

دەزانم نە گوێت لە ناڵە حەسرەتمە نە نامەی ئەوڕۆم دەبینی، چوارشەممە ڕەشەی من کۆتەڵبارانمە بۆ غیابی تۆ، لە نرکەی پەنهانی ئەم سبەینانە دڵم دەبێتە کۆڵانە تەنگەبەرەکە و ئیدی ڕێی تارمایی نامێنێ بە تەنیشتما ڕێ بکا، ئەم بەیانییە وەك ئەم ڕۆژەی هەموو هەفتەیەك چاو لە ڕێ نابم، هێند دڵت بریندار کردووم هەتوانێ شك نابەم سارێژی بکاتەوە، نها حاڵی و وەئاگا هاتمەوە، هەر تامەزرۆی ماچێکی ژەم سبەینانی لێوەکانتم، لێ گوتمان ئەم بەیانیە نە کەنار دەریا هەیە و نە ژووری چرا سووری ڕۆمانسیەت، دەبێ هەر لە سەر جێ ساجی نانکردن هەڵپەڕم تا بە ئاگا بێیتەوە منیش هەم و سەربانم لێ نەگرتووی، خۆ من کوڕە هەرزەکانی گوندی وڵاتی خۆمان نیم سەرە ڕێی کانیت لێ بگرم، لەو پایتەختی بەفر گرتووەی و خۆری تیا دەبارێ مەگەر هەر سەرە ڕێی تریك و بوزت لێبگرم، ئاخر من چ گوناهێکم کردووە لە چوارشەممە سوورانم دەکەی، بەیانیت گوڵ گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر.

٢٢ / ٥ / ٢٠١٩

( ٦٤ )

بەیانیت باش و جوان خانمە هەمیشە خانمەکەم، بەیانی خەم بە حرفەکانم بسڕەوە، چرای ژوورەکەم بە با ڕۆشن دەبێتەوە و ترپەی دڵم بە مەیلی تۆ گەرم و گوڕتر دەبیٚ، گوڵا بە هەناسەم دەژی سووری خوێنم بە بزە و خەندەی تۆ، مەستبوونم بە بادەی پێکی تۆ، بمبورە خانمە شیرینەکەم کە جارجار ئەزیەتی دڵتم دابیٚ یا قەڵەمەکەم لاساری کرد بیٚ و سنووری خۆی بەزاندبیٚ ، ئیدی هەستەکانم لە ئاستت دەمرێنم وەلیٚ لە تەك مەیل و حەزەکانت یەك ناگرنەوە، بمبورە نەمزانی زۆرم ئەزیەت داوی پێیەوە، گەرچی لە شەوێوە ئاگریٚ ناخم دەکاتە ڕەژوو، لیٚ خۆشەویستیم بیٚ سنوورە هێندەی دڵۆپی هەموو زەریا و دەریا و ڕووبار و چۆم و زنەیەکی گۆی زەوییە قەت وشك نابیٚ، خۆشەویستیم بە بارتەقای هەموو چینەکانی ئاسمانە بە با و شنە و ئەستێرە و هەسارەیەوە، خۆشەویستیم ملیۆنان جار بە قەد دووری مەودای نێوانمانە ، با ماچێکی دەم سپێدە چریکەی ئیشقمان بە گوڕتر بکاتەوە، گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر.

٢٣ / ٥ / ٢٠١٩

( ٦٥ )

بەیانیت پڕ لە شەبەقی ڕۆشنایی.... ئەم بەیانیەت ئاهەنگێڕانی ماچمان بێ، شیرینبارانی ساتەکانی تەمەن بێ، چارەکە سەدەیەکە لێوەکانم تەحریمی نوقڵ و نەباتن با لە لەبی هەنگوینیت تەواو پاراوی بکەم، بە گیانم بە سەر لێوتا بتوێتەوە بە سەر شقلی سەر سینەتا دابچۆڕێ لە بەری جوتێ بەی تێرتێر نوقمی شیرینی خۆتم بکە، بیست و پێنج ساڵە ڕۆژووگری شیرینیم نها بە دڵۆپ دڵۆپی هەنگوینیت لەشم دەبزوێ و جوڵەی تێدەکەوێ و چوست و چالاکم دەکەیتەوە، دەمێك بوو دەترسام ئەو دەردە شەکرەیەم لێ بئاڵێ، دەبا ئەو شیلەیەت ماکی مێشی خاڵت بێ بە بارتەقای هێرشی جەنگێکی خوێناوی تۆفانێك بێ و تێم بئاڵێ، تا ئەو دەمەی فرمێسکم دەبێتە شیلە و کوڵمەکانت جەنجال دەکا، دەست بەرداری خوێنی دڵم بووم پێی لێ بنێ بە شەککەری لێو بەباریت جەستەم ئالوودەی مەی بکە با ڕۆشنایی ڕۆژ هارمۆنیەتی ئیشقمان بژەنێ گوڵەکەم.

٢٤ / ٥ / ٢٠١٩

( ٦٦ )

بەیانیت وەك گوڵە بەیبون و ناخت جوان ، بەیانیت شیرین و هەنار ڕەنگ، هێشتان لە تەزیووی زمستان خاو نەبووینەتەوە سەوزایی دۆراندۆرمان خۆیمان بە سەردا بادەدا، سەما و لەنجەکانی ناز و فەنتازیانواندنی خۆ دەکا، ئەزیش لە نێو ئەو گەڵا و درەختە درەنگ وەختەی بەهارییا پەنجە تووتەم دەستی لە ملی قامکە تووتەت نەکردووە، لە تەنگەی هورمزی ماڵەکەمدا کەشتیگەلی تیرهەڵگری برژانگەکانت ئاراستە کردووم، شەماڵ پرچت بە سەر سۆمای نیگاکانم دەفڕێنێ و بۆمبەکانت دڵم شەکەت و ماندوو دەکا، تەواوی بەرهەمەکانی هەناردەی ئیشق لەم تەنگەوە تێناپەڕن و ڕاگیراون، تۆ ئەو تیشکەی لە هەڵاتنەوە ناو ماڵی جەستەم ڕۆشن دەکەیەوە و ئەو گەمارۆ سەختەی سەر ئیشق لا دەبەی، بازاڕی دڵم تەنها قەد و قامەت و دڵی تۆی دەوێ، ئێواران چراتۆڕێکم لەو دیو مینای پەنجەرەکەمەوە جێ دێڵی و ڕۆحت دەکەیە تەرزەی یادەوەرییەکانمان، هاکە لە مەجمەری کولیتەی ئیشقتا بوویمە ڕەژوو.....

٢٠١٩ / ٥ / ٢٧

( ٦٧ )

بەیانیت پڕ بریسکە و تیشکی خۆر و شەونم، بەیانییەکە سی و چوار جاران زەنگی مۆبیلەکەم دامدەخورپێنێ ، هەر زەنگێکیش حەوت ترپەی دڵم لە حەوزی ئاوە ڕوون و مەنگەکانی بناری سەفین مەلە دەکا، ئەم بەیانییە دیمەنێکی ناوازەیە لە شەققەی باڵی فریشتە دەچێ، لە شەوێکی بە هەشتی هاوێر بووم و حۆرییەژنێك دەسلەملانێی دوای دابڕانم بوو، شۆخەژنێکی جەمسەری باکوور لە ئەسکیمۆ دەچێ، تەدارەك و شەدە بەستوو، ژووانێ هەر هەمووی بۆنی میسك و عەنبەر دەدا، گوڵپرژێن و شانێلباران، خۆشتر و بۆندارتر لە ساتە نائاگاییەکان و توانەوە، شڵەقانی دونیای کپ و خامۆشی بوو، لە سزای ماچەکانی ئەو نائاگاییە تووڕ دراوی بووین و هەر لە سەر بنجی خۆمان ڕووابنەوە، لە سێبەری باغی ئیرەم تەحریمیانکردین، ئیدی ئەو حورییە ژنە بەر لە من تەرحیلی قەسری گرتییەوە، ئەوێشیان لێ کردینە کەرکووك ، ئۆخەی کە هاتمەوە و پێت ئاشنا بوویمەوە لە گوڵ گوڵتر ....

٢٦ / ٥ / ٢٠١٩



( ٦٨ )

بەیانیت وەك نافورە پڕ قەڵبەزەکانی هەولێر جوان، ئەم بەیانییە دڵم پەیوەستی زەنگێ بووە، هەموو سەرە کاتژمێرێ وەڕسبوونم لە خۆ جاڕدەدا، زەنگێ نوقمی ئافاتی خەمم دەکا ڕووەو مەرگ ڕاپێچم دەکا، بیرکردنەوەکانم لە بەهەشتی خۆشەویستی مەڵاس دەدرێ لە تەنهاییدا دەیاننوسمەوە ، زەنگێکی پچڕپچڕ خاو خاو و لە سەرە خۆ دووری تۆ و هێماکانی دابڕان لێ دەدا، تۆ دەبیە وەهم و لە خەیاڵدانی پوچما دەبییە ڕابردوو ، ڕابردوویەك پڕ لە شیرینیی ڕابردوویەك ناسڕێتەوە و ڕۆژگارەکانی بە جوانی لە هزردا بیر دەکرێنەوە، هەموو ئەوانە دەبنە تاڵی و ناخم زێوار زێوار دەکەن، لە ساتەوەختی پێچانەوەی توێشەبەرەی سەفەرم بەرەو مەنزلێ کە تەنها دڵم لەوێ واڵا دەبێ هەنگاوەکانم دەکرۆژم با چیدی نەمخۆن و بیری سەنتراڵ نەکەنەوە، تۆ هەر دەبییەوە ئەو زەنگە گورج و گۆڵەی بەر دییەکانم بەر نادەی، ترپەی دڵیش بە جۆش و خرۆشتر دەجەنگی بۆ لە بیرکردنی ڕابردوو، لێ تازە تازە لێم دەبییە

ساوایەکی هاوێر بووی نووکە، جاڕدانی پێکگەیشتنمان هەر نەدرا داڕان ئیشق دەکا بە خەمۆکی، لە خەڵوەتی تۆ پەرستیدا زەنگی دڵم دەبێتە چەند پارچە ملوانکەیەکی ڕەش و سەراپا باڵاپۆشم دەکا، زەنگیٚ بۆ کڕنوش و زەنگێکیش بۆ ماچەکانی لێوەکانمان، لە ئێستا وە من و دڵم و زەنگ بووینە سیٚ هاوڕێی هەتا هەتایی و ئەبەدییەتی ئیشقیٚ کە ئیتر نایەتەوە هەرگیز ....

٢٩ / ٥ /٢٠١٩

( ٦٩ )

باوەشی ئەم بەیانییە پڕە لە سۆز و ئەوین، نها دڵنیا بووم لە هەناو و دڵتا دەژیم، مێشکم پڕن لە تۆ لە بۆن و ڕەنگ و دەنگی تۆ، لە کوێوە بە سمکۆ بڵێم من ئەگەرچی قەڵەمەکەم هیشك نابێ زاخاوم خاڵی نابێتەوە لێ کەشتی زەمەن دەڕوا و وەستانی نییە تا ژیان نوزەی ڕۆشنایی هەبێ ئەو نامانە هەر دەبن، هەناسەی خۆ دەدەن، دەنگەکان زۆرن و خۆ لە نامەکان دەبیننەوە، چۆن دەتوانم و کۆڵنەدەم بیگەیەنمە هاوژینی ئیشقی بێ یەکگەیشتن بەردەوامی مەم و زینی وڵاتی منە نامانەوێ چیرۆکێکی دی ئەفسانە بین، ئەگەر ئیشقم بێ بۆنی تۆ بێ ژینم دەوەستێ، لەرەی دەنگت مۆزیکێکی هێمن و ئارام سێبووری دەبەخشێ، دەمویست تا شەبەق بە دیار وشەکانتەوە ئیشکگر بم ، ئەم جاردانە کەسانێ درکی کردووە ، کە بڵێ دەستم لێ شۆردی و خۆ لە پێخەف لوول دەم، بۆ ناسکی دەنگت درۆکانم باڵیان گرت و بە باڵای ئەو ڕێ دوورەی مۆبیلەکەی تەنیوم بکەومە جاڕدان، بشێ ئەو ڕۆژە بێت و چیدی نامەکانم بۆ نادیار نەڕوا، ئەو دەم زێتر لە

نێو دێری وشەکانم دەتوێمەوە و بانگی هاوژینی جاڕدەدەم با خەڵکیش هەر بڵێن مەیگەیەنە هاوژینی، ئیدی تۆیش حاڵی بە ئیشقم بە کوێ ڕا گەیشتووە و لە کوێ لەنگەری خستووە ............. گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر.

٣٠ /٥ / ٢٠١٩

(٧٠)

سەیوانێ بە سەر لاشەی ساردەوە بووی بێ تۆییما هەڵبدە، تا کەساس و داماو و مەلوول  لە بن گەڵا شیوەنا چەپك چەپك ئەشکم بۆ بهوننەوە، ئەرخەوانێك یاساوڵی گەڵارێزانی دڵبەندیم بێ ، هاموشۆیانی یارانی دەم سپێدە باوەشێنی قسەلۆکەی دەستە خوشکی نامرادی بە گوێما بەن، تا ئەو ساتەی هەسارەی رۆژە لە ئامبازی ئامێزا ئازاد و بێ ئازار بێ .

بە سەر قەدی چناریما بچەمێوە هێشتان لە بەرایی فەریکەیی ئەوینام نا حاڵی و بێ ئاگای  دونیای دڵی سەوداییتم، هێندە وەئاگام چەلکینن بە رووحی تولە ڕێی دەرگائاوەڵای دوێنێی کلۆمدراوم ، نها بە بەر سێبەری وێنەتا زولف و رووخسار ماجەرای جاڕدانی بەیانم بدا، پۆپەشمینە ئاوییەکەت لە سەر پرچت وەلادە، با کۆتری قومری ئاسا باڵە شینەکان لە هەناوی چاوا بخزێن بۆ ئەوەی بە سەر شەربەتی رەشیما بباریێنی، جوانی سیمات ئەی دولبەرە دڵبەرەکەم ...

(٧١)

لە بن سێبەری دارێکی رووت رووت هەڵکوڕماو، لە خەیاڵدانیدا ئەفسوس خەم هەناوی دەخوا، گێنگڵی دەدا، لە کوێی دەرگای ئەو هەستانەوە هەڵدەکڕووزێی، کە ئەوت کردە هاودەمی ئازارەکانت مەیلەکانت بۆی نەدەبزوا؟ ئەو هەناوی سەراپا لە ئاگردانی کولیتەیەکی قوڕاوی گوندێکی دوور دەست دەچوو، نێڵەی گڕی مەجمەرەکە لە زمستانێکی شەختە و دەست و پەنجە تەزیو و ڕچیودا دۆراندۆرەکەی پڕ ئۆخەی دەکردن، وەك شەمەندەفەرەکانی مێژوویش چڕە دووکەڵی سەربانێژە داخراوەکە قەف قەف سپی سپی لە تەك هەورا ئاوێزان دەبوون، ئەوە ئاه و نزولەی دڵە هەڵقرچاوەکەیەتی ئاگر و ئاو باوەش بە یەك دەکەن و دەبنە ئازیز.

شەو گوناهی نییە تاریك دادێ، ئەو راپێچکراوی دەستی زۆرەملێی دیکتاتۆرێکە هێشتا لە کەڤ هەڵچوونی برین تێنەگەیشتووە، بە گریان بڵێن چیدی لە گەڵ شەوی تاوانبار ژوان نەبەستێ ، چونکی ئازارەکانیش لە هەناوی شەوەوە هاوێر دەبن،

ئەویش بەرگەی ئەو مۆتەکەی حەسرەت و کەسەرییە ناگریٚ، شەو هێندە ڕەشە کڕنوش بۆ بەردەرگای جریوەی ئەستێرەیەك دەبا عەودالّی سوکنایی کۆلآنە سەرشێتەکانی شینگێڕییە.

(٧٢)

شەو لە مرۆڤێکی نابووتی رەزا قورس و وەڕس و بێزارکەری سیرەگڕی رۆح دەچێ، تروسکایی و نوزەی رۆشنایی بەدیل دەگرێ ودڵە داخورپاوەکان زێتر دادەچڵەکێنێ، ناهێڵێ ئۆخەی لە بەر خرمژنی میلۆدییەکی سەماو رۆمانتیکییەوە بکا، ئەوە کۆچە و بە دووی رۆحەوە ئاشنابووە، گەرەکییەتی رەدووی کەوێ لە تەك باڵندە نابیناکان لە تاریکستانی ئاسمانی غوربەتا شەقشەقەی باڵی بێ، ئەو باڵشکاوی هەناسەی ترێیە چەوا لە ئاسمانی شلوێدا ئاوازی بۆ دەچڕێ، هەناسەکانی هەناری لێ قۆرخکراوە، بە باریکترین تالە مووی سۆزی روناهی دەگەڕێتەوە بۆ بن بەفر و بە پەنجە تەزیوەکانی بۆڵە ترێ لە باخەوان دەڕفێنێ و لە بری شەو دەبێتە تاوانبار، پرچی بەیانی لەرۆخی ساراستانی دارئەرخەوانە ئیدی چۆن سەیوان بۆ گریانەکانی هەڵنادا، مەحاڵە خەزان بە خەزان ناسپێرێ دوورە پەرێز نابێ، ئەوە جەللادی هەناسەی ترێیە زێتر لە نێو خەزانی نوقم دەکا، ئەوە دەست و پەنجە بە زنجیر و یەخسیرکراوەکەیە شەوی لە ئاوێزان کردووە و بە شەرابی مێوژێك نامۆ و دوورە تەریقەتە.

(٧٣)

شوێنکەوتەی ئەو خەڵوەتەیە تا لە دەرگای ڕۆژی سووری دیرۆك بدا، ئاااه حیلەی ئەسپەشێکەی سەرمەست و کاسەوڕ و گێژاوی نێو گێژەلوکەیە، بۆ خۆیشی نازانی لە کام کلاورۆژنەی ڕۆحییەوە بۆ دڵێك غلۆر بۆتەوە جگە لە کەسەرباری چیدی تیا جێ نەبۆتەوە، لە سێبەری دوێنێ ئاوەز پشووی حەوانەوەی وەرگرتبووله پڕ شمشێری هەورەچەخماخەی چڵکنی شەو نرکە و ناڵەی خۆی هەلزنان بە ڕۆحێکی نوستوو و شەقار شەقاری گاگۆڵکێی ئاوبەربووی هەناری تازە ڕۆنیشتووی دڵ، ئەمشەو لە کوێی غەریبیت دەکا لە کام یاداشتی نوێبوونەوەی خۆیا تۆمارت بکا لە کام شینگێرەوە قورتارت بکا و لە ساتەوەختی حەساری عەقلا قوڵبەستی قوڵفبەندی گرێبەستێکت بکا، لە دێوجامەی نەبوونی مرۆ بوونا ئازادی و ڕەهایی خود لە گەردن بنێی، هێشتا خۆرئاوا نەببوو لە دێوجامەی ئەسرینەکانت ئاخنیم، ئاخر چۆن شەوی لێ بروا ..........



( ٧٤ )

لە تەك متبوونی هەوری سپیدا، یا لە گەڵ سەمای نمەباران، بشێ بە هاودەمی لەنجەی بەفر گەڵا ماچەکانت سپارد بێ، ورێنەکانم ساغکەوە، با ئۆغری ئەملاولا نەبن و نەتارێن و کێواوکێو نەڕۆن، تا رووتبوونەوەم بە گەڵا سەوزەکانی لێوەتەڕەکانتەوە لە سەفەری یەکێکیاندا بێت، چما سبەی بە شەونمی شنەی روحت تەڕتەڕی ناکەی، ئاوازی گریانەکانی پارساڵی وەك ئەورۆم بە بزە و خەندە سیحراوییەکانتەوە بلکێنم، چراتۆرێ بۆ ڕەشبەڵەکی جەژنی ئەوینمان هەڵبکەین.

تۆ لە کام ئەستێرەی خواوەندەوە غلۆری نێو تەمەن بووی ، لە کام باڵە فرەی ئاسمانەوە لە سەر تەختی فڕگەخانەی سینەما نیشتیتەوە، لە سەر باڵی کام باڵندەی نامۆوە ختوکەدانی هەستەکانت پەی پێبرد، لە کام ئۆقیانووسی دوور دوورەوە بنەوبارگەت بۆ ناو پەڕەی دەفتەری سەفەری بێ ناونیشان پێچایەوە و تیای ڕاکشای، لە کام رووباری تەنگەبەرەوە بەرەو دەریای چاوەنواڕی ملی رێت نا، لە کام زنەوە هەڵقوڵاوی و شانامەی فیردەوسی دەنوسیتەوە، لە کام دارستانەوە لق و پۆپەکانت رووت رووت کردەوە و پاییزت بە ئاودامانی رووح ئاشنا دەکەیت و بەهار بە چاوەکان شاگەشکە دەبن .

(٧٥)

وا سبەی حەرەفەکانی تەمەن دەنووسرێتەوە، تۆ هێشتان جەللادەکانی روحت لا قێزەونترین گیانلەبەرن، مشتێ خۆڵی متبوونی هەڵچووەکانی ڕۆژگارە تاڵەکانم بە سەردا کردی ، متبوونی شکۆفەیی و تریفەیی چاوەکانت لەو دیو برژانگەکانتەوە بە دەرکەوتن ، ئەشکەکانی دوێنێ لە بوخچە شڕاوییەکان دەنێی و بریسکەی گۆرانییەکانیش بۆ سبەی دەڕازێنیتەوە، ئەو ئەستێرە بچوك و پر تیشکە بووی لە گەڵ کەوتنی گەلاوێژ لە ئامێزا خۆت گرتەوە، سەرنجەکان نوقمی وشە ڕەنگاڵییە پەلکە زێرینەییە شاراوەکانی ناخت بوون، هەر لە دوور ڕا ئیشق ئاوەزی ماچکرد تا کڕنووش لە بەر پێیەکانتا بەرێ، ناخی پڕ هەسرەت و سەرکێش و گرینۆك بۆ باڵا و جوانی و بسکی شاراوی بن پاڵتۆ ئەستوورەکەی وڵاتی بەفر خرمژنێ بوون، ئارام و هێمن و ئاسوودە دەبوو گوێ لە گریانەکانی ڕادێری، ناڵێن گریانی پیاو پڕ واتایە ، دەبێ ئیشقت چ گێژەڵوکەیەك بێ وا هەراسانی کردووە، تا ئەو دەمەی بۆ هیچ ژنێ فرمێسکی نەچۆڕاوە ، ئاشقی هیچ

ژنێکی سەرەڕۆ و سەرشێت نەبووە، وا ناخ جێی ئەو ژنانەی گرتۆتەوە بە سەر پەنجە پێی رووحتا دادەچەمێ و غوباری رابردووی ڕادەماڵێ، بە تەنها بەفر ناتوانێ نیشتیمان پاك بكاتەوە، خەندەكانی من و تۆ ، قریوەی من و تۆ ، تەنانەت ماچەكانیشمان گەرچی ژووریٍ رۆشن دەكاتەوە وەلێ نیشتیمانێك لە بوغز و كینە پاك دەكاتەوە، نیشتیمانێك فێری راستگۆیی، نیشتیمانێك ئاشقی تەمەن و ئەویندارى كاروانێك دەكا .......

١٣ / ٢ / ٢٠١٩

( ٧٦ )

نازانم له کوێی جوانی چەپکێ گوڵە نێرگزێکەوە بۆنی چریکەکانی ئەوین بە سەر باڵی پەروانەیەك بەر لە سووتانی بۆ کەناری سەمای ئەو گوڵە وەریوە بنێرم کە سەراپا شارێیەکانی بە غوباری زەردی جەستە مردووەکانی گەڵا تەنراون، لەوێوە دڵێکی هەمیشە هۆگر و ئولفەت بە جوانی روخسارت هەڵزناو، لە مەرکانەیەکی سەرشانی ڕێ زنەی نیشتیمانی کڕبوە دەچێ، تا بە ئاقاری رووبارەکانی پەڵە هەورا وەك شۆڕەبییەك بە کراسی دڵتا هەڵواسراوە لە باخچە جوان و پڕ نهێنییەکانی دڵم نەبێ لە هیچ شتێکی دی ناچێ.

تۆیش لە سەرە ڕێی شەقامتا پێ بە دڵما بنێ با لەو گۆزە بچێ کە ئەمجارە لە کانی بە ساغی نایەتەوە، ئەو دەمانە لاشەی ئەوین پێکەوە لە دارێکی تابووتی دەنێین و بە سەر شانمانەوە غلۆری دوا ئارامگای دەکەین وەك خۆمان دەیکەینەوە بە خۆڵ.

( ٧٧ )

تۆ لە کوێوە بووشی زەنگی ئەو هەستەت پەی پێ برد و قامکە هەمیشە پڕ هەنگوینییەکەی دۆشاومژەت پێوە لکان و تا نووزەی دوا دابڕانی نەزانی پەنجەت هەڵنەبڕی و خۆت بە دەستی مەیلەکانمەوە نەدا و کۆڵت نەدا، ئەو دەمانەی دەرگای ئەوینی دڵم کرایەوە، ئیتر حەزرەتی ئیشق جاویدانی خۆی دەنووسییەوە، تۆیش نەخوێنەوار و نابینایەکی دەروازەکەی رابوونی ئەو کۆستەی بووی و بەرۆکمی دەگرت و داخورپەکانی بە قەد باڵای دارخورمایا هەڵدەگژا تا نزاکانی بە خوا بگەیەنێ.

بەزەییەکان ئولفەتیان لە گەڵ دابڕان گرتووە، ئەو دابڕانەی ڕێی لە بۆن و بەرامەی ماچەکانی بەرایی بەر دەرگای باڵات دەگرێ و مەست مەستی چاوەکانت بووە، دەیزانی خانمی سەروبەستی کوردەواری وا بە سانایی نابیتە قۆڵبەند و بازوبەندێکی ترازاو دەبێ، فوو لەو چراتۆڕە دەکا کە رۆحی بەر تەدارەکی ساتە شیرینییەکانی دەبێ، تاڵان بە ماڵم کە هێشتا زمانی ئەوین گڕوگاڵی نەکردووەو بە وەیشوومەی غەدری دەزانی،

بە ئافاتی خیانەتیٚ وەك گوارەیەك قولْفگیری هەلتەكیٚنیٚ و ئیدی جوانی ئەتك بكا، رۆحم بە سەر باڵی پەروانەیەكدا لە دەم روناهی و گەرمی و پڕ گڕەكەی چرای ئیشق بسوتیٚم و ئەو دیو رەژوو بگرم، لە خوا بپرسە ژانەكانم چەن بە سوێن.

بشیٚ بە هەق ئەو بارانە بیت لوتفەكانت لە زیندانی مكووڕ بوونتا یاخی بیٚت و بە سەر جەستەی گڕاویما بباریٚ و نەمگەیەنیتە سوتوو بوون، با ببمە هەتوانی پڕپۆڵەیەك بۆ قەتماغەی زامەكانت نەبا ئازارت پیٚ بگا دەسا توووخوا لیٚمگەڕیٚ با بسووتیٚم، بیرم بكەو سا بفڕە و لە ئامیٚزی ئاوەڵاما بنوو، بنوو با ئەوین جیٚمان بۆ راخا و ئیشقیش باوەشیٚنمان بكا.


GAFFAR 2019

( ٧٨ )

ئەم بەیانییە هەور سەمات بۆ دەکا، درەخت و لك و پۆپەکان پرچی خۆیانت بۆ دادێنن، با ئاوازێکی نەرم نەرم دەچڕێ، شەو کڕنوشتەواو بوونی خۆی دەبا، خۆر بەر دەرگای خۆشەویستیمان ماچ دەکا..

شیرینەکەم ...... بەیانییەکە نوسینەکان تك تك ئەشکی لێ دەچۆڕێ، ئەمە دوایین نامەی ئاشقانەی نێو کتێبە خنجیلانەکەتە، لاپەڕەکانی ناوی تۆیان لە کۆڵناوە و بە سەرپشتی هزرما هەنگاو دەنێ و ڕێ دەبڕێ، لە بیرەوەرییەکانی چرکە بە چرکەی نامەکان تۆ بووی بە ئەو گوڵە نێرگزە جاڕەی هەمیشە بەهارت دادەهێنا، ئیدی نامەکان تەنها لە سیرەی چاوەکانت دەبن و ناترازێن، ئەوا وشەکان سەر لە نوێ لە ناخەوە بەرەو بەر دیدی سۆما تاو دەدەن، ئەوینێکت باراندووە کوژانەوەی مەحاڵە، سەفەرێکە و هەمیشە بەڕێوەم ئەگەر بۆ جەمسەری تەواو ئەوسەری باکووریش بێ ڕۆشنایی سۆمام بە باڵای تۆوە گرێ دراوە، ئیدی هەموو سپێدانێ نامەکانم لە تەك تیشکیخۆر و شنە و کزە بای سارد و

کرێوه و له سەر پەڕە زەردەکانی گەڵا پێت دەگەن، ژیانێکی نوێت نوسییەوە بە ئاوا بوونی تۆ ژینم تەواو دەبێ ئەو نوسینە هەر دەگەن و مەحاڵە مەرەکەبی قەڵەمەکەم هیشك بکا، ئەوە ئیشقێکە سات دواس سات کڵپە دەسێنێ....

لەمەو دوا بەر لەوەی تۆ نامەکان ببینی بە تەڕبوونی ماچەوە ئۆغریان پێدەکەم ئەو دەمانەیش لە بەر دیدی تۆ لە سەر کوڵمەکانت ڕادەکشێن و بیری ئەم ڕۆژانە دەکەنەوە، دەرگای واڵ و سایت و ڕۆژنامەکان نابینن، تەنها دەخزێنە ئامێزتەوە گەرمیان دابێنە با بێکەسیان پێوە نەلکێ وەك من و تۆ تەپەتۆزی غوربەتیان لێ نەنیشێ ، ئەوانە حەسرەت و کەفوکوڵی شەونخونیمن، ئەوانە زەردەپەڕی پاییزمن، ئەوانە هەناسەی ئیشقمن، وەك تەرزە دەبارێن و لێوە سڕ و لەرز و جوانە ڕتوشکراوەکانت ماچ دەکەن، وشەگەلێکن بە منیشەوە خۆشیان دەوێی لێت دانابڕێن، تۆ هەر ئەو گوڵەی کە دڵێم لە وێنەت نییە، هیچ شۆخە ژنێك بە جوانی و سەلاری و ناخی پاك و گەورەیی تۆ ناگەن نا.........

ئیدی لە نێو نزاکانما بنوو خوا دەتپارێزێ

٣١ / ٥ / ٢٠١٩

# سوپاسگوزاری

ڕەنگبێ سوپاس ئەو هێز و توانایەی نەبێ و نەتوانێ لە قامەتی ماندوو بوونی ئەو بەڕێزانە سەر نەوی بکا و کڕنوشی ڕوح بۆ پەنجە ڕەنگینەکانیان ببا، بۆیە قەرداری ماندووبوونیان کردم، جگە لەوەی تەواوی خۆشەویستی خۆمیان پێ ڕابگەیەنم، لەو قەرداریی‌یەیش گەردنم ئازاد بکەن......

- برای بەڕێز کاك گرفتار کاکەیی کە مۆنتێڤ و نەخشەی بەرگی پێشەوەی کێشاوە.
- مامۆستا ئەبوبەکر شوان زەحمەتی بە خوێندنەوەی دەقەکانەوە بینی و پێشەکییەکەی لە ئەستۆی خۆ گرت و هەڵەبڕێکی وردی بۆ دەقەکان کردووە.

## نوسەر لە چەند دێرێك..

_ ناوی تەواو : سەردار ڕەزا قادر ئەحمەد دەشتی.

_ بەرە بەیانی ٢٢ / ١٢ / ١٩٥٧ لە گەڕەکی زێویەی شاری کەرکووك لەخێزانێکی نەتەوەپەروەر هاتۆتە ئامێزی نیشتیمانەوە.

_ لەکورپێژگەییەوە خولیای خوێندنەوەیەو لەگەنجییەوە دەنوسێ.

_ ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

_ ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کوردە .

_ ئەندامی یەکێتی نوسەران و ئەدیبانی ئێراقە .

_ لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە کوردی و عارەبییەکانی کوردستان و ئێراق و ولاتانی عارەبی بابەتەکانی بلاوکردۆتەوە.

_ ئەندامی دەستەی نوسەران و سەرنوسەرو سەرپەرشتیاری گشتی و جێگری بەڕێوەبەری ڕادیۆو بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن بووە.

_ لەم دەزگایانەی گۆڤار و ڕۆژنامە و کەناڵی میدیایی کاری کردووە....

– رادیۆی دەنگی کوردستان لەهەڵەبجە، بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی کوردستان لە هەڵەبجە، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ڕۆژنامەی پاڵە، گۆڤاری ڕۆژی زانکۆ، تەلەفزیۆنی زاگرۆس لە کەرکووك، گۆڤاری ڕۆژی کەرکووك.

_ وەك جێگری سکرتێری لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە خولی دووەم کاری کردووە.

_ هەشت کتێبی بە چاپ گەیشتووە و ئەمە نۆیەمین کتێبی نوسەرە.

_ ڕۆڵی لە دامەزراندنی چەندین سەنتەر و ڕێکخراوی ڕۆشنبیری بینیوە .

_ هەشت کتێبی دیکەی ئامادەی چاپە.